# ملوانکەی ستیل



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

ناوی کتێب: ملوانکەی ستیل - کۆمەڵە چیرۆک
نووسینی: محەمەد فەریق حەسەن
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٢٩
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب - دلاوەر صادق ئەمین
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
نووسینی سەر بەرگ: محەمەد زادە
پیت لێدان: نسار عەبدوڵڵا
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم: هەولێر- ٢٠٠٣
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر
ژمارە ٣٩٩ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ



## کۆمەڵە چیرۆک

# ملوانکەی ستیل

محەمەد فەریق حەسەن

# ئەدیداس

کە من گەیشتمە ئاستی، ئەو لەسەر پیادەڕەوەکە، بەدیار (سوپەر)ەکەیەوە وەستابوو. سێ حیمایە دوور و نزیک ئەو دەوروبەرەیان خستبووە ژێر چاودێرییەوە. ناسیمەوە. لەبەردەمیدا وەستام. ئەو ڕۆژەی ئەو ساڵەم هاتەوە یاد کە بە (سەفین)دا سەردەکەوتین. وەک سەری کوێرەمار، پەنجەکەڵەی لە پاتە لاستیکەکەیەوە سەری دەرهێنابوو. تاکەکەی دیکەیشی لە پاژنەوە هەڵتلیشابوو. ڕەش داگیرساو هەنیەی تەڕی ئارەقە. پرزە لێ براو. شان داچەکاو. کە گەیشتینەوە بنکەکەمان، ئەو جووتە کالە (ئەدیداس)ەی، بەدیاری بۆم هاتبوو، پێشکەشم کرد... هەتا مانگێکیش وەک منداڵ سەرنجی دەدان و سەرنجی دەدام... باوەڕی دەکرد و باوەڕی نەدەکرد و پێزانینی دەردەبڕی...

سەرم دەرهێنا و گوتم:

– فەرموو سەرکەوە با بتگەیێنم.

بەگۆشەی چاو هێمای بۆ سوپەرەکەی کرد و وتی:

– شۆفێرەکەم وا خەریکە چاکی دەکاتەوە.

لە سەری ڕۆیشتم:

– کاری ئەوتۆم نییە. فەرموو سواربە، نەبادا درێژە بکێشێ و دوا بکەوی!

پێزانینی دەرنەبڕی. توندبوو. نێوچاوانی گرژ کرد، وتی:

– لە سەری مەڕۆ، باژوو... ئەگەر هەتا ئێوارە لێرە وەستاوم سواری (بەرازیلی) نابم!!

سلێمانی 12/9/1995



# هینۆکراسی

هینەزای خۆشەویستم. چیت بۆ هین بکەم؟ هەواڵی هینت پرسیبوو. هەموو شەوێک تکای هینێکم لێ دەکرد ئەوەندە هین نەخوێنێتەوە. ئەوان هینکوژیان دەوێ. ئەوەی هین زۆر بزانێ، هینیان ناوێ، هینێک لەمەوبەر، هەڤاڵ هین، لە هیمینارێکدا هینێکی دوورودرێژی سەبارەت بەهینۆکراسی و هینیزمەکردنی کۆمەڵ لە کوردستانی هین پێشکەش کرد. هینی خاڵۆزات وەک سەدان هینی دیکە، لەو هیمینارەدا ئامادە بوو. هەڵسابوو بەبەڵگەوە هینۆکراسی و هینیزمەکردنی کۆمەڵی ئەو هەڤاڵ هینە بەرێزەی ڕەت کردبۆوە. هەر ئەو ئێوارەیە کە هین گیان گەڕایەوە، دوای هینی شێوان، دەستووری زەمانی هین. پڕ بەهین زەمینییەک هینمان بەسەردا داباری.

هینەکان دەستیان بەهیندا نەنا. یەکسەر بەهینەکاندا سەرکەوتن و هاتنە هینەکانمانەوە. هین گیانیان برد. هەمان قەوانی هینی زەمانی هینیان بۆمان لێدایەوە. ئامیر هینەکەیان وتی:

«هیچ هینی هینتان نەبێ. دوای یەک هینی دی، بەسواری هینی خۆمان هینتان بۆ دەهێنینەوە.»

هینیان لەگەڵدا کردین. لەو شەوەوە، هین گیان بوو بە هین و خورا. من بەلایەکدا و هینی خاڵۆژنت بەلایەکدا... ئەم هین گەڕاین نەبوو!... ئەو هین گەڕاین نەبوو!... لەوساوە لە هینەڕاوکێداین!... هین گیانیان هین کردبێ، هین نەکردبێ؟!

تۆیش هینی خۆت بە، نەوەک ببیتە قوربانی ئەم هینۆکراسییە هینەی وا هینی پێوە لێ دەدەن. هینم بگەیێنە بەهەموو هینەزا خۆشەویستەکانم.

هین بینییەکی گرنگ:

تکایە دوای ئەوەی ئەم هینەت بۆ دایکت و هینەکانت خوێندەوە، بەدەنکە شقارتەیەک بیهینێنە. نەوەک بگاتەوە دەست هینەکان... ئیتر هەر هین بن.

هینتان/ خاڵە هین

هینێمانی، هینی هینی هەزار و هین سەد و نەوەدو هین

# کارەسات

مامۆستا دەستی بەدەستی کوڕە شەش ساڵانەکەیەوە بوو. زۆر گەڕا. ڕووی لە چەندین ناسیاو نا. کەسیان قەرزیان نەدایە. دوای ئەوەی تەواو شەکەت بوون. لە پێش جامخانەیەکدا بەجگەرگۆشەکەی وت:

– تاوێک لەسەرم بوەستە.

کە هاتە دەرەوە، کیسە نایلۆنێکی ڕەشی هەڵئاوساوی توند گرێدراوی بەدەستەوە بوو... بەرەو گەراج شۆڕبوونەوە. لە ڕێگا منداڵەکە هەیتا هەیتا دەیپرسی.

– هەنارە؟

– نەء!

– ترێیە؟

– نەء!

گۆشتە؟

– نەء!

– هەنجیرە؟

– نەء!

– هەرمێیە؟

– نەء!

کێکە؟

– نەء!

لەنێو پاسە پۆلۆنییەکەشدا بەردەوام چاوی بڕیبووە کیسەکە. دەیپرسی و بۆی هەڵنەدەهات.

– بابە بەشم؟

– پەلەت نەبێ با بگەینە ماڵەوە!

لەپڕ منداڵی تاین پەلاماری کیسە نایلۆنەکەی دا. بەدەستییەوە هەڵتلیشا... قەراغە کولێرە بەنێو پۆلۆنییەکەدا بلاو بووەوە. هەندێکیش ڕژانە سەر کۆشی پیاوانی گەڕەک.



سەرنشینەکان، هەر کەسەو لە ئاستی خۆیەوە دەستیان بەکۆکردنەوەی قەراغە کولێرە کرد. مامۆستا سوور هەڵگەڕا. ئارەقە بەلاجانگ و چەناگەیدا ڕێچکەی بەست. وەک لەسەر ژیلەمۆ دانیشتبێ، هێشتا دوو کۆڵانی مابوو بگاتە ئاستی ماڵی خۆیان، بەرلەوەی تەواوی قەراغە کولێرەکانی بۆ کۆبکەنەوە، بەقورگی نووساوەوە بەشۆفێرەکەی وت:

– دابەزین هەیە!

سلێمانی 12/9/1995

# پیاوێکی گەنمڕەنگ

لەو دوو ڕیزە ماڵە سەرنجی هیچ کامیانی نەبزواند کاتێ پیکابێکی یەک تەنی پشتی بەدەرگایەکی یەکدەرییەوە نا و لە چەند هەناسەیەکدا تفاقەکانیان لە دوو ژووری ژێرزەمینێکدا ساتار کرد. چۆن جۆگەلەکان تێکەڵ یەک دەبن ئاوها منداڵەکانیش تێکەڵ بەمندالآنی کۆڵانەکە بوون.

ئێوارە وەختە، پیاوێکی دەستە، گەنمڕەنگی مەنگی پەنجا ساڵە، بەدوو توورەکەی نایلۆنەوە گەیشتە سیلەی کۆڵانەکە. هەر بەگەیشتنی، پیرە گەماڵێکی بۆز خۆی لێ دانووساندبوو. گەماڵ دەستی بەمڕەمڕ کرد. ئەمجا بەحەپەحەپ شوێنی کەوت. گەماڵێکی یەختەی گوێبڕاو بوو کاتێ پیاوە مەنگەکە لەسەر شانەوە دیقەتی دا دیتی گەماڵە بۆز لەگەڵ گەفیندا کەڵبەکانی لێ ڕیچ دەکاتەوە. ئەم خۆی لێ نەبان کرد. ئەوەیش بەدەوریدا دەسووڕایەوە و شاتاوڵی بۆ دەهێنا. سەر و پۆزەی گرویێ و کلکی قوتی دیمەنێکی ناسازیان پێ دابوو.

بەتایبەت لە کۆڵانێکی قیرتاوی شاردا پیرە گەماڵێکی وەها سەر و پۆزە گڕ و دیمەنێکی تەواو ناسازی هەبوو. لەوەدا بوو قەپاڵی بگاتە قولەپێی و نەدەگەیی... ئەمجا بەدەم گەزارەی گەفینەوە لەپێشەوە ڕێی پێ دەگرت... لەوەدابوو لمۆزی بگاتە قەیتانی پێڵاوەکانی و نەدەگەیی. لیک لە لالغاوەی دەچۆڕا و ئەو کۆڵانەی پڕ لە حەپەحەپ کردبوو. بەڕادەیەک، لە باڵەخانەکانەوە حەپەحەپ دەنگی دەدایەوە... پیاوە گەنمڕەنگەکە مێش میوانی نەبوو. چغەیەکیشی لە دەم دەرنەهات. بگرە تا گەیشتە دەرگا یەکتاکییەکە ڕێ و ڕەوتی خۆی نەگۆڕی.

کاتێ لەبەر دەرگاوە سەرنجی دا، چی ببینێ؟!... بینی دوا بەماڵی هەردوو بەری کۆڵانەکە بەورد و درشتییانەوە ڕژاونەتە بەر دەرگاکانیان، تەنیا ژن و منداڵەکانی خۆی بەدەرەوە نین... بینی هەموو دەر و دراوسێ سەرنجی لای ئەم دەدەن. سەرنجێک تێکەڵ لە پرس و گومان و سەرسووڕمان.

«شتێکی نائاسایی ڕووی داوە، لێمان بەدووربێ!» لە ناخەوە ئەم هیوایەی خواست... لێ ڕووی گەشایەوە کاتێ ژنەکەی بینی بەڕوخسارێکی ئاساییەوە دەرگای لێ کردەوە. گەماڵە بۆزیش کلکی کلآفە کرد و گەڕایەوە سیلەی کۆڵانەکە...

دوای شێو لە دەرگایان دا. ئەمبەر و ئەوبەر دراوسێکان دابارینە ژێرخانەکەیانەوە.



بەپێوەش جێگە نەما بوەستن. ئەوەی دەهات دەیگوت: «بەخێر بێیت کاکی هونەرمەند!»

ناوەکەشیان نەدەزانی. حەپەسا... «چۆنیان زانی هونەرمەندم؟!» لێ لە ناخەوە خۆشحاڵ بوو. لێی ببووە مەراق بەڵام نەیشی دەپرسی. دوا میوان برینپێچی گەڕەک بوو. ئەمیش وەک ئەوانی دی بۆ هەوار موبارەکی هاتبوو... لە کاتی ماڵئاواییدا ژنی پیاوەی گەنمڕەنگ بەشەرم و زۆر لەخۆکردنەوە لێی پرسی:

«بەڕاست چۆن وا زوو گەڕەک زانییان باوکی منداڵەکان هونەرمەندە. خۆ ئەو خەڵکی ئێرە نییە. بەڵکو لە شارێکی دووریشەوە هاتووین؟!»

برینپێچەکە بەدەم زەردەخەنەوە، وەک شتێکی بەڵگەنەویست باس بکات، گوتی: «بەگەماڵە خوێڕیدا... ئەو سەگە تەنیا بەهونەرمەند دەوەڕێ!».

9 ی ئۆکتۆبەری 1997

# تەنەکەی خۆڵ

لە چیمەنەکەدا دانیشتوون و باسی سەیران دەکەن. خاڵی کاتێ قسان دەکات دەست بەلوولەی کلاشینکۆفە بێ قۆنداخەکەی ئامێزیدا دێنێ.

دەوروبەر ڕەنگاوڕەنگە. کەڵەشێرەکە... کورسییەکان... تەنانەت تەنەکەی خۆڵەکەیش... چیمەنی سەوز. گوڵە مینای شین و مۆر. پەتۆنیای سپی. گوڵەباخی پەمەیی، ئاگری و زێرین. داڵیتی سەر گەراجەکەیش سەوزێکی تیرە.

هێمن جووڵا. دەستی دایە کلاشینکۆفەکەی خاڵی. بەسینگییەوە گرتووە و بەلەز هەڵدێ... بەدەم ڕاکردنەوە لوولەکەی دەکاتە گوڵەکان، تەنەکەی خۆڵەکە و کەڵەشێرە ڕەنگاوڕەنگەکەی بەر دەرگا. «تە تە تە تە...» وەک بەڕاستی تەقەیان لێ بکات، خۆی بەملاو ئەولادا دەخات و هەڵدەسێتەوە و. لەپڕ وەستا. بەچوار دەوردا دەڕوانێ. دۆش داما. دەستێکی بەچاوەکانیدا هێنا. وتی:

«دایە ئەوە بۆ قژت بۆرە؟... خۆ جاران زەرد بوو؟!»

دایکی وتی:

«وەک خۆیەتی هێمن، وەرە دانیشە. لەوە دەچێ گێژ بووبی!»

هێمن بەتفەنگەکەوە لە تەک دایکیەوە دانیشت. چاوی دەگلۆفت. لە دەوروبەر ڕادەما. «ئای ئای... ئەوە کورسییەکان بۆ ڕەش بوون؟!» دایکی هێمن پەشۆکا. هێشتا تفەنگەکە بەشانی هێمنەوە بوو کە خاڵی هەتا دەستشۆرەکەی برد. پاک دەموچاوی بۆ شت. کە هاتنەوە نێو چیمەنەکە، هێمن هاواری کرد:

«ئەوە باوەڕم پێ ناکەن؟... دەسا چیمەنەکە ڕەنگی بۆر بووە!... داخەکەم، کەڵەشێرە ڕەنگاوڕەنگەکەیش دەڵێی بۆیەی ڕەش کراوە!... ئای ئای گوڵەباخەکانیش هەموویان یان بۆرن یان ڕەش... هەر ئاسمان وەک خۆی بە شینی ماوەتەوە!»

«تووشی ڕەنگ کوێری نەبووبێ؟!»

دایکی هێمن بەدڵە خورپەوە مستێکی بەسینگی خۆی دادا و ئەمەی درکاند.

ئەمجا بە هێمنی گوت:

«ئاتۆ ئەو تفەنگە دابنێ و وەرە بۆ لای دایکی خۆت»

«هێمن تفەنگەکەی دایە دەست خاڵی. ئاوڕێکی لە دایکی دایەوە. بازێکی دا و



بەخۆشییەوە گوتی:

«ئەرێ وەڵلا، ڕەنگەکان هاتنەوە!... پرچت وەک خۆی لێ هاتەوە!. ئێستا گوڵەکانیش وەک خۆیان لێ هاتەوە!... ئەڵلاااه چەند جوانن؟!!»

کە چەکەکەی لە خاڵی وەرگرتەوە، بەبێزارییەوە لە جێی خۆی وەستا و گوتی:

«ئاخ دیسان ڕەنگەکان هەڵاتن.!!»

هێمن دەستی شل کرد. زرم تفەنگەکە کەوتە ناو چیمەنەکەوە. لەم کاتەدا هاواری کرد:

«هاتنەوە. ڕەنگە جوانەکان هاتنەوە!... دۆزیمەوە. هەمووی خەتای ئەم تفەنگەیە... یەع!...»

بەتووڕەیییەوە تفێکی لە لوولەکەی کرد. لەو دەمەدا کە دەیویست بیخاتە تەنەکەی خۆڵەکەوە وتی:

«دایکە ئەگەر تفەنگ بێنن بۆ سەیران من نایەم!»

15/10/1997

# ئەنگوستیلە

پێم نالێین بۆ ئەوەندە دەم بەهاوارن؟ بۆ بستێ زارتان لە باپیرەم داچەقاندووە؟ بۆ دنیاتان پڕ لە هەرا و زەنا کردووە و ناهێلن لە گۆڕیشدا بسرەوێ؟ بابە گەورەم چ بکات؟... ئاخ، چما ئەگەر بمایە ڕایەکتان دەکەوت لە ئاستیدا چاو هەڵبڕن و بکۆکن؟ مەخابن ئەنگۆ لە تۆرەمەی ئەون! چیتان لێ دەوێ؟ هەرچییەکی داوا کردبا، ئەنگۆ هەر وەک ئێستا دەبوون. تا کەی دەستە چەورەکەی خۆتان بەچمکی کەواکەی باپیرەم دەسڕن؟ من باپیرەی خۆم دیتووە و لەگەڵی ژیاوم. ئەو ئومێدی گەورەی بە من بوو. هەر خۆیشی منی نابووە بەرخوێندن. ڕۆژێکیان مێژووی ئەسپ و تاوڵ و خەنجەرەکەیم لێ پرسی. ئەویش دانیام و بۆی گێڕامەوە:

***

بەدیار پەزەکانمەوە لەسای دار مازوویەکدا، بەسیکاردە کولەکەم زەویم دەکۆڵی... کۆڵیم و هەر کۆڵیم. لە ناکاو لووتی سیکاردە کول لە ئەڵقەیەکی ژەنگن گیربوو. ئەڵقەی گۆڕینم دەرهێنا. لەنێو چنگێ وردە زیخدا ساویم و ساویم هەتا چریسکایەوە. پەزە لاتەکانیشم بڵاوەیان لێ کردبوو دەلەوەڕان. ئەڵقەی گۆڕینم لە دەست کرد و نەکرد گوێم بەقاقایەک زرنگایەوە. چۆن قاقایەک؟ وەک گومەزی حەمام شەربەیەکی پڕ لە ئاو بێت، بۆ حەوت تەبەقەی ئاسمان هەڵی کێشی و لەوێڕا بق بق بق قلّپی بکەیتەوە، ئەشکەوتەکانی ئەمبەر و ئەوبەر بۆیان سەندەوە... لە قاقای پێکەنینەکە ڕاپەڕیم. بەدەوری خۆمدا سووڕام. کەسم نەدی. لەپڕ دەنگێکی گڕ چون هەورەگرمە بانگی کرد:

«هۆ شوانەوێڵە هۆو... لە دارای دنیا چ دەخوازی تا هەر ئێستا بۆتی پەیداکەم؟»

منی ساکاوی سام لێ نیشتوو، ڕەنگم پەڕی وتم:

«هیچ ناخوازم هەتا نەزانم تۆ کێی؟!»

«من خاوەنی ئەنگوستیلەکەی قامکتم. ئەنگوستیلەکە لە پەنجەی تۆ دایە، کەواتە تا ئەو حەلەی داخوازییەکانت جێبەجێ دەکەم بەندەی تۆم!»

«جەفەنگم لەگەڵ مەکە. ڕدێنم سپییە... دەبێ لەپێشدا بتبینم!»

«بەتۆ نابینرێم!. ئەوەندە بزانە من گیانی ئەو دار مازووەم کە لە سایەیدا دەحەسێیتەوە. هەزاران ساڵە ئەو ئەنگوستیلەیە لەبن عەردە و تاکو نهۆ کەس لە



سایەمدا ڕۆنەنیشتووە تاکو منیش دەرگای بەخت بەڕوویدا ئاوەڵاکەم... ئەوا بۆ تۆم واڵاکرد!»

لەبەرخۆمەوە گوتم «چما دار مازوویش گیانی هەیە؟!» تێر بەدار مازووەکەدا هەڵمڕوانی. دەق چۆن درەختەکانی دیکە بوو. لەپڕ نرکە وناڵەی دەنگەکە هەڵی کردەوە:

«درەنگە شوانەوێڵە. هەرچی داوا بکەی لە ئاسمان بێ بۆتی دەهێنمە سەر عەرد؟!»

لەبەر خۆمەوە گوتم: «ئێ بەڵکو بەڕاستی بێ... دەمە چیت لێ کەمە؟»

قورگم پاک کردەوە و یەک بەخۆم هاوارم کرد:

«ڕانە مەڕێکی گەورە و شاسەیوانێک... ڕەوەیەک ئەسپ... خەنجەرێک لالا موو بکات... ئەم خاکەیشم بۆ بڕازێنەوە!»

«هیچی دیکەت ناوێ؟»

هیچی دیکەم بەخەیاڵدا نەهات. هاوارم کرد:

«ئەوەندە سەر و زیادمە!»

بەدەنگێک عەرز و بەرزی دەلەرزاند وتی:

«ئەوا ڕۆیشتم و جارێکی دی ناگەڕێمەوە لات. تۆیش چاو بنووقێنە، هەتا سەد بژمێرە و پاشان چاو بکەرەوە و سەرنج بدە... بەدوو دوو دوو... عا عاعا...»

***

چاوم نووقان. ماوەی ژماردنەکەم لێ بوو بەچاخێک و تەواو نەدەبوو. کاتێ چاوم کردەوە دیم دار مازوو فڕیوە و لە جێگەکەی گەزیزە ڕواوە. چون لەژێر کاریگەریی ئەفسووندابم. واقم وڕما و وام دەزانی خەونە... دیتم گیا سەری پێوەناوە... گوڵاڵە دەشتی داپۆشیوە. باڵەفڕەی پەپوولەی ڕەنگاوڕەنگە. گیزەی هەنگەزەردەیە. بارەباڕی کار ئاسک و قونەی سوورە کەروێشکە. هاژەی چەمی ڕوو لە نشێوە، خوڕەی کانیاوی ڕوونە... ورشەی گەڵای دارستانی چڕە. بانگخۆشکە لەسەر چڵ دەخوێنێ. گمەگمی کۆترە باریکە و قاسپەی کەو و کناچەی پۆڕ دێ. دیتم مێگەلەکەم بەرەکەتی تێ کەوتووە، ئەمسەری دیارە ئەو سەری دیار نییە. زنگە زنگی زەنگۆڵەی ملیان تێکەڵ بەئاوازەکانی سروشت بووە. بەچوار دەوردا سەگی زەلام و گوێبڕاو پاسەوانن... ئاوڕم دایەوە شاسەیوانێکم دی لەوانەی میران هەڵی دەدەن. ستوونەکانی لە ژمارە نەدەهاتن. لە چوار دەوری ئەسپی بۆرە، کوێت و ڕەشکوێت. کلک و یاڵ درێژ بەدەم جامبازەوە

دەحیلێنن... خەریک بوو شاگەشکە ببم کاتێ خەنجەرێکی مشتوماهی بەکورتە زنجیر و پلێپلە و قوببەی زێڕم بەبەر پشتوێنەکەمەوە دی. هەستی شکۆمەندیی، لە تەپڵی سەرەوە تا کەلە ئەنگوستی پێی داگرتم...

***

باپیرەم خۆی ئاوای بۆ گێڕامەوە. بەشانازییەوە دەیگێڕایەوە و چاوانی دەبریسکانەوە و گوڵنگەکانی کڵاوەکەی دەلەرینەوە... ئێستاش ئێوە دەست لە باپیرەم هەڵناگرن بۆ وەهای پێ دەڵێن؟ ئێوە شەرم لە چاوتانا نییە «خۆتانن نزارەکان دەسووتێنن. قەڵاچۆتان خستۆتە گیانداری کێوی. خەنجەرەکەیتان بۆ قڕکردنی یەکدی تا سەر ئێسک خستۆتە کار. هەر بەخۆشتان نەزانی ناحەز چۆن ڕانە مەڕ و ڕەوە ئەسپی بەترش و تاڵان برد و شا سەیوانی ئاگر تێ بەردا» هێشتا ئێوە لە بابە گەورەم دڕدۆنگن؟!... چۆن لە ڕووتان دێ بەباپیرەم دەڵێن:

«دەبوایە داوای شتی گەورەترت لە خاوەن ئەنگوستیلەکە کردبا...!»

کۆبنهاگن هاوینی 1999

---

تۆرەمە: بنەچە، نەژاد.

شاسەیوان: ڕەشماڵی گەورەی پادشا و میران.

چاخ: زەمان، سەدە.

بانگخۆشکە: جۆرێکە لە بولبول.

زنگەزنگ: دەنگی زەنگ.

جامبازە: هەڵسانە سەر پاشوو و دەست ڕاوەشاندنی ئەسپ



# حیزبی زستانە

هەڤاڵ سەری ناوەتە کۆشی. بەسەرخۆیدا شکاوەتەوە و لە ناخەوە خجڵ ماوە... گۆرانییە خێرا و بە ڕەزمەکانی تەلەفزیۆن ناتوانن بۆ دنیای ژوورە زستانییەکە کێشی بکەنەوە... دیمەنی خەفەتباری هەڤاڵ سەرنجی باوکی ڕادەکێشێ. تەلەفزیۆنەکە بێدەنگ دەکات و دەپرسێ:

– ئەوە بۆ لووتت داژەندووە؟!... سەرێک هەڵێنە هەڤاڵ؟

هەڤاڵ سەرهەڵدێنێ و دەڵێ:

– کرێی شەش مانگی دووکانەکە کەوتۆتە ئەستۆی من و بۆم هەڵناسووڕێ بابە!

– تەمەس دووکانیشت هەیە و نەمانزانیوە!... جا دووکانێک کرێیەکەی خۆی دەرنەهێنێ چۆن دووکانێکە؟

– مەبەستم بارەگای حیزبە!

– جا بارەگای حیزب لە دووکانێکدا؟!

– بێ دەرامەتییە، دەنا دەبووایە تەلارێکمان بۆ بارەگای حیزب بەکرێ بگرتایە!

– حیزبەکەتان ناوی چییە؟

– حیزبی زستانە!. خۆ بەیاننامەی دامەزراندنیم بۆ هێنای!

– وا بوو. بەخەتێکی شەڕەپشیلەی زۆر ناخۆش نووسرابوو، بۆم نەخوێندرایەوە... حیزبی زستانە!... ناوێکی غەریبە... باشە ناو بڕابوو؟!

– پیاوی سیاسی دەبێ دەرفەت بقۆزێتەوە... هێشتا هاوین بوو، پێشبینیمان کرد و زانیمان زستان نەوت نابێ خۆمانی پێ گەرم بکەینەوە. کارەباش دەرەقەت نایەت و پەکی دەکەوێ. وتمان بەڵکو ئەم بۆشاییە بقۆزینەوە و بتوانین جەماوەر لە خۆمان خڕ بکەینەوە. ئەگەر بڵێی لە بنەڕەتدا بیرۆکەکە هی من بوو. ئەوە بوو ناومان نا حیزبی زستانە.

– جا جەماوەرتان لە دەور خڕبۆتەوە؟

– سەرەتا هەر خۆم و نەجم و ئەوڕەحمان بووین.

– ئەوە دەکاتە حیزبێکی سێ قۆڵی.

– زۆر حیزب لە دنیادا وەها پێکهاتوون!

– ئافرەتی تێدایە؟

– دەبوو لە ماڵی خۆمانەوە دەست پێ بکەین، کەچی دایکی هیچ کاممان حەزی لە سیاسەت نییە. خوشکەکانیشمان سەر بەقوتابیان و خوێندکارانن، بەڵام بەم دواییە بێوەژنێک ببووە دۆستمان.

– بێوەژن؟!

– ئا، بێوەژنێکی تەڵاقدراو بوو!

– بیرم کەوتەوە، ئەگەر تۆ بەرپرسی دارایی نیت، ئەوا دەکرێ بەئاسانی لێی دەربچیت و بکشێیتەوە. با ئەوانی دی کرێکە بدەن!

– ئاخر کێشەکە لێرەدایە بابە گیان. سەرەتا بوومە جێگری سکرتێری گشتی و بەرپرسی پەیوەندییەکان.

– نەتزانی، پۆستی بەرپرسی دارایی گرنگترە!

– با بۆت باس بکەم: نەجم بوو بەسکرتێری گشتی و ئەورەحمان بە بەرپرسی دارایی. دوای چەند مانگێک حیزبی زستانە دوو کەرت بوو. نەجم ئەورەحمانی فریو دا و لەگەڵ خۆیدا بردی. پێکەوە حیزبێکی نوێیان دامەزراند. ناویان نا (حیزبی زستانە و هاوینە). نەجم لەوێش هەر سکرتێری گشتی بوو.

– پێویستی بەجیابوونەوە نەدەکرد. تەنیا ناوەکەیتان بگۆڕیایە، تۆیش لەگەڵیان دەمایتەوە و بڕایەوە!

– ئاخر ئەوان بەدزی منەوە کارەکەیان بڕاندبۆوە.

– دیارە بڕوایان پێت نەماوە بۆیە لەسەریان نەکردووی. ئەگەر بڕوایان پێت هەبوایە فنیشیان نەدەکردی!

– ئاخر وەها نییە بابە گیان. پێدەچی ئەوان تەنیا و تەنیا مەبەستیان ئەوە بووبێ کرێ دووکانی، بلێیم کرێی شەش مانگی بارەگا بە من بدەن.

– باشە تۆ و نەجم لە دید و بۆچووندا جیاوازیتان چییە؟

– ئەو بۆچوونی وەهابوو جەماوەری کوردستان وەک چۆن زستان لە سەرماندا هەڵدەلەرزن، لە هاوینیشدا دووچاری گەرما دەبن. چونکە کارەبا هەر لە زستانەوە پەکی دەکەوێ. بۆیە هاوین کۆندیشن و پانکە و بەفر نابن. لە بەرنامەکەیاندا، بۆ هاوین بەڵێنی گۆمی مەلە و باوەشێنیان بەجەماوەر دابوو. ئەگەر ئیمکانیش بوو، لە دەرەوە (مولدە) دێنن. وێڕای بەڵێنی لێفە و بەتانی و گۆرەویی خوری و دەستەوانە و پاڵتۆی ئەستوور بۆ زستانەکە... ئیتر ئەوەبوو نەجم حیزبێکی نوێی بەناوی (حیزبی



زستانە و هاوینە)وە ڕاگەیاند و لە منی نەگێڕایەوە. بۆ نەگبەتی (عقد)ی دووکانەکەیش لە ئەستۆی من بوو.

– باشە نەجم هیچی بۆ زستان کردووە تا خەڵک بڕوا بە بەڵێنەکانی هاوینی بکەن؟

– نەجم هەلپەرست بوو. دەنا ئێمە سوێندمان بۆ یەکدی خواردبوو لە خێر و شەڕدا هاوبەش بین. قەول وابوو: ئەگەر نەمانتوانی بەڵێنەکانی زستان ببەینە سەر، وەک حیزبێکی کوردستانیی ڕەسەن ڕوو لە کەلەپوور بکەین و ئەو پەندە بکەینە سەرمەشق کە دەڵێ: «زستانان پینە و پەڕۆ، هاوینان قنج قنج بڕۆ.»

– دیارە زۆر بەگران داوتە بەکۆڵتا؟

– بێگومان!... لەگەڵ نەجم هاوڕێی منداڵین و کوڕی گەڕەکێکین. دوای ئەوەش ناکۆکییەکی ئەوتۆمان لە نێواندا نەبوو، کەچی ئەو هێندە کەم فرسەت بوو، حیزبی زستانە سێ چوار دۆستی هەبوون، ئەوانیشی فریودان و لەگەڵ خۆی بردنی.

– دەبووایە یەکەم کۆبوونەوە بتزانیبا کە نەجم دیکتاتۆرە.

– بەچدا؟ خۆ غەیبزان نیم بابە؟!

– چونکە هەموو سکرتێری گشتییەکان دیکتاتۆرن. ئەگەر نەجم دیکتاتۆر نییە ئەو (گشتی)یەی بۆ بەقوونی خۆیەوە ناوە؟ خۆ ئێوە بەهەمووتان تیپێکی ڤالیبۆڵتان لێ پێک نایەت. (سکرتێر) سەر و زیادێتی.

– ئەی ئافەرین بابە گیان دیارە تۆیش سیاسەتمداری!

– تۆ لەوەی گەڕێ. دۆستەکان دەوڵەمەند بوون؟

– نەخێر. زیاتر سیحر لە نێوەندەکانیاندا هەبوو. نێویان پشکۆ و گەرمیان و بلێسە بوون... سێ نێوی زستانەن. گەرمی بەخشن. تۆ هەر بەنێو هێنانیان گەرمیت پێ دەگات!

– ئەمە یەکەم جارە نێوی زستانە ببیستم! ئەی بۆ لە کاتی خۆیدا بەیانێکت لەسەر نەجم دەرنەکرد؟

– نیازم هەبوو بەیانێکی تێروتەسەلی لەسەر بڵاوبکەمەوە. بەیانێکی گورچکبڕی ئەوتۆ، هەر بەجارێک تەختی بکەم. بەڵام پارەی چاپ و ڕاکێشانیم نەبوو!... پاشان ئەوانیش خراپیان لێ قەوما!.

– لێقەومانەکەیان چۆن بوو هەڤاڵ؟

– پشکۆ، کە سەرەتا دۆستی حیزبی زستانە بوو، نەجم لە (حیزبی زستانە و هاوینە)دا کردبووی بەئەندامی سەرکردایەتی، نەیکردە نامەردی دوای مانگێک

جیابۆوە. هەموویان لەگەڵی چوون، ئیدی نەجمی سکرتێری گشتی بەتەنێ مایەوە.

– وەڵڵا ئافەرین! خوای تۆ پێی نواند... دوای ئەوە چی ڕووی دا؟

– دوای ئەوەی پوولێکیان بەنەجمەوە نا. پشکۆ حیزبێکی نوێی بەناوی (حیزبی چوار وەرزی)یەوە دامەزراند. پشکۆ وەهای بۆ دەچێ کە مرۆڤی کورد هەر چوار وەرزەکە دووچاری سەرما و گەرما و برسێتی و فشار دەبێ. ئەو لە بەیاننامەی دامەزراندا بەڵێنی بەجەماوەر داوە:

وێڕای دابینکردنی پێویستییەکانی زستان و هاوین، بەهاران بۆ سەیرانیان ببات و پاییزانیش هەر لە ساوەر و ترخێنە و دۆشاوی تەماتەوە بیگرە هەتا دەگاتە قەرە خەرمان و گەنمەکوتا و، ئازووخەیان بۆ بخات.

– بەویژدانم پشکۆ لە هەمووتان وریاترە. هەتیو تۆ لە قوتابخانەشدا بە دوو ساڵ ئەمجا پۆلێکت دەبڕی، ئەویش بەئیکمالی!

– نا بابە گیان نا. خۆ مەسەلەکە بەزیرەکی و تەمبەڵی و شەهادە نییە، حەز دەکەی ئێستا شازدە ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حیزبانەت بژمێرم کە هەموویان نەخوێندەوارن!

– ئەی مەسەلەکە چییە؟

– مەسەلەکە ئیمکانیاتە. من لە ژیانی سیاسی خۆمدا شتێکی زۆر گرنگ فێربووم.

– هەر ئەقڵە لە خەسارێک. ئادەی ئەو شتە گرنگە فێری باوکی خۆشت بکە!

– ئا، ئیمکانیاتمان هەیە... ئیمکانیاتمان نییە. مومکین دەبێ، مومکین نابێ. ئەم قسانە هەموویان یەک واتا دەبەخشن بابە گیان!

– واتایان چییە هەڤاڵ؟

– ئیمکانیات واتە، پارە!! ئەگەر پارەم هەبووایە نەک نەجم و پشکۆ، بەڵکو دوو زلهێزەکەشم بۆڕ دەدان. دە تۆیش بابە کرێی شەش مانگی دووکانەم بۆ بدە!

– دامنا ساڵی ساڵانە و بەحەوت سفرەوە گەڕاویتەوە. دوو کاوڕە لاتم هەن. سبەی بیانبە بۆ مەیدان... نانا، خۆم دەیاندەمە پێش. گومانم هەیە... لەمەشیاندا سەرکەوتوو نابی... سبەی دوام کەوە ئەمەشت بۆ دەبژێرم... ئەی بێوەژنەکەی دۆستی حیزبی زستانە لە کوێ گیرسایەوە؟

– ئێستا خێزانی سکرتێری گشتیی حیزبی چوار وەرزەیە... خێزانی پشکۆیە!

– بزانە بێوەژنێکیشت پێ هەڵنەخەڵەتا هەی سیاسەت نەدار!



# هەواڵێکی گرنگ

## هەواڵێکی گرنگ

## هەواڵێکی گرنگ

بەرلەوەی بەڕێوەبەری گشتی دەست بەخوێندنەوەی هەواڵە گرنگەکە بکات، وەستا مەجید فەرمووی لەو خەڵکەی لە دەوری دووکانەکەی ئاپۆرەیان دابوو کرد تا بچنە ژوورەوە نەبادا گوللەی وێڵ بیانپێکێ. چونکە هاوکات هەزاران چەکدار بەنیازبوون بەگوللە گڕدارەکانیان ئاسمان بکەن بەدەنووکی کەو.

***

ئێرە ڕادیۆی (DSKK)یە. دەنگی شۆڕشی کوردستانی کلپەسەندوو... گوێگرە خۆشەویستەکان دوای کەمێکی دی هەواڵێکی گرنگ بڵاو دەکەینەوە... هەواڵێک چەشنی برووسکەیە بۆ تەپڵی سەری دوژمنانی کورد و شنەی شەماڵی کوێستانە بۆ ڕۆڵە بە وەجەکانی ئەم میللەتە خێر نەدیوە...

گەللەو گەللەو گەللە، هەی هەی لەم گەلاوێژە

خوا لێمی نەسێنی، خوا لێمی نەسێنی، ئەو بەژن و باڵا ڕێژە

مەجید لە شاگردەکەی پرسی:

«تۆ بڵێی ئەم هەواڵە گرنگە چی بێ ڕێبوار؟»

« وەستا گیان وا بزانم کەرکووکیان ڕزگارکردووە!»

«پیرۆزە... بەچدا دەزانی کەرکووکیان ڕزگار کردووە ڕێبوار؟»

«ئەی ئەوە نەبوو دوێنێ شەو تەلەفزیۆن بە هەزاران پێشمەرگەی پیشان دا؟ ئەو شوێنەی لێی بوون نزیک قەرەهەنجیرە. مانای وایە هەر دوێ شەو لە گرتنی قەرەهەنجیر بوونەتەوە. سەرلەبەیانیش داویانە بەسەر کەرکووکدا و ڕزگاریان کردووە!»

«دەبێ لەپێشدا بان مەقان بگرن ئەوجا بگەنە قەرەهەنجیر. بەڵام کەس نەیبیستووە لە بان مەقان شەڕ بووبێ!»

«ئەی ئاگات لێ نییە وەستا گیان ماوەیەکە ژنان چەند سەریان قاڵە؟ هەر ژنە و دەستەوارە لە دوای دەستەوارە نانی تیری دەکات و بەپشتی پیکاب هەواڵەی بەرەکانی

جەنگی دەکەن. لە نان تێپەڕیوە و گەیشتۆتە ناوساجی!»

«تێگەیشتم ڕێبوار، بەڵام کەرکووک بەناوساجی ناگیرێ. ئەوە ڕەمەزانە کە بەناوساجی دەگیرێ!»

ئێرە دەنگی شۆڕشی کوردستانی کلێپەسەندووە. گوێگرانی لە دڵا شیرین، دوای دەمێکی دی هەواڵێکی زۆر گرنگ بڵاودەکەینەوە. هەواڵێک جەرگی ئەنفالچی و فاشست دەبڕێ و خێر و سەبوورییە بۆ دایک و کەسوکاری شەهیدان. تکایە ئاگاداربن.

گەللەو گەللەو گەللە، هەی هەی لەو گەلاوێژە

خوا لێمی نەسێنی، خوا لێمی نەسێنی، ئەو بەژن و ......

مەجید مشارەکەی دانا و وتی: «دەبێ ئێستا بازاڕ خرۆشابێ. ئەرێ بەڕاست پاسەکان هامشۆ دەکەن؟»

«بەڵێ بەڵێ، من لە بازاڕەوە دێمەوە»

«جا دەتەوێ چی بڵێیی؟»

«دەمەوێ بڵێم بەگوێرەی ئەم ڕادیۆیە بێ، دەبێ ئێستا بەردەرکی سەرا یەکێکی دی نەگرێ!»

«هیچی وا لە ئارادا نییە، شار ئارامە. ئەوەندە هەیە ئەوەی ڕادیۆی هەبێ خستوویەتییە سەر ئەم ئێسگەیە.»

«بەڵێ وایە. ئەوانی دی ئاسایی پرۆگرام بڵاو دەکەنەوە.»

ئەوانەی لە بازاڕەوە بەتوورەکەی نایلۆنەوە بەرەو ماڵ دەبوونەوە، لاستیکە کۆن کڕ، فافۆن کڕ، ئاسن و مس کڕ و دێوەرە، بەرەو دەنگی ڕادیۆکەی وەستا مەجید دەهاتن.

«ئا وس!»

گوێگرانی خۆشەویست، ئەی جەماوەری ستەمدیدە و خێرنەدیوی میللەتەکەمان. ئەی کرێکار و پاڵە و ڕەنجدەران. ئەی ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕ. دوای چەند هەناسەیەکی دی هەواڵێکی گرنگ بڵاو دەکەینەوە. هەواڵەکە پێوەندییەکی مکۆمی بەهەموو دڵسۆزێکی ئەم خەڵک و خاکە سووتماکەوە هەیە. گورزێکی ڕۆستەمانەی گورچکبڕیشە بۆ ناحەزانی کورد و کوردستان... ئێرە ڕادیۆی (DSKK)یە.

دەنگی شۆڕشی کوردستانی کلێپەسەندوو، بۆ سەرانسەری کوردستان...

گەللەو گەللەو گەللە، هەی هەی لەو گەلاوێژە



خوا لێمی نەسێنی، خوا لێمی نەسێنی، ئەو ......

« تۆ ڕۆژنامە زۆر دەخوێنیتەوە، بیرت بۆ چی دەچێ؟»

«پێدەچێ لە -بەغا- کودەتا ڕوویدابێ!»

«هانام بەدەمت. هاا ئەهـ. ئێستا دەیخەمە سەر بەغا.»

[صعد فريق الزوراء الى المباراة النهائية لفرق الدرجة الأولى بعد تغلبه في دور قبل النهائي على فريق الجوية ٦-٥ بفارق الضربات الترجيحية، بينما(*)...]

«کەواتە کەرکووکە... کەرکووک ڕزگارکراوە!»

«دوو جەنگ لە یەک کاتدا ناکرێ. یەک لەنێوخۆدا و یەک لەگەڵ داگیرکەردا. دوای ئەوەش بەژانراڵی پەڕۆ بان مەقان ناگیرێ. دوێنێ شەو تەلەفزیۆن ورگ زلێکیانی پیشان دا... ئەو ژانراڵە دە ساڵان سەربازی دەوڵەت بوو ئەمجا خەتێکی وەرگرت!»

«بلێ ژانراڵی یەک پلێیتە!!»

«بەڵێ، گۆچانێکی حەیزەرانیشی پێ بوو!»

«ئەوە لاسایی فیلڵد مارشاڵ مونتگۆمریی کردۆتەوە!»

«کاکە گیان، کوردی و کورتییەکەی، ئەوەی بەناوی ڕزگارکردنی کەرکووکەوە بانگەشەی بۆ دەکرێ ڕاوی حیزبێکی دیکەی بەرەی کوردستانییە و بڕایەوە!»

«وس س س!. ئەوا گەمۆزێ هات!. موزەفەرە و لە دەزگا خەتەرەکەدایە!!»

«کاک موزەفەر وەک بزانی ئەم هەواڵە خۆش و گرنگە چییە؟»

«وای بۆ دەچم مووچەی مامۆستایان بدەن.»

«جا کوا؟... ئەمڕۆ چل و حەوتی مانگە!»

«لاقرتیی ناوێ. ئێوەی جەماوەری مامۆستایان خۆتان بڕیارتان داوە سەری بەرزتان بۆ مووچە نەوی نەکەن... دروشمێکە لە ئاستی قۆناغەکەدایە. ناشێ جەنابتان لێی بەشیمان بن؟!»

«ئەو دروشمە کاتێ لە ئاستی قۆناغەکەدایە کە مەسوولەکانیش بێ مووچە بن. بەڵام ئەوان دینارێک لە مانگانەکەیان کە کەس نازانێ چەندە کەمی نەکردووە... دوای ئەوەیش کام سەرەی بەرزە ئەگەر بەبێ مووچە بوو دەنەوێ. ئەی پێم نالێیی مووچەخۆر

(*) تیپی (زوراء) بۆ یاریی کۆتایی تیپە پلە یەکەکان سەرکەوت، دوای ئەوەی لە خولی پێش کۆتاییدا بەلێدانی سزا ٦-٥ لە (جویە)ی بردەوە لەکاتێکدا...

ئەگەر مانگانەکەی لێ بڕا بە چی بژی؟!»

«ڕەتڵی پێنجن ئەوانەی ئەم چەشنە پڕوپاگەندانە بڵاودەکەنەوە!»

«ڕەتڵی پێنج ئەوانەن کە لە سەرەوە باسی ڕزگارکردنی کەرکووک دەکەن و لەژێریشەوە بەردەوام بەڕێی بەغاوەن!.»

«جا مەبەستت لە کام لایەنە؟!»

«برا گیان بۆ خۆتان سەغڵەت کردووە؟. کچەکەم حسابگری بەشی سەرەتاییە لە بەڕێوەبەرێتی پەروەردە، هێشتا لیستی مووچەی مانگی پێشوویان ئامادە نەکردووە!»

«ئەرێ برا تۆ بە چیدا دەزانی کەرکووکیان گرتووە؟»

«من بەو گۆرانییەی هونەرمەند ناسری ڕەزازیدا دەزانم. ڕاپەڕین بەو گۆرانییە دەستی پێ کرد. هەر کاتێ گۆرانیی گەڵڵەو گەڵلە لێ درا مانای وایە شوێنێ، شارێ ڕزگار کراوە!»

«ئەی ئافەرین سیاسەتمەدار!»

«تۆ ئاگاداری هەرکەسێ تفەنگی هەبێ خۆی بۆ تەقەی خۆشی ئامادە کردووە؟»

«ئائا... ئەوها ئەو هەرزەکارە بەئارپیجییەوە هاتۆتە سەر سیلەی ئەو کۆڵانەی ئەوبەر!»

«من زەینم بۆ شتێکی دیکە دەچێ!»

«ئا دەی بزانم؟»

«ئەوە ماوەیەکە جەنگی ناوخۆ خامۆشە. کێ دەڵێ بەیەکجاری نەوەستاوە؟»

«ئەمەیان ئاواتی هەمووانە. ئەی نابێ لەپێشدا شەڕی سارد، مەبەستم شەڕە جنێو بووەستێ. دوای ئەوەش ئەگەر ئاشتبوونەوە لە ئارادا بووایە پێش وەخت دەمانزانی. هەموو ئێسگەکانیش هەواڵەکەیان بڵاو دەکردەوە نەک بەتەنیا DSKK.»

«ئا وس!»

ئێرە ڕادیۆی (DSKK)یە... دەنگی شۆڕشی سەرانسەریی... ئازیزان، ئەی نەوەی سەرهەڵدان و سەربەخۆبوون. ئێستاش فەرموون گوێ بۆ ئەم هەواڵە گرنگە ڕادیێرن کە ماوەیەکە بەدڵ و بەگیان چاوەڕوانی دەکەن.

ئەم هەواڵەی کە لەبەر گرنگیی مانا و ناوەڕۆکەکەی، لەلایەن ڕێزدار، بەڕێوەبەری گشتیی ڕادیۆکەمان، عەبدولسەمەد سەرحان ئەمینی بەردەلەقییەوە دەخوێنرێتەوە...



بەناوی خوا، بەناوی کوند

ئەی گوێگنە بەنێزەکانی نادیۆی دەنگی شۆنشی کوندستانی کنپەسەندوو. ئێوە هەن بەتەنیا گوێگن نین. بەڵکو گوێگنتنتان بەئەندامێتی بۆ حساب کناوە. چونکە تەنیا گوێ گنتن نەبەننامەکانی ئەم نادیۆیە نەخۆبدا کوندایەتییە... ئێستاش ئێوە و هەواڵە گنگەکە، کە ئەمەی نای خوانەوە دەقەکەیەتی:

یەکەم: نەمنۆوە بەننامەیەکتان پێشکەش دەکەین بەناوی «گۆشەی مەتەڵ». ئەم گۆشەیەش نۆژانەیە.

دووەم: ئەوەی مەتەڵەکە هەڵبێنێ گۆنانییەکی فۆنکنۆنیی نەسەنی کوندیی بەخەڵات پێشکەش دەکنێ.

سێیەم: ئەم خەڵاتەش بەشێوەی تین و پشک، واتە بەنەنگێکی دیموکناسی کوندانەدا پێشکەش بەبناوە دەکنێ... ئەمەش مەتەڵی ئەمنۆیە:

سەنی تەسکە، بنی بڵاوە
کە نە کڵاوە، کە نە کڵاوە

***

وەستا مەجید ڕادیۆکەی کوژاندەوە. لەم کاتەدا هەموو خاوەن ئارپی جی و بی کەی سی و کلاشینکۆف و دیکتاریۆف و دیمیترۆفەکان تا بەخاوەن ویزە و دەمانچەکان دەگات، ئەوانەی میلیان هێنابووەوە بۆ تەقەی خۆشی لە دۆخی ئامادەباشیدا بوون وەک ئاوی ساردیان بەسەردا کرابێ مۆچوڕک بەئامباڵاییاندا هەڵدەکشا و ژیوان دەبوونەوە جەماوەری نێو دووکانەکەش بۆ چەند هەناسەیەک بەئەوق بوونەوە لە یەکدی ڕامان. ئەمجا خۆنەویستانە و هەموو پێکەوە، دەستی ڕاستیان پان کردەوە. نێوان پەنجە کەڵە و پەنجەی شایەتمانیان گەیاندە زاریان و تا هێزیان تێدابوو، شیر دایاندرِی... شیرررر.

15/7/2001

# ساڵح شایەر

میر لە نێوان تاڵ تاڵی پرچی درەختەکانەوە، بۆ پانتاییەکەی بەردەم کۆشک دەڕوانێ. لە ناکاو درەختەکان بە ڕەشەبایەکی بەهێز کەوتنە شەپۆڵان و بەیەکدا دێن. وەک تەنوورەی گۆمی گێژ خول دەخۆن... درەختەکان مینا دەروێش و حاڵیان لێ هاتبێ مل بادەدەن... بڕێ جار پرچیان دەیداتەوە لە زەوی. گوڵەکانیش بەیەکدا دێن ڕەنگەکانیان تێکەڵ دەبن. هەندێ درەخت ئەو پرچەی نایانە زەوی ئیدی بۆیان بڵند نابێتەوە.

میر گورج گورج دەست بەسمێڵ و برۆکانیدا دێنێ. بەدەوری خۆیدا دەڕوانێ. لە بری سێبەرێک، دەیان سێبەری باڵای خۆی دەبینێ. سێبەرەکان وەک هی ئێوارە دەکشێن. پاشان میناهی نیوەڕوان کورت دەبنەوە و لە دەوری باڵای دەسووڕێنەوە. با، کاسکێت و جامەدانیی کوڕگەل دەفڕێنێ. خۆڵ دەکاتە چاویان... ئەوان خاوخلیچک هەڵدەپەڕن و شاییەکی سارد دەگێڕن.

میر لە سەربانەوە شارۆچکەی (کاردۆخ) دەداتە بەر نیگای دووربین. ئاسمانی شارۆچکە لێڵە... لە دوور دەستەیەک، لە جێبێکی (خانی خانان) نیشان مرووکاون و داغانی دەکەن. میر بەعەباس دەڵێ:

«دەبوو دەهۆڵ و زوڕنا و قریوەی کوڕگەل لەو چیایەی پشتمانەوە دەنگیان بدایەتەوە!»

***

کۆشکی خان بەتەوقەنی گردێکەوە هەڵچووە... پێشی پانتاییەکی قیرتاوە. ڕێگایەکی پێچاوپێچ، هەردوو بەر بەکالیبتۆسی قەد سپیواش، پەلک هەمیشە سەوزی کاڵ، لق و پۆپ نەرم و شل دەگاتە بەردەمی... وا بەرایی ئۆردوویەک خورتی پیکاب سواری تەیار، قژ بژ و تۆزاوی، بن هەنگڵ و کۆڵەی سینگ شەلاڵی ئارەقەی کالا لە پێ گەیشتە دەروازەی والای کۆشک... پیکابە (میری میران) نیشانەکان کەناریان گرت. بێدەنگ... لەو ڕاکەڕاک و دابەشبوونەدا تەنیا گوڕەی داوێنیان دەهات... دابەشبوونی کوڕگەل بەسەربان و سیلە و پەسێر و پەناکاندا چەند هەناسەیەکی خایاند.

بەچواردەوردا دار کاژ، پەرژینی دار قەیسیی گەلا خەنەیی، دار هەناری گەلاوردیلە و هەنجیری پەلک پەنجەیی ئەستوور و زەیتوونی پەلک چڕی کورتەبنەیە... دار کاژی بەژن زراف، سەوزی تێر، گەلا چون دەرزی کێشکچی باخی خانن. درەختی میوە و گوڵزاری



کۆشک لە بۆران و گڕە و گەرد دەپارێزن. کۆشک ڕۆژانە نوقمی سەوزاییییە و شەوانە لەنێو چراخانی وەک کەفچەڕینی مەزنە فوارەیەکدا دەبێتە بلێسەیەک نووری سپی... کە لە دەروازەی کۆشک نزیک بوویتەوە، ئەوجا لە نێوان تاڵ تاڵی پەرچەمی درەختەکانەوە، پەنجەرە خاوێنەکان بەپەردەی گرانبەهاوە مینا کچۆڵەی شەرمن و لەچک بەسەر، تیلەی چاوت تێ دەگرن و هیچی دی. دەنا پایە و دیوارەکانی کۆشک نەبەڕۆژ و نە بەشەو لە شارەوە دەرناکەون.

بەشوێن ئەماندا کاروانێک ماشینی بەبریقەی تیژڕەو دوور و نزیک بەگردەکەدا سەردەکەوێ... خۆر لەسەر جامەکانیان لە پەستا مینا چەخماخە، گورزە تیشک پەخش دەکات، گورزە تیشک پرشنگ دەهاوێ. کاروانەکە سەردەکەوێ. لە بۆدیی ئۆتۆمبیلەکانەوە کالیپتۆسەکان لە پێشبڕکێدان... ئەمە کەژاوەی میری میرانە بەدوای هەڵاتنی خانی خاناندا گەیشتە ئێرە و بەکۆشکەکەی شادبوو.

***

لە پانتایی بەردەم کۆشکدا، لێرە و لەوێ دارتووی ناوقەد ئەستوور، سێبەریان ڕاخستووە... کوڕگەل بەڕەخت و چەکی شانیانەوە دەستیان گرتووە، دەهەژێن. جاروبار قریوەیەک بەرز دەبێتەوە. ئەم (با) بەپەلە و هارەیش ورینگە نادات. پووش و پەڵاش دەداتە پێش و خۆڵ بەچڕوچاوی شایی گێڕاندا دەکات... شایی دەگەڕێ، کەچی خەڵکی شارۆچکەی کاردۆخ خزاونەتە کونی ژوورەوە و دەرگایان لەسەر خۆیان داخستووە. پێدەچێ هێشتا لەم ئاڵوگۆڕە نوێیە بەگومان بن... تا ئەم بەیانییەش، ئەم کۆشکەی شاییەکەی لەبەردەمدا ساز دراوە حەرەمسەرای خانی خانان بوو. چ زوو چەرخ وەرگەڕا؟!

«ئەم شاییەم بەدڵ نییە!»

میر ئەمەی بەتووڕەییییەوە گوت. عەباس بەدەنگێوە چوو،

«لەبەر چی میری میران؟»

«نەگۆرانیبێژێ، نەدەهۆڵکوتێ، نەزوڕناژەنێ...؟»

«هەر ساڵح شایەر و تاقمەکەیەتی!»

«بۆ ساڵح شایەر چ عەیبێکی هەیە؟»

«یەکەمە بەڵام نایەت!»

«لەبەر چی؟»

«کۆستی کەوتووە! ساڵح شایەر، زوڕناژەن و دەهۆڵکوت، هەرسێکیان وەک کوڕی

خان وابوون!»

«کەوابێ بەمەزەندەی تۆ هاوکاریمان ناکەن؟»

«نایکەن!»

***

عەباس بەپەلە ڕووەو میر دەهات:

«تازە ئەم برووسکەیە گەیشت.»

[خانی خانان بەبیست ئوتومبیلەوە لە سنووری کاردۆخ ئاوابوو!]

میر وەک تووشی هیستریا بووبێ، لە ناکاو دایە قاقی پێکەنین. بەپشتا دەکەوت و هەڵدەسایەوە... کوڕانی حەوشە و بان گرتوویش دەدەنە قاقا... هێشتا هەر یەکبین پێدەکەنێ و دەست بەکیفی دەمانچەکەیدا دێنێ. لە ناکاو قنج دەوەستێ:

«ئێستا کۆشکی خان لە بن پێمدایە!» ئەمە بەدەنگی بەرز دەڵێت و پێلەقە بەسەربانەکەدا دەماڵێ. وەک پێلەقە لە سینگی خان بسرەوێنێ، گەشەی پێ دەکات. میر لە سەربانی کۆشکی خانەوە بەسەر دوا ماڵی کاردۆخدا دەڕوانێ... بەڵام ئیدی لە ئێستاوە ناوی کۆشکی میرە.

***

میر لە دەروازەی کۆشکەوە بە عەباس دەڵێ:

«دەمەوێ قریوەی کوڕگەل گوێی ئاسمان کەڕ بکات. خەڵکی کاردۆخ لە کونی ژوورەوە گوێیان لە ڕمبەی پێیان بێ!»

«وەک عەرزم کردن هەڵپەڕینەکە بە وشکییە!»

«وشکی مانای چی؟»

«نەگرمەی دەهۆڵ دێ نەفیقەی زوڕنا. ئەگەر بڵێی لەدووشم ناردن!»

«بۆ نەهاتن؟»

«میری میران پایەداربێ کەسیان لە ماڵ نەبوون.»

«بۆ کوێ چوون؟»

«پێدەچێ شوێن خان کەوتبن!»

«ئەی خەڵکی کاردۆخ بۆ دەست ناگرن؟!... بۆ خزاونەتە ژوورەوە؟!»

«دوودڵن. باوەڕ دەکەن و باوەڕ ناکەن. بەڵام ئەگەر شایەر و دەهۆڵ و زوڕنامان پەیدا بکردایە ماڵ لەو هەوارە نەدەما!»



«گریمان ساڵح شایەر، زوڕناژەن و دەهۆڵکوت شوێن خان کەوتوون. باشە لەم کاردۆخەدا شایەرێکی دیکەتان بۆ پەیدا نابێ؟!»

«بەم دەستوبردە پەیدا نابێ.»

هەرزەکارێک پێی بەزەویدا دا و گوتی:

«میری میران پایەداربێ، بچم گوێی هەرسێکیان بگرم و بیانهێنم؟!»

میر لە ناخەوە خرۆشا. بزەی هاتێ و وتی:

«تۆم بمێنی، ئێمە خانمان ڕاونا. بڵێی ساڵح شایەرمان لێ عاسی ببێ؟!...

ئەوەندە هەیە گۆرانی لە دڵ و دەروونێکی شادەوە هەڵدەقوڵێ. ئەوانیش بەسەر کۆستی خۆیاندا کەوتوون. دڵیان بەرایی نادا...!»

میر قەدەرێک لە فکران ڕۆچوو، ئەمجا بە عەباسی وت:

«شەش حەوت مەڕ لەوانەی خان بدە بەزەویدا...!»

***

ڕیزی درێژی ڕەخت لە پشت، ئەگەرچی دەنگی عیوعیویان بەرزدەبێتەوە، کەچی هێشتا ڕیزەکەیان نارێک و بێ ڕەزمە. پێدانان و پێ بەرزکردنەوەی کوڕگەل هاوئاهەنگ نییە... ئەوان دەهەژێن. هەڵدەبەزنەوە. بەڵام هەریەکە و بەشێوەی خۆی. لە بەرامبەریشەوە قارە و باعەی مەڕەکانی خان ناخایێنێ. چەقۆ تازە ساوەکان بێدەنگیان دەکەن. پەلەقاژەی مەڕی سەربڕراو. فیچقەی خوێنی ڕژاو، خرۆشێکی ئەوتۆ بەئاهەنگەکە نادەن.

***

گەردەلوولەکە تۆز و خۆڵ، ڕۆژنامەی فڕێدراو، زەرفی نایلۆن و قنگلاشکی بۆ تاقی ئاسمان دەفڕاند. گێژی دەدان، لوولی دەدان، دەیهێنان، دەیبردن. گەردەلوول مینا مزراحێکی زەبەلاح. بەسەر شاردا دەخولایەوە. درەختەکان لەوەدا بوون لە بن و بێخ هەڵبکەنرێن... ڕەنگەکان چڵکن و ئاسمان لێڵ... کوڕگەلیش بەچاوی نیوە نووقاوەوە، بێ گۆرانی، بێ گرمەی دەهۆڵ و فیقەی زوڕنا هەڵدەبەزینەوە.

میری میران لەم شاییە شیرازە پچڕاوەی دەنۆڕی و دڵی دەردەهات... کە لە چوار کەناری خۆی ڕادەما سێبەرەکانی تۆختر دەبوون. گۆشەی سێبەرەکان تیژتر دەبوون. دەکشان و دەهاتنەوە یەک. درەختەکانی کۆشکیش ئارامیان نەمابوو. لقوپۆپەکان میناگێژەن دەسووڕان و تێکەڵ یەک دەبوون. لەم دەمەدا، ئاو چۆن دەڕوات و جێ بۆ خۆی دەکاتەوە، ئاوەها سێ لاوی تەرپۆش بەنێو ئەو حەشاماتەدا دەهاتن. کوڕگەل

بەپەرۆشەوە دڕیان دەدا و ڕێیان بۆ دەکردنەوە. ئەوەی پێشەوەیان لەگەڵ هەنگاوناندا وردە گولێنکەی شەدەکەی لەبان بڕۆکانی هەڵدەبەزینەوە. ڕوخسارێکی کراوە و بەبریقەی هەبوو. ناوقەدی بە پانە پشتوێنێکی گوڵ گوڵی جەڕاندبوو. بەڕوویەکی گەشەوە دەهات. لەبەردەم میردا بەچۆکدا هات. دەستی چەپی نایە بناگوێی بە دەستە ڕاستیشی ئاماژەی بۆ میری میران دەکرد و تێی هەڵکرد:

دنیا دەوران دەورانە
ڕۆژی خانان بەسەرچوو
لێدەن لە دۆڵ و زوڕنا
ئەمڕۆ ڕۆژی میرانە

میر بەدەم بزەی سەرکەوتنەوە دەستی دایە باڵی ساڵح شایەر و هەڵیساندەوە. بەستەیەک دە دیناریی بەسەردا باراند. هەموو چاوەکان سەرنجیان دەدا. هێشتا بزە، لێوی میری بەرنەدابوو، دەستی بۆ کەمەری برد. دەمانچەکەی سوارکرد. لە پانتایی بەردەم کۆشکەوە چواردە گوللەی بۆ ئاسمان نارد. ئەوانی دیکەش لوولەی چەکەکانیان لە ئاسمان کرد. باسک و چیا، تەقەیان بەگوێی شار و بەگوێی سەرکەوتوواندا دایەوە. دەرگاکانی کاردۆخ قلێشانەوە... زوڕناژەن فیقەی لە زوڕنا هەڵساند. دەهۆڵکوت بەدەم ڕەوتێکی سرکەوە بەپێش شایییەکەدا دەگەڕا. شایی گێڕەکان شانیان لە شانی یەک توند کرد و دەستیان لە دەستی یەک وەرێنا، بەدەم ڕەزمی ئاهەنگێکی سازەوە پێیان دادەنا و پێیان بەرز دەکردەوە.

میر هێشتا بزە بەری نەداوە. سەرنجی دەوروبەری خۆی دا. سێبەرەکان نەمابوون. گەردەلوولەکەیش نیشتەوە... لە چاوی میرەوە پەپوولەی ڕەنگاوڕەنگ بەدەم سەمایەکی بێدەنگەوە، وەربوونە ئاسمانێکی بێگەرد. دار کاژەکانی دەوری کۆشک، بەسروەی شەماڵێکی نیان دەلەرانەوە. گوڵەکان ڕەنگیان وەبەرهاتەوە. بەشوێن یەکدا ڕیزی کیژۆڵان گەیشتن. ئەوەی پێشەوەیان بەدەم ڕێوە لەگەڵ لەرینەوەی سینگە بەرزەکەیدا دەسرۆکەیەکی ڕەنگینی بادەدا. دەسرۆکە بەدەستە چاوەمەستەکە سەرچۆپیی لە کوڕە لاوەکە سەند و کەوتە دەسرۆکە بادان... میر و عەباس، سەرنجێکی بەمانایان گۆڕییەوە و دەتریقانەوە. میر بەگوێی عەباسدا چپاندی:

«باش نەماننناسی بوون. ئەوەتا بەپێی خۆیان هاتن!»

سلێمانی 13/6/1997



# ئەسپی پیرۆز

سەردەمێکە میوانی ماڵە گەورەیت و بۆ دیدەنیت ڕێ بەر ڕێدار ناکەوێ. ئەوان سەرسامن و وەک عەزرەتی دەخوازن بێنە دیدەنی تۆی ئەو ئەفسانەیەی ڕۆژێ لە ڕۆژان بەخەیاڵیاندا نەهاتووە ئاوا دەستەمۆی نێوان چوار دیوار بی. دەیانەوێ لە ئەفسوونی چاوت، لە تاڵی بژی خاوت، لە شەقژنی فڕینی تیژی باڵت، لە سۆنگەی کەوتنە داوت ڕامێنن.

تۆیش ئێستا تینوویت. بەیادی ئەوسا کەوتوویتە سمکۆڵان، ئەوەتا ئەو عەردەی پێشی خۆت ئەژنۆیەک چاڵ کردووە، بەڵکو ئەمە خوایە وەک ئەوسا بگاتە سەر ئاو. بەڵام ناگات و زمانت وشکتر دەبێ و یادی جاران دەکەیتەوە... کاتێ ئەو سروەیەی لە دۆڵ و نسارەوە، نمدار بەبۆی ڕێحانە کێویلە و گوڵەباخی ئەسڵ هەڵی دەکرد و لەپێشدا بژ و پەرچەمی ئێوەی شانە دەکرد.

***

جاری جاران ئێمەی ئەسپ لەو کێو و بەندەنانە دەژیاین و تێکەڵ بەئاوەدانی نەدەبووین. ئەوسا جوانتر و تێکسمراوتر و خۆشبەزتر بووین. لە حیلە و کوڕژنمان چیا دەنگی دەدایەوە. منی ئەسپی پیرۆز پادشا و پێشەنگیان بووم. منی سپیی بێ نیشان، چاو کووژەکەیی، گوێ گچکە و قوت. شەپۆلانی یاڵم بەوێنەی چوڕی شیر و بەبان ملمدا چین چین. جووتێک شاباڵم پێوە بوو شاپەڕ سپی... کاتێک باڵم دەگرت، زەوی دەکەوتە ژێر چەپۆکەکانمەوە. لەکن من بەرزایی چیای قەندیل و تەختایی دەشتی قەراج چون یەک بوون و ماندووبوونم نەبوو. لە هەر ڕەقەن و بەیارێک بمکردایە بەسمکۆڵان، تافەتاف کانییەک لەو جێیە هەڵدەقولا و ڕێبوار و گیانداری تێنوو بینیان پێوەدەنا. شلێپ و هووڕ خۆیان تێدا دەشۆرد. ئەو کەسەی بەڕێکەوت منی ئەسپی پیرۆزی بدیایە بەختەوەر بوو، کە دەگەڕایەوە دێ بەتانیدا دەهاتە خوار و بۆ خەڵکی ئاوایی دەگێڕایەوە... خەڵکی ئەو چیا و دۆڵانە بڕوایان وابوو کاتێ دەحیلێنم ئەوە نزایان بۆ دەکەم. کاتێ شاخیش دەکەم و بەدەم چوار ناڵەوە ئاگر لە سمەکانمەوە بروسکە دەهاوێ ئەوە سەبارەت بەناڕەواییەکان توورەم و بێزاری هەڵدەڕێژم.

کام کانیاوەی زوڵاڵ و ڕوونە وەک چاوی قرژانگ، بەرلەوەی شەنگە کچانی دەورەکە بێن و دەموچاویانی لێ بشۆرن، ئێمەی ئەسپ لێمان دەخواردەوە. ئەوسا چون داربەڕوو

حەزمان لە شوێنی ئەستەم و پڕ مەترسی بوو. لە بەرگیلە و ڕەفەی چیا و کەلاوەی هەڵەمووتەکانەوە دەمانڕوانییە گوندی نێو دۆڵەکان. لە چاوماندا بریسکەیەک هەبوو لە پرشنگی ئەستێرە پرشنگ هاوێژەکان. بەچوار ناڵە بەلای عەبری ڕەوەندانداڕەت دەبووین و لامان لێ نەدەکردنەوە. با بەتۆزی چوارپەلماندا نەدەگەیشت. ئاشنای بارڕژنی ڕانەکێوی و چریکەی بانگخۆشکەم بان چڵەپۆپە و لرفەلرفی ڕووباری نەسرەوتوو بووین. ئێمە بەڕەوە دەژیاین. ئەشکەوت و لاپاڵ و هەڵەت ئاشنای حیلەحیلمان بوون. ئەو بەفرەی لە چیا دەباری، لەپێشدا دەبووە فەرشی پێشوازیی ڕاخراوی بەردەم ئێمە... داخی داخانم... ئاسمان دوور و زەوی سەخت... ئەرێ بەڕاست ئەو ئەسپانەی کە لە تاوی غاردا پەلیان لە ئاسمان دەکوتا، ئێمە بووین؟!

***

شەوێکی سەر بەهەورە و کەس نازانێ گورگی گۆشتخۆر و ئێوەی گیاخۆر لەسەر چی لێتان بووە بەهەرا و ڕەوە ئەسپێک لە دۆڵێکدا لاڵوپاڵ لێی کەوتوون. بەچاوێک نوستوو، بەچاوێک بێدارن. ئەوا گەلە گورگێکیش لە چوار کەنارەوە، لەودیو زنار و دەوەنەکانەوە سەر دەردێنن و چاو دەگێڕن. دۆڵەکەیان خستۆتە ژێر سەرنجی تیژیانەوە. ئەوا لووت بەرەو ئاسمان هەڵدەبڕن و دەبێتە گورگە لوور و کلک بادان. گورگی ئەم باسک بۆ گورگی ئەو باسکی دەسەنێتەوە و سام دەبێتە تیغی دەبان و بەدڵی ئێوەی ئەسپدا ڕۆدەچێ.

لە حیلە دەدەن و بەکوڕژن و پێکۆڵ ئەو دۆڵە پڕ هەرا دەکەن. دەلەرزن و بەچاوی سوور هەڵگەڕاوەوە هەڵدەسنە سەر پاشوو... شەو ئەنگوستە چاوە و چاو چاو نابینێ، وەلێ گورگ نێچیر دەبینن و هەر ئەوەندەی پێبزانن لێی دەترسێن ئیدی لە کۆڵتان نابنەوە.

ئەوا گەلە گورگ لێیان کردنە چوارسەرە و دابارینە دۆڵەکەوە. فڕکان فڕکانە لەم سەری مەیدانەوە بۆ ئەوسەر. ڕەوە ئەسپ شەق و پەق و تەرت و توونا دەبن... ئەسپێکی سپی هەڵساوەتەوە سەر پاشوو، بەدەم حیلەحیلەوە، دەستەکانی لە هەوادا ڕادەوەشێنێ. ئەمجا دەست دەنێتە زەوی و بەلووشکان بەرگری لە خۆی دەکات. گورگێکی هار، یەختە، چاوی سوور و زاری بەش، هەیتا هەیتا هەڵدەبەزێتەوە. لمۆزی دەگاتە کەفەڵی ئەسپی سپی و زامداری دەکات. ئەسپ لە حیلە دەدا، ئەسپ لە چوار ناڵە دەدات و یەک سەڵەف بەسەر بەردا، بەسەر دەوەندا، بەنێو زەبەنگ و بەبان جۆگەدا بازدەدا... لە تاوی غاردایە و ڕووی لە باسکێکە. ملی پێوەدەنێ و گورگی هار لە شوێنی. گورگ



لەوەدایە لمۆزی بگاتە کەفەڵی ئەسپ و نایگاتێ. کۆتایی باسکەکە خەرەندە. ئەسپی زامدار بەو خێراییە دەگاتە ڕۆخ هەڵدێرەکە و دەترازێ. تا ناوەندی خەرەند بەتەپاوتل دەگلێ. تل دەخوات و زامی تێ دەبێ، تا کفت و کەنەفت درێژ دەبێ...

ڕۆژێکیان ڕەوە ئەسپەکانم لە تەختاییەکدا کۆکردەوە. هەندێ شەل و شێت، هەندێ لەش بەزام مێشیان تێ ئاڵابوو، هەندێ زەندەقچوو، هەندێکیش هێشتا بە ورە. کۆم کردنەوە تاکو پێکەوە بیر لە چارەیەک بکەینەوە. دوای شێر و ڕێوی هێنانەوەی دوورودرێژ و بێ تام. دوای گفتوگۆی زۆر، دەم سپیی ڕەوەیەک ئەسپ وتی: «هۆ ئەسپی پیرۆز هۆو دەستم دامێنت، ئاگادار بە تێ نەکەوی. لە ئێمە و لە گورگان کام لامان پێشتر ئەم چیا و چۆڵەمان جێ هێشت، ئەولایەمان دۆڕاوە. چار هەر ئەوەیە بەرەنگار بین!»

دەم سپی ڕەوە ئەسپێکی دیکەیان گوتی:

«ئەسپی پیرۆز گوێم بۆ ڕادێرە... ئێمە چەند بەهێز بین، چەند بە لەشولار جوان و لە غاردا خێرا و خۆشبەز بین. هەر بەرەی مرۆڤ لە ئێمە زانا و وریاترن. با پەنا بۆ مرۆڤ ببەین. با مرۆڤ بکەینە کەس و داڵدە!»

ئەوەبوو ڕەوە ئەسپی سڵۆک، کە بەزۆریی ماندوو، زامدار و زارەترەک بووین، دوای ڕای دووەم کەوتین. هەر ئەو ڕۆژە، هەزاران ئەسپی کوێت، زەردکوێت، شێ، شێ تاڵە، بۆرە، ڕەشبۆرە، سپی، قولە، مەخسوسی، کەحلان، حدود، باڵەبان پشتمان لە چیاوچۆڵ کرد و ڕووەو ئاوەدانی ملمان پێوەنا... بەرەی مرۆڤ بەحەپەسان حەپەسابوون. بەپیرمانەوە هاتن و پەیمانیان پێ داین:

«ئێمە داڵدە و پەناتانین!»

«شەرت بێ بەشەرتی پیاوان ناپیاو نەبین!»

«لەم ڕۆوە ئێوە لە وەزەنی گورگ پارێزراون!»

***

ئێستاش تۆ ئەی ئەسپی پیرۆز لە تەویلەیەکدا بەندی. بۆگەنی ڕیخ و هاڵاوی ئاژەڵ مێشکیان پڕ کردووی... بیرتە ڕۆژێکیان کوڕێکی ماڵە گەورە لە تەویلەکە دەری هێنای؟ سەرکەلەی بەگوڵنگەی ڕەنگاوڕەنگی لەسەر نای. ڕستێک مووررووی شینی چاوەزاری لە مل کردی. بەلغاوی زیو لغاوی کردی. کووژەکەی شینی کردە بژ و پەرچەمت... زینێکی نەخشینی بەئاوزەنگیی زێڕی لەسەر نەرمەزین هاویشت. ئیدی

باڵە سپییەکانت بوون بەژێر زینەوە و جەمام بوون. ڕکێبی بەملاو بەولادا بەردایەوە، تەنگاو تیلکەی دایت و سوارت بوو، ڕکێفکوت تاوی دای... لە دەشت ئەسپت بینی بارکێش. ئەسپت بینی نیلەیان ڕادەکێشا. کلک هەڵکڕووزاو، تەنگەقوپاو، یاڵ هەڵپاچراو. هەیانە شەوەکی بەدەم باری قورسەوە، وەنەوزە کوتێیانە و دەیانڕەتێنن. هەیانە لەسەر گوفەکان داڵ لێی داون. بەزەییت بەخۆت و بەتوخمی ئەسپاندا هاتەوە. ئوزاقی خۆت دا و هەڵسایتەوە سەر پاشوو. گوێکانت مووچ کردن و کلکت لە ناوەندی پشتت دانا. لە حیلەیەکی دوورودرێژت دا. سوار لەوەدا بوو بگلێ. جارێکی دی هەڵسایتەوە سەر پاشوو. هەردوو دەستت بۆ ئاسمان هەڵبڕین. قەدەرێک لە هەوادا چەپۆکانت کرد. بەڵام چەندت کرد و کۆشات و هانکە هانکت پێ کەوت نەتتوانی وەک جاری جاران بفڕی. بگرە چەندت کۆشا چوارپەلت لە زەوی نەبڕا... تۆ ئەی شای ئەسپان نیازت بوو بەیادی جاران یەک سەڵەف بفڕیت و هەتا بەرزایی چیا نەنیشیتەوە... سوار قامچییەکی سرەواندە ملت و هێندە توند جڵەوی ڕاکێشای لغاوەت خوێنی تێ زا. ئێستا بەخۆت دەزانی چەند خراپت لێ قەوماوە. شەنگت نایەتەوە بەر. باڵەکانت سست بوون و توانای فڕینت نەماوە... بەردەوام دەتحیلاند وەک جاران ئەشکەوت و چیاکان بۆیان نەدەسەندیتەوە. حیلەت دەنگدانەوەی نەماوە. پێچەوانەی جاران، لە قووڵایی دۆڵەکانەوە نائومێدانە ملی حەسرەت بۆ لاپاڵەکان هەڵدەبڕی. سەرلەبەری ئەسپانیش سەر لەبەرخۆ دەنێن، بارکێشن و ناوکەڕێژن.

«ئەم پەنابردن و دەستەودامانە وەک پەیکی مەرگ وابوو. بریا گورگ دایەری لێ ببڕینایە و ڕۆژمان بەم ڕۆژە نەگەیشتایە!»

ئەمەت لەبەرخۆتەوە وت.

***

حۆیی حۆیی گەڕایتەوە تەویلەکەت. لە تەویلەکەشدا، بیر لە سەرلەنوێ کۆکردنەوەی بەرەی ئەسپان دەکەیتەوە. تاکو جارێکی دی ڕووبکەنەوە چیا. تا دوا هەناسە هەر تەمایەری گەڕانەوەی. بەڵام لە نگینی کەچی تۆ ئاواتتان نەهاتە دی. چەند دەکۆشی، نەڕەشمەت بۆ دەترازێ، نەپێوەندت بۆ دەشکێ. دەرگاشت لەسەر داخراوە. بۆیە لە داخاندا سوێت بۆوە... ئەوانی دیکەش، یاڵیان کرا دەنگیان نەکرد، کلکیان گرێدان دەنگیان نەکرد. ماینیان لە کەر چاک کرد هەر دەنگیان نەکرد... ئێستا نەحیلەیان لە چیا دەنگدانەوەی هەیە. نەشێوەشیان وەک ئەوسایە... تەنگەیان ئەستوور. ملیان خوز و پشتیان قوپاوی ژێر بارە. یەخە دادڕاو، ناو دەم ڕەش و پەیزەن.



گورگ ئێستاش دەستی لێ هەڵنەگرتوون. لەڕێ و بانان. لە تەویلە و یەختەخانان، ئامبازیان دەبن و دەیانخۆن. ئێستا گەڕانەوەی ئەسپ بۆتە خەون و نایەتە دی... هەرچی بەرەی گورگیشە، تاکو نهۆ کەس بیری لە ڕامکردنیان نەکردۆتەوە.

سلێمانی. ڕێبەندانی 1987

* مامۆستای کورد، ژمارە (١٥) ١٩٩٢.

* بۆ نووسینی ئەم چیرۆکە، سوودم تەنیا لەم چەند دێڕەی «المخرج في المسرح المعاصر، سعد أردش، كويت، ١٩٧٩، ص/٢٧.» وەرگرتووە، کاتێ دەڵێ: (... ويذكرنا داميكو بهذه المناسبة بالخرافة القديمة التي تروي قصة الحرب بين الحصان والغزال. فقد لجأ الحصان الى الانسان يشكو له حاجته الى سلاح فعال يقف به في مواجهة القرون الكاسرة للغزال، فوعده الانسان ان يقف الى جواره في معركته. ولكن تحت شرط: ان يستسلم الحصان للانسان، فيضع له اللجام والسرج، ويركبه. ويوافق الحصان، الا انه يكتشف متأخراً ان الانسان استعبده الى الأبد...).

# بێشکە

ئەوەتا، ئەوە بێشکەکەیەتی. هێشتا وردە زەنگوڵەی زەرد، حەتحەتۆکە و چاوەزارە ڕەنگاوڕەنگەکانی پێوە ماون... دەزانم، ببوایە بەپیاو سمێڵێکی ڕەشی قەترانیی دەهێشتەوە، کۆتایی تاڵەکانی باخواردوو، کەمێک دەکەوتە خوار دابڕاویی لێوی... باوەڕ ناکەم وەک باوکی تووڕە بێت، تووڕە بوایە. نا، ناهێڵم... بڵێم نەمدەهێشت. لەسەر نەرمونیانی و هێمنی ڕامدەهێنا. بەڵام بەهێز... باسک و باهووە تووکنەکانی بابچنەوە سەر ئەو. سەر باوکی... باوکی خەتی دەخستە قژی و بەلای ڕاستدا هەڵی دەدایەوە... ئەگەر (با) بوایە کڵافەیەکی شۆڕدەبۆوە سەر هەنیەی. پێم خۆش نییە باڵاشی لە باڵای من بکات. باڵای ئەو جوانە. جوان بوو... ئەگەر بڵێی تکای خوێنێکم تێدا کرد و پێم گوت: ئەم ئیجازەیە مەچۆڕەوە. مەردی چاک بە، خۆت وتەنی هەڵەبجە سویسرەی فیرارەکانە... بەڵام بێ قەزابێ بەقسەی نەکردم. وتی: «مەلیح، تۆ و گۆران نەبوونایە تەپەم پێدا نەدەدا و خۆم دەمزانی چیم دەکرد...»

دەستی شکاوم ئەو کاتە لێم نەپرسی، پیاوەکە، ئەگەر من و گۆران نەبووینایە چیت دەکرد؟!... قەت بووە پیاو هاوسەر و جگەرگۆشەکەی لێ ببێتە تەوقی عەزازیل؟

هەرچەند وتم: مەچۆڕەوە، کوڕە مەچۆڕەوە، پارووە نانێک هەر دەبێ بیخۆین. کونجێک هەردەبێ بیکەینە داڵدە... مەچۆڕەوە زۆر لەم جەنگە دەترسێم... کەچی ئەو توند بەخۆیەوە گوشاردمی. ماشەڵڵا چەند بەهێز گوشاردمی؟!... سەرم ژوور ئاستی دڵی کەوتبوو. داهاتەوە. چاومان نووقاند و لێومان بەلێوی یەکەوە نا... گۆران نوستبوو. دەستی لە دەسرازەکەوە دەرهێنابوو. ناسک، خرپن. دەستی ماچ کرد و جانتاکەی کردە شانی. ماڵئاوایی لە من کرد و دڵی نەهات ئەو بەئاگا بێنێ...

«درەنگە مەلیح، وەرە بەلایانەوە!»

ئەوە خۆ من بانگ دەکەن... درەنگی چی؟... با ژەمی نیوەڕۆیان کەمێک دوا بکەوێ. منداڵی خۆشم بوونایە هەر هێندە خزمەتم دەکردن.

[مەلیح، لەوساوە بەدیار بەلۆعەکەوە هەڵکورماوە. بەلۆعەکە تافە تاف ئاوێکی ڕوونی لەبەر دەڕوات. ئاوەکە بەنێو وردە گیا و زیخ و گڵەکەدا ڕێ دەکات. لە دووریی دە دوانزە هەنگاوێک، لەژێر پەردووی خانوویەکدا کە بانەکەی نیشتۆتە زەوی بزر دەبێ و جارێکی دی سەرهەڵناداتەوە.]

***



گورجێ دەستم دایە بێشکەکە و کردمە شانم. هاتمە قاتی خوارەوە بۆ لای پوورە فاتم... تەقینەوەیەکی دیکەی گەورە هاتە بەرگوێم... پوورە فاتم ڕاچەنی. زوو زوو چاوی دەترووکاند و لەژێر لێوەوە ویردی دەخوێند.

«وەرە ژوورەوە مەلیح، لەگەڵ ئێمە بە.»

بێشکەکەم بردە قووڵایی ژوورەکەیان و نووساندم بەژێر نوێنەکەیانەوە... پوورە فاتم سەرێکی خێرای کێشا و هاتەوە ژوورەوە وتی:

«هەیرۆ، دووکەڵ هەڵدەسێ، بۆردوومانە!!»

قسەکانی پوورە فاتم لە زرمەی تەقینەوەکە زێتر دایچڵەکاندم. خۆم دابووە پەنا. جاروباریش لە پەنجەرە تەنگەکەوە دەمڕوانییە دەرەوە... بوو بەگرمە و ناڵە... تەقینەوەکان وەک لەناو سەرایەکدا ڕوو بدەن، دەنگدانەوەیان هەبوو. ژێرخانێکی تاریک... لە فەردای بەیانییەوە کارەبا نەمابوو... لە دوورڕا زریک و هووڕ دەگەیشتە لامان... پوورە فاتم بەهەردوو دەست شڵپ بەڕوومەتەکانی خۆیدا کێشا. هێند توند بەڕوومەتەکانیدا کێشا سەر کولمەکانی سوور هەڵگەڕان. هەناسەیەکی دەنگداری خێرای هەڵکێشا و وتی: «هەیرۆ، ئێستا ئاویش نامێنێ!»

هەرسێ کچەکەی پێکەوە ڕابوون. پێکیشەوە دەستیان دایە سەتڵەکە. بەڵام پوورە فاتم لە دەستی ڕاپسکاندن و خۆی ڕۆیی... بەپەلە و بەبێ ئاو گەڕایەوە، وتی:

«بابچینە ژێر زەمینەکەی ئەوبەرمان. ئەوێ قایمترە!»

دەستم دایە بێشکەکەم. لە دەوری گەڕێم، گۆران نوستبوو. دوایان کەوتم. لە کۆڵان، ڕایەڵی کارەبا کەوتبوونە سەر زەوی. مانگایەک وشک وەستابوو. کلکی ڕەپ کردبوو، دەیبۆڕاند؛ دووکەڵ لە گەڕەکی خواروو هەڵدەسا. ژێرزەمینەکەی ئەوبەر، درێژ، پڕ لە هاڵاوی پەنگخواردوو، دووکەڵی جگەرە. قیژەی منداڵ. ناڵەی بریندار. شینی کەس کوژراو. پیش خواردنەوەی ژنی ژانگرتوو. ڕووناکیی فانۆسەکەیش لێڵ بوو. لەلای دەرکی ژێرزەمینەکە، نزیک پلیکانەکان بێشکەکەم دانا.

«بۆمبەکانی ئەم دواییە دەنگدانەوەیان نییە. تەپەیەکیان لێوە دێ و هیچی تر!»

پیاوێکی کامل ئەم قسانەی کرد و لەگەڵ ئەوەی بەرامبەری بوو. ئەویش بەدەستی لەرزۆکەوە جگەرەکەی لە لێوی ترازاند. وتی:

«منیش پێشتر دەنگی وەها کپ و متم نەبیستووە!... نە هاوەنە، نە تۆپە، نە ناپاڵمە...»

«وسبە!... یان گوێم دەزرنگێتەوە، یان ئەوەتا لە دوور هات و هاوارێکی عەجایەبە... وسبن، بابزانین ئەو گاڵەگاڵە چییە؟!»

(هۆ خەڵکی هەڵەبجە شار چۆڵ کەن، دوژمن کیمیابارانمان دەکا... هۆ خەڵکی هەڵەبجە!... کیمیاوی... کیمیا!.)

لەپڕ، بازێکیان بەسەرمدا هەڵدا... دووباز، سێ... بێشکەکەم کەوت. ڕاستم کردەوە. بەبێشکەوە قەتیس مام و بەگیر وەستام. دوای هەموویان ژێر زەمینەکەم چۆڵ کرد. بەبێشکەوە هەڵێ... سەرەو ژوور... حەشامات بەلێشاو کەوتنە سەر جادەکان... هەناسەبڕکێ، هەنگاوی گورج. پێی بە سۆل... پێی پەتی. پێی بە سۆل... گابۆڕ... پشیلە میاو... قریشکە... نزای خوا هاوار... لە دووڕیان و سێڕیانەکاندا لێک دادەبڕان... فڕۆکە پۆلە داڵاش بوون بەسەر شارەوە... هەر ڕاست سەرەو ژوور... کەم لەپێشمەوە دیاربوون، زۆر بەدوامدا دەهاتن... ئەوانەی لە دوامەوە بوون پێم دەگەیشتنەوە. پێشم دەکەوتن. کچۆڵەیەک هەنگاوەکانی خاوبوونەوە. لە بن دیوارێکدا تلیسایەوە. کوڕە هاوڕێکەی بەدیارییەوە حۆل ببوو، دەستی دایە پەلی. کەچی ئەو چەناگەی بەسینەیەوە نووساند و پاڵی بەدیوارەکەوە دا. هەردوو لینگی بڵاوبوونەوە...

ئەم شان و ئەو شانم بەبێشکەکە کرد. گەیشتمە سەراوردی شار. بێشکەکەم دانا. دەستم بۆ دەسرازەکان برد تا توندیان بکەمەوە. ویستم دیقەتی گۆران بدەم. ژن و پیاوێک لە تەمەنی خاڵ و خاڵۆژنمدا هەڵیاندەخستەوە و بەرەو ڕووم دەهاتن. لە چەقی ڕێگەکەدا دەستیان گرت. دووقۆڵی سێپێییەکی بێ تام هەڵدەپەڕین. قاچەکانیان تێک دەئاڵان... ژنەکە پێخاوس بوو. بەم لاو بەولادا دەکەوتن و هەڵدەسانەوە. دیسان پەنجەکانیان تێک دەپەڕاند. عیو عیوی پیاوەکە تێکەڵ ترپەی هەنگاوی حەشامات و گرمەی بۆمب و هاڕەی فڕۆکە دەبوو... ژنەکە فەقیانەکەی کرد بەدەسرۆکە. بەرز بەسەر سەرێوە بای دەدا. پیاوەکەش لۆیەکی پشتوێنەکەی لە دووی دەخشا. خەڵکەکە تیژ بەلایاندا ڕەت دەبوون. لەپڕ ژن و پیاوەکە وەستان. ئەمجا بەرامبەر بەیەک هەردوو دەستیان تێک ئەلقاند. زۆر بە ویقار بوون. من شەرمم دەکرد. ئەوقیش ببووم. ژنەکە وەک شەربە قلێپ بکەیتەوە قاقا پێدەکەنی و نەیدەبڕییەوە...

پیاوەکەش هەڵدەبەزییەوە و بەقاقا وەڵامی دەدایەوە. سەری قوت. تازە پاک پاک تاشیبووی. پشتوێنەکەی کەوتبووە ناوگەڵی و لە دووی دەخشا. دەترسام، بۆیە ئەوق ببووم. لەپڕ پیاوەکە بەلادا هات و کەوتە کەفچەڕاندن. کەفێکی زەرد... ژنەکە بۆی دانەهاتەوە. هەر بەتەنگیشییەوە نەبوو... بەدەم تریقەی پێکەنینەوە. جۆرە ڕاکردنێک



ڕای دەکرد تەنیا لە گوێرەکەم دیوە. سەرەوخوار بۆ ناو شار تێی تەقاند. خەڵک لە شار هەڵدەهاتن و ئەو بۆ ناو شار. فەقیانەکەیشی هەر بەسەر سەرێوە بوو، بای دەدا... من وەستابووم دەسرازەکەی توند بکەمەوە. دەسرازەی بێشکەی گۆران گیان. ویستم ماچێکی بکەم... ئاپۆرەی خەڵک هەروا دەهاتن. پیادەی زامدار بەکۆڵ. گەنجی خورتی کەنەفت بەکۆڵ. کۆنەساڵی گۆچان لە مشت بەهەناسەی سوارەوە ڕەت دەبوون. نەمدەزانی بەرەو کوێ ملیان دەنا. خۆشیان هەر نەیاندەزانی. لە ئاستی ماڵی خۆمان دووکەڵێکی چڕی سپی حەواکەوت. هەر بەرز دەبۆوە. وەک هەزار هەلاج پێکەوە لۆکە شی بکەنەوە، دووکەڵ بڵاو دەبۆوە و بۆشایی داگیر دەکرد. ئەمجا شۆڕ دەبۆوە و دەنیشتە سەر زەوی و چون مار دەخشا. ڕووبەرێکی فراوانی دادەپۆشی. بۆنی سیر دەهات. مێردمنداڵێک سەرەو ژوور هەڵدەهات. خۆی بەدرەخت و دیواردا دەکێشا. دەیقیژاند. دەستێکی بەچاوەکانیەوە بوو دەستێکیشی بۆ پێشی درێژ کردبوو... پڕم بەبێشکەکەدا کرد و سەرەو ژوور بوومەوە... بایەکی سارد بەسەر بەفری بان (شنروێ)دا هەڵی کردبوو. ڕێک بەرەو ڕووم دەهات. قاچەکانم سەرمایان بوو. گرمە و ناڵەیەک بەتیژی بەسەرمدا ڕەت بوو. نەموێرا دیقەتی بدەم. هەڵهاتم... نەمزانی ئەو هەموو خەڵکەی لەو ژێرزەمینە قووڵەدا بوون چییان لێ هات؟! چەند شپرزەبووم خوایە گیان؟! تاریک داهاتبوو. کە خۆم بەچڕەیەکدا کرد، هەستم کرد خشەخش و تەپەی پێ لێم نزیک دەبوونەوە و لێم دوور دەکەوتنەوە. چرای ئوتومبیلە هەڵاتووەکان لە چۆڵەوانییەکەی بەرامبەرەوە یەکدییان ئاشکرا دەکرد و دەبوونە نێچیری فڕۆکە... دایکت بمرێ، پەتوویەکم نەهێنا تا بەسەری دابدەم. ئەی تەمەن درێژ بی کۆرپەکەم. نەگریانێک. نەکڕووزانەوەیەک. پێ دەچێ هەستی کردبێ لێمان قەوماوە... بێشکەکەم بەگران لە شانم داماڵی. شان و قۆڵم جەمام ببوون... دامنایە بان سەوزە گیاکە... وردە زەنگوڵەکانی بێشکەکە زرینگانەوە. زۆر زرینگانەوە. قەت زرینگانەوەی وەهام نەهاتبووە بەرگوێ... سوێ ئاڵابووە پێی ڕاستم. دەستم برد. پەنجەکانی دەستم گەرم داهاتن. تەمس بنی پێم زامدارە. ئەوق ببووم بیرم چووبوو لاسیکەکان لە پێ هەڵکێشم. یەخەی کراسەکەم ترازاند و مەمکم دەرهێنا و بۆ زاری گۆرانم برد. گۆی مەمکم بەر زەنگوڵە وردیلەکان کەوت. دیسان زرینگانەوە. دەزانی چی ڕووی دا؟ چی ببینم باشە؟ بێشکەکە بەتاڵ و حەتاڵ بوو!... گۆرانی تێدا نەمابوو. دەگەڕام. دەسووڕام. لە تاریکیدا چاوم بۆ دەگێڕا. بەڵام گڕگڕ دەهاتمەوە سەر بێشکەی بەتاڵ. ئاوا گۆرانم سەری تیاچوو!. مەمکیشم دڵۆپ دڵۆپ شیری لێ دەچۆڕا... کۆرپەکەم نەخۆش نەبوو... مەرگ بێ لە

دەرگادان و بێ هەواڵ ناردن، لەپڕ خۆی بەژووردا کرد. بەدزییەوە هات. لە (بەغا)وە هات. کەس ئاوی بۆ گەرم نەکرد. نەکردن... کەس کفنی بۆ نەبڕی. نەبڕین... ئەها ئەوەتا. ئەوە بێشکەی کوڕە چاوگەشەکەمە، لە پەنجەرەی گەنجینەکەوە دیارە. نایفەوتێنم... قەت نایفەوتێنم. بێشکەی بەتاڵ. لانکەی چۆڵ. لانکەی بێ گۆران...

[مەمکی دەکاتەوە بەژێر کراسەکەیدا. بەلۆعەکە دەگرێتەوە و دەچێتەوە بۆ لای منداڵە بێ کەسەکان.]

کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی

18-23ی ئایاری 1993

* خەرمانە، ژمارە (٩-١٠)ی ساڵی ١٩٩٣.



# قەلە ڕەشەکان

بەرلەوەی سکرتێر پێشت بکەوێ و ئەودیوی ژووری بەرپرست بکات، لە هۆڵی چاوەڕوانی دانیشتبووی... لە بەرامبەرتەوە چاو سەوزێکیش چاوەڕوان بوو. لاقە سپییەکانی جووتێک ماسیی سرک بوون. جارێک چەپی دەنایە بان ڕاست و جارێک ڕاستی دەنایە بان چەپ... گاهێ دەستی ڕاستی دەنایە ژێر چەنەی و بەلای ڕاستدا گەردنە زراڤەکەی لار دەبۆوە. پرچی زەردی تازە شانەکراویش وەک تاڤگەی گەلاڕێزان بەولایەدا دەڕژا. گاهێ دەستی چەپی بەنووقاوی دەنایە ژێر چەنە و، تاڤگەی زێڕینەپرچ بەلای چەپدا دەڕژا. بۆنێکی خۆش دەگەیشتە دەماخت. جا کێ دەڵێ بۆنێک بوو؟. ڕەنگە ئاوێتەیەک بووبێ لە کۆمەڵە بۆنێک و خۆی تێکەڵی کردبن... چاو سەوز دڵی ها بەلای (معامەلە)کەیەوە، کە ئەوەتا لە فایلێکی پەمبەدا و لەسەر تەپڵەکە نزمەکەی پێشی جێگیرە.

بەرلەوەی ئەودیوی ژووری بەرپرس ببی، گورزە تیشکی سەرنجت بڕیبووە چاوە سەوزەکانی، کە وەک هەڵووژەی کاڵی بەر خۆرەتاو دەبریسکانەوە... کراسێکی بنەوشەیی، لەسەر تەنوورەیەکی ڕەشی پلیسی کراوی پۆشیبوو. لە کاتی دانیشتندا دوو پەنجە سەر ئەژنۆ دەکەوت.

ڕەنگە خۆشەویستیت بۆ ڕەنگی بنەوشەیی، لەو سۆنگەیەوە بێ، ئێواران خۆرنشین و خۆرنشین، کاتێ بەرەو ماڵ دەبێتەوە، چاوەکانی تێ دەبڕی و لەگەڵیدا ڕاهاتووی. وەک بنەوشەیی فریشتەیەک بێ، دوای ڕۆژێک ڕەتاندن، نەرم و نیان دەستت بگرێ و شان بەشانەوە بەرەو ماڵت بکاتەوە. ماڵی جێگەی تەناهی و حەوانەوەت. ئەمجا دەستە نەرمەکانی بکاتە ملت و لەسەر جێگەکەت بتخاتە خەو.

لەژێر کراسەکەیەوە. لە بان سینگە کەمێک واڵاکەیەوە، جووتێک کوارگی نوێ، لەوانەی بەهەورە گرمەی بەهاران هەڵدەتۆقن، چەتریان هەڵدابوو، تاریکی تەنوورەکەی، ڕووناکیی پووزەکانی، بنەوشەیی کراسەکەی، زاخاوی چاوی چاوەڕوانیکەران بوو.

بەرلەوەی ئەودیوی ژووری بەرپرس ببی، پرچی زەرد، بۆ سەر کراسی بنەوشەیی، چاوی سەوز و کراسی بنەوشەیی، ئاهەنگی ڕەنگیان لەم هۆڵی چاوەڕوانییەدا بەرپا کردبوو. چاو لەسەر هەر کوێی بوایە، هەر دەبوو بگەڕێتەوە سەر لێوە سوورە تۆخەکانی، کە وەک دەنکە هەناری ئاوداری بەر ڕۆشنایی، زار ئاوی بۆ دەکرد. ئەو لێوانە بەردەوام

نووقابوون، وەک بلێی نهێنییەکی مەزنیان پێیە و هەرگیز نایدرکێنن!. لێوەکانی بوونە چەقی سەرنجت. لەپڕ، بێ ئەوەی دەسەڵاتت بەسەرخۆتدا بشکێ، خێرا خێرا کەوتیتە دەستکاریی کەپوو، برۆکانت. ئەمجا لە پەنجە کەڵە و پەنجەی شایەتومان مووکێشێکت دروست کرد و بەسەر ڕوومەتە لاوازەکەتدا دەگێڕا. بەڵام مووکێش مووی پێوە نەدەبوو. دەستت دادەگرت و لە پەنجە تووتەوە دەکەوتیتە تەقاندنیان. پاشان لەسەر سینگت هەردوو باسکت تێک پەڕاند و خۆت قوفڵ کرد.

کە سکرتێرەکە ئەودیوی ژووری بەرپرسی کردی، بەپەلەپەل تا ئەوسەری ژوورەکە چووی... بەرپرس وەک لەوە بترسێ کورسییە نەرم و شلە بزۆکەکەی ژێری باڵ بگرێ، یان لەژێری دەربێنن، ناکات لە جێی خۆی ڕاست ببێتەوە... دەستی ڕاستی دەخاتە سەر قۆڵێکی کورسییەکە و بەدەستی چەپی توند قۆڵەکەی دیکەی دەگوشێ. لەژێر برۆکانێوە نیگایەکی تووڕەت تێ دەبڕێ. بەپشتی کۆمەوە، وەک تەوقە لەگەڵ مێینەدا بکات، سەری پەنجەکانیت بۆ درێژ دەکات.

***

ئێستا چۆن میوانێک، لەسەر کورسییە ستیلەکەی بەردەمی بەرپرس ڕۆنیشتووی. بەرپرس لەودیو مێزێکی قاوەیی سەر بەشووشەوە پاڵی داوەتەوە... تەلەفوونی شیریی، زەیتوونی و جگەریی لەسەری دەبریسکێنەوە. لەژێر شووشەکەوە نەخشەی چەند پرۆژەیەک و لە سەرییەوە گوڵدانێکی مۆری شێوە کووپەیی. نەخشی گەڵا و تاوس بەڕەنگی زیویی ئەڵقا و ئەڵقی تەنیوە... لە ناویدا هەمیشە بەهاری پرتەقاڵی، گوڵەباخی بیانیی سپی و ئاگری. هێشووی نەسرین، چەند لکێک مۆرد، بەگەڵای نووک تیژ و بەرامبەر بەیەکەوە، تێکەڵ لە کەسک و زەرد... دەمەشێری سپی، چەند تەڵێک ڕەشە ڕێحانەی ڕەنگ تێر، سەوزی تۆخی تێکەڵ بەمۆر، گوڵاو پرژێنی ژوورە گەورەکە دەکەن.

سێتێکی سەرمێز، ڕازاوە بەپاندان و قەڵەم پاندانی زێرین و زیوین... سیگاری کەنت و پاکەتێک دەستەسڕی کاغەزی پیرۆزە ڕەنگ، لەژێر قەباغێکی زیوینی بەزەنگیانە ڕازاوەیش لەسەر مێزەکەن... وا بەرپرس سیگارێکی چروتی گەیاندە لێوی و پەنجە کەڵەی بەچەرخە ڕەشەکەدا نا. زرنگایەوە و گڕێکی زەرد، وەک زەردەی چاوەکانی سەری کێشا. کلافەیەک دووکەڵ، پەردەیەک لە برنجۆکی خۆڵەمێشی بۆ ڕوخساری دڵڕەقانەی بەرپرس هەڵدا.

(دیارە دەمناسێتەوە، داخۆ چ کارێکی بەمن هەبێ؟!) ئەمەت لەبەرخۆتەوە وت و



گوێت لە ترپەی دڵتە... هەست دەکەی بن هەنگڵت دڵۆپ دڵۆپ ئارەقە دەدەڵێنێ. دەتەوێ پەشۆکانی خۆت پەردەپۆش بکەی. زەردەخەنەیەکت هەواڵەی لێوەکانت کرد و سەرنجت لەسەر نیگای بەرپرس گیرساوەتەوە. دەستی ڕاستت بەڕوومەتدا دێنی و چەپت لەسەر ڕانی چەپت مەلاس دەدەی. هێشتا سینگت بەکاریگەریی ئەم دیدارە کوتوپڕە، مووشەدەمە ئاسا دەجۆشێ.

وا بەرپرس دەستی دایە قەڵەم جافێکی زیوین و کەوتە کوتانی مێزەکە. دەنگێکی ڕەقی لێ هەڵدەسێ و هاوکات بەپرس دایگرتیتەوە:

– تۆ ئەوڕەحمانی حەمەی عەلی نیت؟!

– بەڵێ ئەوم.

– ئێمە هاوڕێی منداڵین. وا نییە؟!

– بەڵێ وایە.

– کوڕی گەڕەکێکی ئەم شارە نین؟!

– کوڕی گەڕەکێکی ئەم شارەین.

– ماڵ بەماڵەوە نەبوو؟!

– چۆنی دەڵێی وەهایە.

– هەتا پێنجەمی ئامادەییش پێکەوە بووین، وا نەبوو؟!

– بەڵێ وا بوو.

– بەپێی سەرژمێری ساڵی (١٩٥٧)یش، تەنانەت یەک خێزانی (تورکمان) چییە، لەم شارەدا نەبوو. وایە؟!

– وابوو، سەر پاکی شار کورد بوون.

– کەواتە بۆچی جەنابت لەم سەردەمەدا خۆت بەتورکمان نووسیوە؟ شوورەیی ناکەی؟!

دەپرینگێیتەوە ئەوڕەحمان... ڕەش دادەگیرسێی ئەوڕەحمان. چاوەکانت دەکەونە فڕین ئەوڕەحمان. بیرت وەک باشووکەی تیژ باڵ دەگەڕێتەوە کۆڵانەکانی ئەوسای شار.

[دوو مێردمنداڵ، لە چەقی کۆڵانێکدا باوەشیان بەیەکدا کردووە. ماسولکە تورت و بەئاگا. شەرواڵ تا خوار ئەژنۆ و قۆڵی کراس تا ئانیشک هەڵکردوو. مرخێش مرخێش یەکدی دەهێنن و دەبەن. قۆپچە بەردەبنەوە... هەناسە سوار. بۆ یەکدی لەسەر چز. لەپڕ

یەکێکیان ئەوی دی بەسینگییەوە دەنووسێنێ. قرچەقرچ، دەنگی بڕبڕەی پشتی دێ. پێی لە زەوی دەبڕێ و زرم بەزەویدا دەکوتێ. تەپوتۆز حەوا دەکەوێ. قژ و کراس و شەرواڵی خەڵتانی خۆڵ دەبن. چۆکی لەسەر کۆڵەی سینگێتی و لەسەرەوە هەناسەبڕکێیەتی. ئەوەی ژێرەوەیان لە شەرماندا چاوی هەڵنایەت و پەلەقاژەیەتی... ئەوەی ژێرەوە بەرپرسی ئێستایە.]

پەڕەی گوێ و لاجانگەکانت گەرم داهاتوون. نووکی پێڵاوەکانت لەسەر هۆرتەکەیە و پاژنەکانی بەحەواوەن. پەیتاپەیتا پاژنەکانی بەرز و نەوی دەکەی، هەموو گیانت دەلەرزێ... قەدەرێک بێدەنگ دەمێنی. لە هەناسەیەکدا بەخۆتدا دێیتەوە. بەرپرس چاو لە ڕوخسارت ناگوێزێتەوە. چاوەڕوانی وەڵامە... ئەوڕەحمان تۆ وەک شەبەیخوونیان لێ کردبێ لە کاتی خۆیدا نەهاتیتە دەست. نەهاتیتە گۆ. ئەوەندە هەیە ئێستا لەرزینەکەت نەماوە و ئاهێکت تێگەڕاوە. دەستەکانت کردوونەتە مستەکۆڵە و لەسەر قۆڵی کورسییەکە داتناون. چاوت بڕیوەتە چاوە زەردە بچووکەکانی بەرپرس. لەپڕ دێیتە گۆ:

– کەواتە جەنابتان (حەمە تاڵ)ن، وا نییە؟!

– بەڵێ جەنابمان حەمە تاڵین.

– دراوسێی سەر و ماڵی بووین. وانەبوو؟

– بەڵێ وابوو.

– سەرەتاییمان پێکەوە بەڕێ کرد؟

– پێکەوە.

– تۆ ئامادەییت بۆ تەواو نەکرا. وانەبوو؟!

– وابوو.

– بەڵام من تەواوم کرد.

– ئەی ئافەرین بۆ تۆ!

– وابزانم لەگەڵ بابتدا پێکەوە نەدەگونجان، بۆیە چەند ساڵێک خۆت گورگە کرد؟

– ئەمەشیان ڕاستیی تێدایە. بەڵام من بووم بەپێشمەرگە!

– ئەم شارەش بەپێی سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ تانوپۆ کوردە، وانییە؟!

– وایە، خۆشم لە پێشەوە باسم کرد!

– ئێ باشە تۆ حەمە تاڵ، نەچاوت شینە، نەقژت زەردە، ئیدی بۆ خۆت لێ کردووین



بەئەوروپایی؟!... بۆ ڕەگەزنامەی وڵاتی (ئەڵمانیا)ت لە باخەڵدایە![1] حەمە تاڵی بەرپرس ڕەش داگەڕاوە. زار هەڵدێنێتەوە بەڵام قسەی بۆ نایەت. وەک کەڵەبابێک داوای مەیدان لە کەڵەبابێکی دیکە بکات، لێکدا لێکدا قەڵەمەکەی بەشووشەی سەرمێزەکەیدا دەکێشێ، تۆش ئەوڕەحمان وا هەست دەکەی ئەمڕۆیش وەک سەردەمی منداڵی پشتت داوەتەوە لە عەرد. پڕ بەسینە، هەناسە هەڵدەکێشی. قەڵەم جافە هەرزان بەهاکەت لە گیرفان دەردێنی. وەک وەڵامی بەرپرس بدەیتەوە، دەکەویتە کوتانی شووشەی سەر هەمان مێز.

ئەوقبوون و بێدەستەڵاتی بەرپرست قۆستەوە و لەسەری ڕۆیشتی:

– من لەبەر دەست تەنگی و بۆ ئازووقە خۆم بەتورکمان نووسیوە. خۆ تۆ کاربەدەست و نان بەدەستی. خۆشت ملیۆنێری. ئیتر بۆچی تاکو ئێستا هەر ڕەگەزنامەی هەندەرانت لە باخەڵدایە؟!... هەر کاتێک تۆ لە ئەوروپاییەوە خۆت کردەوە بەکورد، منیش لە تورکمانەوە خۆم دەکەمەوە بەکورد!

بەرپرس سیگارەکەی دادەنێ. دەیەوێ بێتە گۆ، بەڵام قسەکان لە بەربینیدا بەگیر دەوەستن و ڕەشتر دادەگیرسێ. لەسەر کوتانی مێزەکەش بەردەوامە. تۆش بەقەڵەم جافە هەرزان بەهاکەت خێرا خێرا وەڵامی دەدەیتەوە... لە هەناسەیەکدا بەرپرسم بەرپرس، لووتی دەبێ بەدەنووکێکی درێژ و قەڵەمەکەی برک دەدا... تۆیش ئەوڕەحمان لووتت دەبێ بەدەنووک و قەڵەمەکەت برک دەدەی... بەرپرس چاوەکانی بچووک دەبنەوە. قات و کراس و بۆیباخی ڕەش هەڵدەگەڕێن... تۆیش ئەوڕەحمان، چاوەکانت بچووک دەبنەوە. کراس و پانتۆڵەکەت ڕەش دادەگیرسێن... (پەڕ)ی ڕەش لە هەموو گیانی بەرپرسەوە سەر دەردێنێ... پەڕی ڕەش لە ئامبالای تۆشەوە سەر دەردێنێ، ئەوڕەحمان... بەرپرس کێشی سووک دەبێ و فجووق دەکاتە سەر مێزەکە... تۆش ئەوڕەحمان کێشت سووک دەبێ و فجووق دەکەیتە سەر شانی کورسییەکە و بەرامبەری لێ دەگری... بەرپرس باڵ بەیەکدا دەدات و گەڵاوگەڵ لەسەر مێزەکە کەوتۆتە هاتوچۆ. قسان دەگلمێنێ و دەڵێ:

– تۆ... غەدرم... لێ دەکەی!

تۆیش ئەوڕەحمان هەر قسان دەگلمێنی و دەڵێی:

– نەء... تۆ... غەدرم... لێ دەکەی!

– غادر.

(١) دەکرێ (ئەڵمانیا) بکەینە: سوێد، نەرویج، نەمسا...هتد.

- غادر.
- غا.
- غا.
- غاق.
- غاق.
- غاق غاق!
- غاق غاق!

وا قڕ زەردە چاو سەوزەکەیش ئەمدیوی ژووری بەرپرس دەبێ... فایلە پەمبەکەی بەسینگە بەرزەکەیەوە نووساندووە. حەپەساوە و تیا ماوە... ئەو، جووتێ قەلەڕەش دەبینێ. گیڤ دەبنەوە و چنگاوشی یەک دەبن. پارچەی وردوخاشی گوڵدانێک چەقیونەتە هۆرتەکە... قڕ زەردە چاو سەوزە شێوە شیرینەکە چاو دەگێڕێ. گوڵی هەمەڕەنگی بێناز و ژاکاو دەبینێ، بڵاوبوونەتەوە و وەریون.

چاو سەوزە قڕ زەردەکە دەساکێ و فایلەکەی لە دەست بەردەبێتەوە... پەڕە کاغەزەکان پەپوولەیی دەفڕن. لەپاڵ وردە شووشە و گوڵە وەریوەکاندا دەنیشنەوە... ئەم کیژۆڵەیە، تاوسێکی خان و مانە. بەلەنجەولار کەوتۆتە نێوان دوو قەلەڕەشەوە، گەڵاوگەڵ بۆ یەک دێن... دوو قەلەڕەش. پاشماوەی چرووتێکیش کلاڵفەیەکی باریک و پێچاوپێچ شینە دووکەڵ بەرەو بنمیچی دیوان سەردەخات.

ئایاری 1996



# دابەزین بەرەو لووتکە

زەنگوڵ زەنگوڵ... هەزارە زیلە... بێهەدار... قۆچ... تەنوورەی کچۆڵەیەکی... پرچ... کلکە ماین... شیاکە ڕەنگ... گامێشی سەروەشێن... جاموسیات العصریة... چاو داگرتنی لاندکرۆزەکان... مۆم و ڕەشەبا... شمشێر بروسکە... پاییز... گەڵای مسڕەنگ... بنەماکان.

***

ئەوەتا بنەماکان لەبەریەک هەڵوەشان. بەرلەوەی ئەمان بێن بنەماکان بەم ڕادەیە لەبەریەک هەڵنەوەشابوون. زۆربەیان بەپێوە مابوون. بڕواشم نەدەکرد پێشبینییەکەی باوکم بێتە دی... پێشبینی چی؟!... بەڕەمڵ لێدانم دەزانی. خۆ باوکم نجوومگەر نەبوو. ئەوەندە هەبوو دەم و زمان پاک بوو... وەک من گرگن و بوودەڵە نەبوو. باوکم بە ڕاستی دەگوت ڕاست و بە چەوتی دەگوت چەوت... دەستی شکاوم. وەک پێویست ڕێزم لێ نەنای باوکە نوورانییە خۆشی نەدیوەکەم. وتەکانت لە مەودای بیرکردنەوەی منیان تێدەپەڕاند... من مێشکم هێندەی قاقلە جنۆکەیەکە. ناتوانم ئەودیو سێبەرەکەمی پێ بخوێنمەوە. ئەمشەو چوارشەممەیە. بەمۆم و بخوورەوە. بەچەپکێ گوڵی ڕەنگاوڕەنگەوە، دەچمە کەناری ئاوەکە. دەسنوێژ دەگرم و بۆ هەرساڵێکی تەمەنت مۆمێک هەڵدەکەم... هەڵدەکورمێم. بەدەم نزاوە داوای لێبوردن دەکەم. بەدەم هەنیسک و فرمێسک ڕشتنەوە لێت دەپاڕێمەوە تا بمبەخشی... لەوساوە لێم دووری تێگەیشتووم مرۆڤ چەند بەنێو تەمەندا هەڵکشێ هێشتا هەر پێویستی بە باوکە. دەزانم لەوە نیگەرانی پێشبینییەکانت هاتوونەتە دی. ئێستا دەزانم بۆچی هەیتا هەیتا دەنووکت لەسەرم بوو، دەتگوت: «لەم شارە نەمنێژی... کە مردم بمبەرەوە قەرەداخ.» باوکم بێ باک بوو. بڕواشی بەقسەی خۆی هەبوو. دەتگوت نەخشەی ئەمڕۆی لەبەرچاوە... چەند جار داوێتی بەگوێما: «ئەوەی دەیلێیم پاییزێکی دوامای ئەم چەرخە ڕوودەدات.» وای دەگوت و توند پالێمی پانتۆڵەکەی بادەدام. لەژێر چەتری برۆ پڕەکانیێوە کە تاڵ تاڵیان لێ سپی ببوو، چاوە ڕەشە سووتەمەرۆکانی دەبڕییە چاوم. بەڕادەیەک، لەوەدا بوو نیگاکانی لە گلێنەی چاوەکانمدا بڕوێن و چەکەرە بکەن. ئەمجا دەیگوت: «کاتێ ئەو کارەساتە لە سلێمانی ڕووی دا، نەهێڵی دڕوداوێنت پیس ببێ، دەنا لە گۆڕیشدا بم حاشات لێ دەکەم. نەهێڵی پێت لە لیتە و چڵکاوەوە بچێ، نەهێڵی.»

ئەمـەندە بەحیـرسـەوە دەیگوت: (نەهێـڵـی) خیـزەی سینگە تووکنەکـەی دەهات و دەمـارەکـانی گـەردنی لەوەدا بوون ئەسـتـوورایی ملی جێ بێـڵن و لە گـەردنم بئـاڵێن!... چەند لە ئاوەزدا کاڵ بووم؟ دەمویست لە کۆڵ خۆمی بکەمەوە. لەبەر دڵی ئەو دەمگوت: «ناهێـڵـم... بەڵێـن دەدەم نەهێـڵـم پیس ببم.» باوکم بەم قـسـانەم تووکی ڕوون دەبۆوە... کەچی ئەوەتا پاییزێکی دوامای سەدەی بیستەمە و قسەکانی باوکم هاتوونەتە دی... باوکم وەلی بوو من پێم نەزانیبوو. نەمکرد لە کاتی خۆیدا بەنووسین پێشبینییەکەی بڵاو بکەمـەوە. بریا بمکردبا... سڵاو لە ئەقـڵـی نیـوە ناتەواوم. ئەوا هەفـتـە زێـتـرە ئەم کـارەساتە بەسـەر شـاردا هاتووە. بزانە کـەسێ هەیە چارەیەکی لە لا بێ؟... من ئێـسـتـا لەنێو لیتەدا دەژیم، ئیدی چۆن لیتاوی نابم بابە گیان؟!

***

«کـام لیـتـە؟!... بەم شـەوە هەڵـسـاویت و لەبەر خۆتەوە دەمـرتـێنی. چ ڕووی داوە؟» ژنەکەمە. دیارە لە ورتەورتی خۆم و شەپەشەپی سۆلەکانم بەئاگا هاتووە.

«لەوە زێـتـر چی ڕووبدات؟... ئەم کـەسـەرە دەڵـێی تاشـە بەردە و لەسـەر سـینەیان داناوم. دەتۆ بۆن بکە؟»

ژنەکەم بەدەنگە زیقنەکەی دەڵێ:

«خەریکە خەڵکەکە لەگەڵی ڕایەن.»

«من ڕانایەم و شەو و ڕۆژ لە غایلەدام!»

«بۆ کوێ وا ترەکسوتت لەبەرە و جانتات ئامادەیە؟!»

«سەرچنار... ئەوان شەوانە دەنوون. تا خۆر نەکەوێ بەئاگا نایەن.»

«چ کارێکت بە سەرچنارە؟»

«بەیادی بـاوکم دەچمـە ئەوێ. جـاران لە کـەناری ئاوەکـە دادەنیـشت. قـاچەکـانی تێ دەخست و هێور هێور خەمەکانی بۆ دەگێڕایەوە... بیرت نەماوە؟»

ژنەکەم دەست بەسەروچاویدا دێنێ مینا بیری خۆی کۆبکاتەوە.

«با... هەرکە دەستی بەقسان دەکرد ئیدی نەهاژەیە، نە خوڕەیە، نە شڵپ و هۆڕێ... سەرچنار دەبووە ماستی مەییو. گوێی لێ دەگرت. مینا مریدێ گوێ لە پیر بگرێ گوێی لێ دەگـرت... جـارێکیـان ویستی خۆی فـێنک بـکاتەوە. بەم چاوانەی خـۆم دیم ئاوەکـە خـۆی هەیـتـا هەیـتـا هەڵدەسـا و دەچووە مـسـتـییـەوە... بەجـێم مـەهێـڵـە منیش دێم. منداڵەکانیش دەبەین.»



«با بێن. بەڵکو باپیرە بەدەنگیانەوە بێ. لەوانەیە قسەی منداڵەکان ڕەت نەکاتەوە. ژنەکە بیرت ماوە دەیگوت: ئەوانە لە پاییزدا زۆر دەبن... لە گەڵاڕێزاندا. لە کەشوهەوای سـارددا... لەناو بۆگـەنی ڕیخ و تەرسـەقـولدا... پاییـزیان بەدڵە... لەنێـو تەپوتۆزدا هەڵدەتیـزێن و گـەشـە دەکـەن. چەند لە کـەیف دان کـاتێ گـەردەلوول، قنگلاشک و عـەللاگە دڕاو بەناخی ئاسماندا دەکات. تۆز بەری خۆر دەگرێت و چاوە ڕۆشنەکان کەچ نیگا دەکات؟. چەند کەیفیـان پێدێ کاتێ ڕەشەبا پرچە شانەکراوەکـان دەشێـوێنێ؟... ئەوانە ڕەگەزێکن پاییزی. هەڵکەوتوون... بیرتە؟»

«هەموویم لە یادە. لێرە بوایە تەگبیرێکی هەر دەکرد.»

***

دەڵێی ئەو خەڵکەیش تەگبیریان کردووە. لەژێر باڵی تاریکی شەودا، بن دیوار و بن دیوار دەخزێن، بێدەنگ دەخزێن... ئێمەش دەجووڵێین... من دووانیان و دایکیان دەستی ئەو دووانەکـەی دی گـرتووە. نە ورتەیێ، نە سرتەیێ... ئەوانیش تەپۆڵکە ئـاسـا، زل و زەبەلاح لە چەقی شەقامەکەدا پاڵکەوتوون. کاوێژ دەکەن... کزەبای ساردی قورس بە بۆ ڕیخ، بەرەو ڕووی ئەو حەشاماتە دەبێتەوە. بۆ ڕیخ لە بۆگەنی کلینکەر ناسازترە...

خـوڕەی تەنکاوی سـەرچنار دێ. کـزەبا گـەڵا پەنجـەییـیـەکـانی سـوورە چنار، گـەڵای وردیلەی شۆڕە بی و بییە چەمیلە و پەلکی شاتووەکان لێک دەخشێنێ.

دەنگێکی بەگوێ ئاشنایان لێوە دێ... دەوراندەوری گۆمی سەرچنار حەشاماتە... ئەی ئەمان بۆ هاتوون؟ با لێیان بپرسم:

«بێ ئەدەبی نەبێ بە چ نیازێ هاتووی؟»

دەنگێکی گڕی پەنجا ساڵە بەتەڵفیسییەوە:

«بێ ئەدەبی نەبێ؟! بۆچی ئەدەب ما؟ بۆ سۆراخی باوکم هاتووم!»

«جا تازە بەتازە بیرت دەکەوێتەوە؟»

«ئا... پیـاو هەتا لێی نەقـەومێ باوکی بیـرناکـەوێتـەوە. بەڵکو بەدەنگمـەوە بێ... بگەڕێتەوە و فریامان بکەوێ!»

«تمەس باوکت نەمردووە؟!»

«دڵم دەڵێ نەمردووە. ناشمرێ... نابینی؟ هەموو بەشوێن باوکیاندا هاتوون!»

بەگوێ ڕووبارەکەدا سەرەوخوار ڕا دەکەم. هەر خەڵکە و بێدەنگ مۆم هەڵدەکەن. لە جگەرەکـێشـێکدا هەردوو بەری ئاوەکـە داگـیـرسـان؛ ڕووناکـیی پرشنگ داوێ. لەنێـو

تەنکاوەکەدا جارێکی دی مۆمەکان هەڵدەبنەوە. لەگەڵ نەرمە شەپۆلی گۆمە گەورەکەیشدا وەک ئەستێرە دوورەکان دەجریوێنن. کاتێ بەهەڵەداوان گەیشتمەوە لای خێزانەکەم. ئەوان گۆمەکەیان بەجووری و داودی گوڵباران کردبوو. بخوریان ئاگر دابوو. مۆمەکانیان پێ کردبوو.

بەچوار کەناردا دەڕوانم. حیرس دەمگرێ. چاوانم نمناک... پێشتر وام دەزانی خەڵکی شار بەم ڕۆچوونە قایلن. کەچی ئەوەتا هەردوو کەناری سەرچنار وەک تەیمان کرابێ، ڕێ بەر ڕێدار ناکەوێ. ئەوانیش وەک ئێمە نوستنی ئەو دەعبایانەیان بەهەل زانیوە. تاریکایی پاییزە شەویان پۆشیوە و هاتوون. هەن بەسواری ئەسپە زینکراوەکانیانەوەن. هەندێ منداڵی ساوا و کەڵەشێر و کۆترەکانیشیان هێناوە...

من وا دەستنوێژ هەڵدەگرم... هەزاران مۆم لە ئاوەکەدا دەشنێینەوە. بۆن و بەرامەی بخوور و چیلکە بۆن خۆشەکان کەشێکی سرووت ئامێزیان دروست کردووە. خەڵکەکە لەناخەوە درووود دەخوێنن... لەپڕ هەردوو دەستم دەکەمە بڵندگۆ بۆ زارم. چون حاڵ لێهاتوو هاوار دەکەم:

«هۆ باوە باوە هۆو... وەرەوە. گامێش دنیای کرد بەڕیخ. بە لەقە دەرگاکانیان شکاندین. هەزاران منداڵیان پلیشاندەوە... بەبێ تۆ دەستەوەستانم. چەند دەکۆشم و دەکارم لە هەقیان نایەم.»

گاڤەک بێدەنگ دەمێنم... بۆتە گازەگاز و هاوار... گوێم لێیە یادگاری کوڕم دەنەڕێنێ:

«هۆ هۆ هۆ باپیرە... شەوێکە و ئەمشەو بگەوە فریامان. شەقامی مەولەوییان ناوناوە جادەی گامێش و هی کاوەیان ناوناوە...» دەنگی دەبێ بەژێر هاوار و گازی خەڵکەکەوە.

زەردەشتیش بەسێ دەنگان گاز دەکات:

«باپیرە گیان... گۆچانەکەت، سەعاتە زێڕینەکەی بەرباخەڵت؛ دار جگەرەکەت. جامەدانییەکانت، هەموویان ماون... بیرت دەکەین، بێرەوە ناومان.»

ڕازیش یەک بەخۆی بانگ دەکات:

«لەسەر دەرگای قوتابخانەکەیان نووسیوین: دواناوەندیی مانگا گامێشی کچان. پۆلەکان پڕبوون لە شیاکە و تەرسەقول... کەی ئەمە حاڵە؟ وەرەوە چارمان بکە باپیرە. غەریبیت دەکەین باپیرە.»



لاوک، لەگەڵ هاوارکردندا تاڵ بەتاڵی قژە لوولەکەی وەک دڕکی ژووژوو زیت دەبنەوە:

«گامێش چاو لە کچە خوێندکارەکان دادەگرن. بەقۆچ تەنوورەکانیان هەڵدەدەنەوە... گامێش نە یەکن نە دەن نە هەزار... کەس ناوێرێ لە ئاستیاندا بکۆکێ باپیرە.»

ژنە دەنگ زیقنەکەم دەقریشکێنێ:

«کەس لەم شارەدا نوێژی دروست نییە. گامێشەکان ڕۆژ هەتا ئێوارە لەم گۆمی سەرچنارەدا پاڵکەوتوون و پڕیان کردووە لە شیاکە. دوای تۆ گامێشەکان گوڵی نێو ئینجانەکانیان سەرقرت کرد خەزوورە نوورانییەکەم.»

پیاوی (١):

«بابە گیان هۆو... ئێستا پاس ناتوانێ هامشۆ بکات. گامێش ڕێ بەخەڵک دەگرن. هەتا دەگەمە بازاڕ تا ئەژنۆم لە ڕیخەوە دەچێ.»

پیاوی (٢):

«ئەمە کەی ویژدانە؟... گوزەرەکەمانیان ناوناوە: جاموسیة النصر.»

پیاوی (٣):

«هیچ ترومبێلێ پارە ناکات لاندکرۆز نەبێ. گامێش تەنیا لاندکرۆز سواریان خۆش دەوێ و ڕێی پێ دەدەن.»

پیاوی (٤):

«ئەمە کەی حاڵە؟... گامێش بەلەقە چی کێلی گردی سەیوان هەبوو شکاندیان!»

پیاوی (٥):

«هۆ باوە گیان گوێ ڕادێرە. گامێشگەل دانەوێڵەیان ماشییەوە. گرانییان خستەوە.»

پیاوی (٦):

«بەم چاوانەی خۆم دیم گامێش گۆڕی داپیرە و باپیرە هەرە گەورەمیان هەڵدایەوە. چی پەیکەر و زێڕ و مت و مووروویان تێدابوو بردیان.»

چیرۆک نووسێک:

«ئەم گامێشانە ژیان دروست ناکەن، ژیانیان دەوێ.»

شاعیرێک:

«هۆ باوە باوە هۆو... نیازیان وایە مانگ بەمس و خۆر بەفافۆن بەودیو بفرۆشن.»

کەشناسێک:

«سەرپەڵەیە و نابارێ. وشکە بای سارد خەریکە ئاوی ژێرزەمینیش چک دەکات. ئەم بایە لەگەڵ هاتنی گامێشدا هەڵی کرد.»

***

بای باران هەڵدەکات. هەورەکان دەفڕن. دادەبەزنە سەر لووتکەکانی گۆیژە. هەورەکان دەفڕن. لە بان کڵاوەکانی دارمازەڵە لەنگەر دەگرن... دێن لەسەر سینەی شار و چڵەپۆپەی درەختەکانی سەرچنار لوول دەخۆن. پێکدا دێن. بای بارانیش لە دۆڵەکانەوە هەڵدەکات. بێ پرس دێ. خۆی بەبن باڵی درەختەکاندا دەکات و دەگڤێنێ. لە تەوقەنی چیاکانەوە. بەسەر پشتی گاشەبەرددا هەڵدەکات. گەڵاکان دەسکەنە دەکات و دەیانفرێنێ. لقی قرچۆکی درەختەکان دەشکێنێ. ئەوەتا وا سەرچاوەی سەرچنار دەژیێتەوە... بروسکە، تاریکی پایەماڵ دەکات. ڕوخسارەکان لایەک ڕووناک و لایەک تاریک دەکەونە ڕوو. ژنە نەزۆکەکان. قەیرە کچە جاڕسەکان، کچۆڵە بێ گوناهەکان، سەرپۆشیان وەلا ناوە. (با) یاری بەپرچیان دەکات. پرچەکانیش هێشووی گری دەم بان.

مندالْ (١):

«چاوم لە جامەدانییەکەی باپیرەیە. بەئاسمانەوە سەما دەکات، ڕەنگی لە ڕەنگی ئاگرە.»

مندالْ (٢):

«خۆی بوو... خەنجەرەکە بەقەدییەوە ماوە.»

دادەکاتە لاسامەی باران. پرچە تەڕەکانی دەم با، ئالای پرتەقاڵیی گڕن و دەشەکێنەوە. شەپۆلانی گۆمی سەرچنار باڵا زەلام هەڵدەچێ.

ژنێکی دووگیان:

«دەگەڕێتەوە. مژدەتان لێ بێ باوکمان دەگەڕێتەوە. ئێوە سەرنج بدەن. ئەم زریانە مۆمێکی نەکوژاندەوە. خاترجەم بن ئەم پەرجووە خۆشیی بەدواوەیە.»

سەرچنار هەڵساوە و ئاو سەرکەنارەکان دەکەوێ. بەباڵای مۆمە هەڵایساوەکاندا زەنگوڵ زەنگوڵ دێتەخوار و مۆمێک ناکوژێنێتەوە. شەپۆلەکان بەباڵای تەڕی ئەو خەڵکەدا هەڵدەشاخێن و کەسێک خۆی لێڵ ناکات. باران پرچە خۆڵاوییەکان دەشواتەوە. ڕیخ ڕادەماڵێ. لاسامە باڵای درەختەکان دەشوات. گرمەی هەورە و



بریسکەی شمشێری بروسکە دێ. گەڵای مسڕەنگی پاییز پەپوولە ئاسا بەبان سەری ئەو حەشاماتەوە تەنوورە لێ دەدەن و هەدادانیان نییە. هەزارە زیلەی خەڵک ئەگەرچی بێ هەدارن بەڵام وەک درەخت لەبەر شەستەبارانەکەدا وەستاون.

***

هێدی هێدی هەور دەکشێنەوە پشتی چیاکان. هەوا کپ و سەرچنار دەگەڕێتەوە سەر ڕەوتی ئاسایی. وەک لەسەری ڕێکەوتبن، هەموو دەستیان کردۆتە پەرژینی زاریان و تێیان هەڵکردووە:

«هۆ بابە گیان هۆو... ئێستا دەزانین کە ماوی. دەپێمان بڵێ: کەی دێیتەوە ناومان؟»

سلێمانی/ سێپتەمبەری 1997

# تونێلە ڕووناکەکانی شەو

کوڕە پاڵەوانی لە ئارەقەدا شەڵاڵ. سینگ واڵا. باسک و باهوو ڕووت و پتەو. پۆشاک تا ژوور ئەژنۆ و کالە تا سەر گۆزینگ هاتوو. ناوقەد بەقایشێکی قاوەیی جەڕیو. پرچی زەرد تا سەرشان. چاوشین. سمێڵ و برۆ زەرد و پڕ. لە شانی چەپێوە دڵۆپ دڵۆپ خوێن دەخزێ. دەست بەشمشێری هەڵکێشراوەوە. بریسک هوڕی ئاوی چاو دەبات. کامێرا بەسەر تاشە بەردە بەدڵۆپە خوێن نەخشاوەکاندا دەگەڕێ. کوڕە پاڵەوان لە لووتکەی چیا نزیک دەبێتەوە و چاو دەگێڕێ. پێشی هەڵدێرێکی قووڵی ترسناکە. لە بنی بنەوە تافە تافی ئاو دێ.

کامێرا زیندەوەرێکی قاوەیی نێوچاوان بەچرچولۆچ. ددان کەوانەیی سێ چاو نیشان دەدات. بەرد متەقی لێوەبێ ئەو نەء. خۆی داوەتە پاڵ چڕە دەوەنێک و لە بۆسەدایە. چاوی لە دڵۆپە خوێنەکانە و گوێی لە دەنگی دڵی کوڕە پاڵەوانە: دب... لب... دب... لب...

چاوەکانی تەنیا ڕەشێنەن و بیلبیلەکان سوور... زارێکی گەورە. لە کونی لووتە کورتەکەیەوە دووکەڵ بڵند دەبێ. جووتێ قۆچی ڕەش لە سەری ڕواون. بەکەلەش هێندەی گایەک. هەرپێیەک بە دە پەنجەی تیسکن و هەر پەنجەیەک بەناخونێکی چەماوەی ڕەش کۆتایی دێ. کوڕە پاڵەوان دڕندەکە نابینێ. وا بەپێی خۆی هاتە بەردەمی... دڕندەکە ئامادەیە... هەر شانە و پێنج باڵی لێ ڕواوە، لە شێوەی ڕەگی درەختا و درێژ، مینا دەستی گۆریللا تووکن.

ئەوا خۆی هەڵدا. یەک بەخۆی قیژاندی و ئامبازی کوڕە پاڵەوان بوو... هێنای، بردی... هێنای بردی... کوڕەیش خێرا خێرا خۆی ڕادەپسکێنێ و بەشمشێر قۆڵە درێژەکانی زامدار دەکات. زامەکان خوێنی ڕەش دەدەڵێنن...دڕندەکە دەقیژێنێ و بەرەو هەڵدێرەکە پاڵی دەدات. دوو باڵی دڕندەکە لەو گۆڕە کەوتوون و پەنجەکانیان دەجووڵێنەوە. کامێرا خێرا خێرا هەڵدێرەکە پیشان دەدات. ڕک و هەزار بەهەزار.

دڕندەکە کوڕە پاڵەوان بەخۆیەوە دەنووسێنێ و لە عەرد بڵندی دەکات. بەوێنەی مارە ئەفریقاییەکەی کاتێ گیاندارێ ڕاو دەکات دەیترنجێنێتە نێوان قەفەکانیەوە و توند دەیگوشێ. کە دڵی تەقاند و خوێن لە گوێ و لووت و زارییەوە فیچقەی کرد ئەوجا لەسەرییەوە قووتی دەدا.



ئەمیش دەیەوێ دڵی بتەقێنێ و لەو هەزار بەهەزارەوە تووڕی هەڵداتە خەرەندەکەوە یان بیخوات.

ئێستا لەسەر لێواری خەرەندەکەن. وا کوڕە پاڵەوان دەستێکی دیکەیشی لێ کردەوە و خوێنی ڕەش فیچقەی کرد بەڵام دەستە بڕاوەکە لاقی کوڕەی توند گرتووە و بەری نادات. دڕندەکە دەقیژێنێ. ناساز دەقیژێنێ و بەهەموو هێزی پاڵی دەدات.

دیارە فیلمەکە بەکارەسات کۆتایی دێ؛ لەوەدایە بەری بداتەوە و کوڕە پاشقولێکی لێ دەگرێ. دڕندەکە لەنگەری تێک دەچێ. کوڕە بەهەردوو دەستی توند مشتووی شمشێرەکەی گرتووە. بەبن باڵی خۆیدا، بەهەموو هێزی دەیخێوێنێتە سینگی دڕندەکە. قرچەقرچ دەیبڕێ. لەپشتەوە نووکەکەی دێتەدەر. نووکێکی تیژ. ئەمجا ڕووی تێ دەکات پێلەقەیەکی لێ دەدا. شمشێری ڕەش لە لەشی دڕندەکە دێتەدەر... دڕندەکە بەپشتا دەکەوێ و هەڵدەدێرێ. هەتا لەبنی خەرەندەکەدا جێگیر دەبێ دەقیژێنێ. چۆن قیژەیەک؟! لەگەڵ دەرکەوتنی وشەی (کۆتایی) لە شاشە بچکۆلەکەوە. کچە پاڵەوان بەهەڵەداوان دەردەکەوێ. کوڕەی زامدار بەرەو ڕووی دەچێ و توند لە ئامێزی دەگرێ.

***

لە قاووقیژی دڕندەی هەڵدێرراو، کۆرپەی ناو بێشکەکە بەدەم قوڵپی گریانەوە بەئاگا هات. ترس و سامێکیش لەسەر ڕوخساری (سەلار)ی دایکی بەجێ ماوە. ترسەکە شوێنەواری فیلمە ترسناکەکەیە... سەلار ڕاچڵەکی و بۆ لای کۆرپەکەی چوو. (زانا)ی مێردی ترسی لە ڕوخساری ژنەدا خوێندەوە. خۆیشی لەو بەرەنگاربوونەوەیە ساکابوو. شەوی زستان دوولایی ببوو. کات بەرەو یەک دەچوو.

«بەڕاست سەلار، ماوەیەکە عەلەکەڕ دیار نییە... نەمردبێ؟!»

زانا ئەم پرسەی هەر بۆ ئەوەبوو تاکو ترسی سەلاری ژنی بڕەوێنێتەوە و فیلمەکەی لەبیر بباتەوە.

«بۆ دەمرێ؟!... هەمووی هەفتەیەک لەمەوبەر بوو دیم. بمردایە هەڵبەت دەمانزانی!»

سەلار ئەمەی گوت. مەمکیشی لە زاری کۆرپەکەیدا بوو... لە پەردەی پەنجەرەکەیش ڕادەما... لەپڕ پەردەکە لەرییەوە. سەلار هەناسەیەکی خێرای هەڵکێشا و مەمکی لە زاری ساواکە دەرهات. ڕووی بۆ لای پەردەکە تەواو وەرگێڕا. بەدوایدا سەرمێزی ئەو مێزەی تەلەفزیۆنەکەی لەسەر بوو کەوتە شەپۆلان.

«چییە. ئەوە بۆ ڕاچڵەکیت؟!»

«ه ه... هیچ!»

ساوا تێی هەڵکردەوە گریان و سەلاریش دەستی بەڕاژەندنی بێشکەکە کرد. بێشکەکە جیرەجیر و زیکەزیکێکی بێزارکەری لێ هەڵدەسا...

«چۆن ئەم چەند مانگە توانیومە بێشکەی وەها ڕابژەنم؟...»

هەر خۆیشی وەڵامی دایەوە: «دیارە وەک ئێستا گوێم بۆ شل نەکردووە!» سەلار ئەمانەی لەناخەوە وت.

زانا بەکلیلەکانەوە بەپلیکانەکاندا سەرکەوت. هەموو جارێ بەژنەکەی دەگوت: «ئەگەر هەورەبان دانەخرابێ وەک ئەوە وایە دەرگای حەوشە دانەخرابێ. چونکە ئەوان بەزۆریی بەهەورەباندا دێنەخوار... کە هاتن ئیدی دەستێکت دەکەوێتە ئەملاو دەستێکت دەکەوێتە ئەولا.»

لەوەدابوو دەرگای هەورەبان تاقی بکاتەوە و گوێی بەدەنگێکی ناساز زرنگایەوە... دوای هەناسەیەک سەلاری لەپاڵ خۆیدا بینی. چاوەکانی زەق کرابوونەوە. پشووی سوار و ڕەنگی پەڕیبوو.

«چییە. بۆ ڕەنگت بزڕکا؟»

«حەوشەکە زەلامی تێدایە. گوێت لێ نەبوو؟!... ئەوانن!»

«کێ دەڵێ ئەوانن؟»

«ئەی بەم درەنگ وەختە کێیە؟... بڕۆ شتەکان بشارەوە!»

پەنجەکانی وەک هی شەن ڕەواندبۆوە و لەسەر سینگی دانابوون... چاوەڕوانی دەنگی دیکەی حەوشە و وەڵامی مێردەکەی بوو.

ترس لەناخی زاناشدا چەکەرەی کرد. بەکلیلەکانەوە بۆ حەوشەکە داگەڕا. چەند چاوی گێڕا کەسی نەدی. دەستی دایە پارچە تەنەکەیەکی بازنەیی و گەڕایەوە بۆ لای سەلار.

«سەری تەنکیی ئاوی حەوشەیە. (با) هەڵی داوە... گوێ بگرە. ئەوەتا گڤەی ڕەشەبا دێ!»

سەرەکەی خستەوە جێگەی خۆی و خشتێکی لەسەر دانا.هاتەوە ژوورێ و دەرگای ڕاڕەوەکەی داخستەوە. خڕەخڕی کلیلەکەی لەنێو کیلۆنەکەدا لە جاران بلّندتر دەهاتە گوێ. لەم دەمەدا کارەبا بڕرا وماڵەکە لە تاریکایی هەڵکێشرا.

«وی...!» سەلار بەترسێکی زۆرەوە ئەمەی دەرپەڕاند و وەک کوێر بۆ شقارتە کەوتە پەل کوتان. زانایش لەسەرخۆ گەیشتە مێزی تەلەفزیۆنەکە و ڕێک دەستی دایە لایتە



دووپیلییەکەی، کە هەمیشە لەوێ ئامادە بوو. پێش سەلار کەوت هەتا شقارتەیەک بدۆزێتەوە. لەم دەمەدا گوێیان بەکوتانی دەرگا زرنگایەوە. ڕوویان بەرەو دەرگا گەراجییەکە وەرچەرخاند.

«ئەمەیان پێوەندیی بەڕەشەباوە نییە!»

ئەمەی لە دڵی خۆیدا گوت. بەڵام بۆ هێمن کردنەوەی سەلار وتی:

«مەشڵەژێ چ نییە!»

دیسان بەپەلە و قایم شەش حەوت جار لە دەرگا درایەوە. وەک مستەکۆڵەی پێ دابماڵن دەرگاکە دەزرنگایەوە.

«نەمگوت ئەوانن؟!... عادەتیانە شەو درەنگانێ بەسەر ماڵاندا دەدەن!»

سەلار دەستی بەشخارتەکەوە دەلەرزی کە ئەمەی گوت. دوای سێ چوار هەوڵ فانۆسەکەی پێکرد و گوتی: «خێراکە. ئەوەی بەدەرەوەیە بیشارەوە!»

زانا لایتەکەی بەدەستەوە بوو. گورزە تیشکێکی سپی، هێڵێکی ڕاستی دەکێشا و لە کۆتاییدا دەبووە بازنەیەکی ناجێگیر... هەر هەناسەی لەسەر جێیەک دەوەستا و ئاشکرای دەکرد...

زانا پەلەی بوو. گورزە تیشکەکە چووە سەر وێنە هەڵواسراوەکەی ژووری میوان. لە دیوارەکەی کردەوە. لایتەکەی کوژاندەوە. بەشارەزایی لەنێو تەنکیی ئاوەکەی سەرباندا شاردییەوە و سەری نایەوە. هاتەوە خوار.

«کوان زێڕەکانت؟!»

سەلار بەپشووی سوارەوە قوتوویەکی گچکەی هێنا. «ئەوەتان!»

ڕووی لایتەکەی تێ کرد و هەمدیس تەقەیان لە دەرگا هەڵسانەوە... پارچە زێڕەکان لە قولی مستیدا بوون. بەرەو ڕاڕەوەکە چوو. زێڕەکانی لەنێو پێڵاوەکانی خۆیدا دانا. پەنجەرەی سەر حەوشەکەی کلا کرد و بەدەنگێکی گڕەوە بانگی کرد: «کێیە ئەوە؟!»

هەناسەی لە خۆی بڕی و چاوەڕوانی وەڵام بوو. بەڵام بەهێزتر و خێراتر لە دەرگا درایەوە. ئەمیش بلّندتر بەدەنگ هات:

«کێیە ئەوە؟ بەم شەوە چ کارێکتان هەیە؟!»

ڕووی لایتەکەی کردە دوو دەرییەکە. لایتەکە شەوەزەنگەکەی کوناوەدەر دەکرد و تا ئەوسەر تونێلێکی سپی لێدەدا... لقوپۆپی مێوی سەر دەرگاکە بەدەم ڕەشەباوە دەلەرینەوە... کەسی نەدی لە دیواری حەوشەکەیانەوە سەرەتاتکێ بکات. بەردەوام

لایتەکەی هەڵدەکرد و دەیکوژاندەوە. بەپەلە خۆی بەژووری نوستندا کرد. گورزە تیشکێکی بۆ سەر جانتایەکی چەرمی ڕەش ڕەوانە کرد و جووڵا. هەڵی دایەوە. سەد دۆلارییەکی لێ دەرهێنا و بەپەلە بەرەو ژووری میوان چوو. ڕۆشنایی خستە سەر ئەو ڕیزە کتێبەی ساڵانێکە لەنێو کتێبخانەیەکی گچکەدا شانیان داداوە و تۆزیان لێ نیشتووە. کتێبێکی ئەستووری کردەوە. پارچە دۆلارەکەی تێدا درێژکرد و لە جێی خۆی دانایەوە.

دیسان دەنگی دەرگا ڕایچڵەکاند. سەلار گوێی لە دەنگی دڵی خۆی بوو. گریانی کۆرپەکەیشی هەراسانی کردبوو. سەری هەڵدایەوە و مەمکی پەستاندە زاری.

بەدەنگێکی لەرزۆک وتی: «کەس نییە ئەوان نەبێ... یان ماڵەکەمان داگیر دەکەن، یان بەیەکجاری شاربەدەرمان دەکەن!»

گورزە تیشک هەدادانی نەبوو... بەهەموو لایەکدا دەچەرخا و بەرز و نەوی دەبوو. دەکوژایەوە و هەڵدەبۆوە. لەسەر نامیلکەیەک و چەند پەڕەیەکی چاپکراو گیرسایەوە. بەسەریەکدا گرمۆڵەی کردن و بەتەپەتەپ سەربان کەوت و دانی بەدەم گڤەی ڕەشەباکەوە. ئەو حەز دەکات شەپەشەپی سۆلەکانی نەیەت. کەچی لە بنەبانەوە تەپەتەپی بنمیچەکە دەبووە دەرزی و وردە شووشە، بۆ هەناوی سەلار دزەیان دەکرد.

سەلار چرکەی لە خۆی بڕیبوو. دەنگەکان لە خۆیان بڵندتر دەگەیشتنە پەردەی گوێی... دیسان لە دەرگا درایەوە... قایم و لە شوێن یەک. دەرگا لەوەدابوو لە گرێژەنە بچێ... زانا ڕووی لە مووبەقەکە کرد. دەسک و هاوەنەکە بەگەورەیی هاتنە بەر گورزە تیشکی لایتەکەی. لە هەناسەیەکدا پڕی دایە دەسکە زەردەکە و بەرەو ڕاڕەوەکە پێی هەڵگرت. کلیلی لە کیلۆنەکەدا سووڕاند و دەربازی حەوشە بوو. دەسکی هاوەنەکە بەڕاست و لایتەکە بەدەستی چەپێوە بوو. کلیلەکانیش بەئەڵقەیەکەوە، بەکیلۆنی دەرگای ڕاڕەوەکەوە دەلەرینەوە. گەڕایەوە و هێنانی. کونی کیلۆنی دەرگا گەراجییەکەی لە دوورەوە دایە بەر ڕۆشنایی و بەهەموو دەنگی گازی کرد:

«کێی زەلام، قسە بکە؟... بەم شەوە درەنگە چیت لێمان دەوێ؟!»

قەدەرێ کڕبوو... بەڵام ئەوان بەکوتانی دەرگاکە وەڵامیان دایەوە.

هاتەپێش. کلیلی لە کونی کیلۆن ڕاکرد. بەدەستی چەپی لایت و بەڕاستیشی دەسکی هاوەنەکەی بەرز ڕاگرتبوو.

«ڕێک لە تەپڵی سەری یەکێکیانی دەدەم... خۆ من یەکێکیان دەتۆپێنم ئیدی چی



دەبێ با ببێ، قیروسیا!»

با داوێنی ڕۆبەکەی دەشەکاندەوە و شەپەشەپی دەهات. لەپڕ تاکێکی دەرگاکەی خستە سەرپشت. سەلار لە ژوورەوە چاوەڕوانی ڕووداوێکی ترسناک بوو. گورزە ڕووناکییەکە جووڵا. چووە سەر ڕوخساری زەلامێک و زانا دەستی داهێنایەوە. لەوەدابوو بیماڵێ بەتەپڵی سەریدا، بەڵام لە دوا چرکەدا دەستی لادا و دەسکەکە بەر لێواری دەرگاکە کەوت و زرنگایەوە. یەک بەخۆی هاواری لێ هەڵسا: «ئەمە خۆتی عەلە کەڕ...؟!»

سەلار کە گوێی لە ناوی عەلە کەڕ بوو، بەڕاکردن ڕووەو دەرگای دەرەوە هات. پێی لە قەراخی کومبارێک گیربوو. لەپەوڕوو کەوت. بەهەناسەبڕکێ هەڵسایەوە. ئاهێکی پێداهاتەوە و گوتی: «جا ئەمە وەختە...؟ وامان زانی ئەوانی!»

عەلەکەڕ بەملی کەچ و نیگای شەرمەوە ئاماژەی بۆ زگی کرد و دەستی بۆ زاری برد... زانا وەک سەر هەورازێکی کووڕ کەوتبێ، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بەسەلاری وت: «یاپراخەکەی بۆ گەرم بکەرەوە با زڵفنجی بکات!»

هەولێر/ کانوونی دووەمی 1998

# راپۆرت

ئێستا، کە سەرەوژوور ڕاپۆرتە تووڵانییەکانی بەرز دەکاتەوە. لەوسا کە سەرەوخوار ڕەوانەی دەکردن دەست و پێ واڵاتر و چاوکراوەتر و چالاکترە. ئێستا پریاسکەی نهێنییەکان بەبەڵگە و وێنەی ڕەنگاوڕەنگەوە لەو گۆڕەن. بەرە ڕەنگینەکانی جوامێری کاڵ بوونەوە و هەنزڵ هەنزڵ بوون. هەرچییان لەژێردا بوو ئاشکرابوون. ژێدەرەکانی ژێربێی ژاکان و ژێرەوژوور بوون.

نهێ دایکە دزانی نزم و بازبازێن و بازدەڵبازکەری خراپکار و خانی خانان لەسەر خوانێک بەکاوەخۆ پێکەوە دەخۆن و دەخۆنەوە و دەخنێنەوە. کەچی زاناترینی زانایان هاڤی و ڕەهەندەی هەندەرانن. دەبەنگترینی دەبەنگەکان، نز و دزە نیازنزمەکان بەنازوباز و بەدوێت و بەیاز و ئووچەکانیان شادبوون... بەڵام خۆ (مایخان) نە هەقی بەسەر دایکە دزانەوە هەبووە و نە دەبێ.

چەقەڵ بەهەردە و قات قاتەکانی جێڕاوگەی ئاسکان شادبوون و زەل جێگەی چنارە باڵابەرزەکانی گرتەوە و خۆی بەسەر جۆ و جۆباردا ڕادەوەشێنێ و لەنجە دەکات...

دەراوی مزگەوت و کانی ژنان ڕژانە نێو تافەتافی ڕاوەڕۆ و شەپۆلانی دوو ئاوانەکەی شوێن ماڵە گەورە. هەڵۆ باڵکراوەکانیان لە سەرانگوێلک بەستەوە و لەبان لووتکە دۆشەکی تووکی قوویان بۆ چەکچەکیلە بەژێرەخەر و پۆپەشمینیان بەهەموو ڕەنگە بێگەردە کوردەوارییەکانێوە بەسەرەخەر ڕاخست... بەڵام مایخان نە خەمی ئاسک و چنار و هەڵۆی بووە و نە دەبێ.

لە هەرا و هەنگامەی وەها کەس کەس نەناسدا، لەو چایخانەیدا کە هەر ئەوەندەی تاوێک بارانی هێنا ئیدی چونکە لە چەقدایە، دەبێتە چەپەربەندان و چەقەچەقی بێ وچانی چەقەبازە بێ چەترەکان و هەتا هەڵی دەبرنگێنێ ئەو بێ چارانە لێرە لاناچن و چاوەچاو دەکەن و چەق دەبەستن و چەپە دووکەڵی جگەرەیان تا بنمیچ پێچاوپێچ هەڵدەچێ. چاوەڕوانن ئاسمان چک بکا ئەمجا لاچن، لووتم بەلووتی مایخاندا تەقی.

لە هەڕەتی هەراوزەنا و تەقوهوڕی تەپڵەکی پلێتی دێزڕەنگ و زڕەی پیاڵەی زەرلی لەلایەن خەڵکی سیلاوییەوە بەکارهاتوو.

تەقوهوڕی دۆمینەی سفت و لووسی دەستی بێکاری جگەرەکێشی لەجەر و سەری



دەهەمین جار دۆڕاوی دوو شەش لە دەستدا تۆپیو. خیزە خیزی سینگ و خرەخرِی زاری نەردێنی دەستی دوو مەرز لێ گیراوی هەناسەسوار و نێربۆزی ئیکی بیر هێناو... بەڵام خۆ مایخانی خاپینۆک خۆی لە قەرەی ئەم تاقمانەش نەداوە و نادات.

سرتەسرت و سات و سەودای قاچاخچی بەمرۆڤەوەکەر و بازرگانی ڕێگەی تووش و پڕ دەردیسەری و هات و نەهاتی سابوونکەران – ئەسینا... بەڵام مایخان حەقی بەسەر ئەم تاقمەشەوە نەبووە و نابێ.

پسکەپسکی تۆسیرام فرۆشی مسۆگەر و تۆسیرام نۆشکەری تووشبووی شانکز و ڕەنگکز و سیس و دەغەزاری توورە و تۆسن و کەللەشەق و گیرفان کون... بەڵام خۆ مایخان هەقی بەسەر ئەم تاخمە خەڵکەشەوە نەبووە و ناشیبێ.

جرپ و جۆپ و جاونانەوە، خۆدانووساندن و بۆسەی ئەفرادی چاوبزی دەزگاکانی ئەودیو سنوور لەم چایخانەیەدا بۆ سووسەی کۆمەڵەیەک، شۆڕشگێرانێک، دیموکراتێک یان هەرکەسێکی نەیار بەئاخوندان و خودا دابێتی، تا ئەم ئێوارەیە لە ناوەڕاستی شەقامدا سووک و باریک شڵپەی لێ هەڵسێن و سەرەنگرێ و بێکەس کوژی کەن... بەڵام خۆ مایخانی بێبار و بێعار هەقی ئەم باندەشیانی نەبووە و نایبێ. خەمی قوربانیانی ئەم باندەشی نەخواردووە و نایخوات... چاوگێڕانی کوڕێژگەی سۆل بەدەستی بەبۆیاخی ساختە و نائەسلی تا سەر ئانیشک ڕەشی سەروچاو بەپەڵەی ڕەش و سوور، کە هەردەم بۆ پێڵاوی پیاوەکان دەڕوانن نەک بۆ خۆیان و ڕوخساری خەماوییان و پرسی (خاڵە بۆیاخ ناکەی؟) بەڵام خۆ مایخان خەمی ئەم کوڕێژگانەی نەبووە و نایبێ.

لێرە و لەوێ دوو دوو سێ سێ بنووسی لاتریسکە بەستوو لە نیوەڕۆوە تا دەمەوئێوارە هەریەکە و بەپشتیوانی تەنیا چایەک کونجی قەناعەتیان گرتووە و چایچییەکەیان زووخاوەسک کردووە. لە پەستا سەیری کۆنە سەعاتە قایش چڵکنە درزبردووە حەوت جاران سەعاتچی دیوە هەردەم لە دواکانیان دەکەن. دایم و دەرهەم بیریان هابەلای چەردە درهەمێکەوە تاکو کۆڕی فەل نۆشکردنەکەی ئێوارانی پێ برازێننەوە. جا بەدەم نۆشکردنی ئەو ژەهری هەلایلە هەرزان بەها ژەقنەبووتەوە کە لە ژاروژەنگ تەژییە، سەفتە شیعری ژاکاوی بەرباخەڵیان بۆ هاوپیاڵەکانیان بخوێننەوە ئەگەرچی روون دەزانن بەرەوڕوو بەرز هەڵیاندەنێن و لە پاشملە نزم دایاندەنێن... مایخان ئەوساش و ئێستاش هەر هەقی بەسەر هەراوهوریای ئەم تاقمەیانەوە هەبووە و هەیە و دەبێ.

لە جەنگەی پەنگخواردنەوەی دووکەڵی ئەم چایخانە چڕ بەچەپە دووکەڵەدا بەبێ

خاترخواستن، مایخانی ناجوامێری منجڕ و جرتی فرتی چون ماری جنجیڕ، جیوەیی ترنجایە نێوانمانەوە. مایخان لەپای قۆزتنەوەی فسکەفسکی نووسەرێکدا و بۆ کار ئاسانی دکارێ گەردنی یەک مەتر و گوێی یەک گەزی شا بکشێنێ... چاو چوون چاوی تاسکەچەڵە کاتێ لە حەواوە سووسەی کەلاک دەکات و دەکەوێتە چەرخە و تەنوورە لێدان و نێچیر کەرەتی سەد دەکا، مایخانیش سەبارەت پرسی نووسەران هەمان دەستوورە و لە وتار و ئاکاریان ورد دەبێتەوە و کەرەتی سەدیان دەکات.

من چرکە و چرچەم لە خۆم بڕی و هیچم نەچپاند، لێ هاوەڵەکانم بێ هەراس هەر ڕێسایان و هەدادانیان نەبوو. لە زۆر ئاسیاویان کرد و تۆسکاڵێک نەسڵەمینەوە. من ئەوانم لە گەرمەی گفتوگۆدا جێ هێشت. کە هەڵسام وتم: «سەرمایە، ڕەنگە بباریێ.»

نازانم چۆن لەسەر ئەوانی هۆنیوەتەوە. هەرچییەکی لەسەر نووسیبێ مەگەر هەر خۆی بزانێ. بەڵام بەهۆی خالیدی خاڵۆزامەوە کە خۆڵڕێژی کۆڵان و گەڕەکی ماڵی مایخانە، ڕەشنووسی ئەو ڕاپۆرتەی بەڕێکەوتی ڕووت لە کاتی بەتاڵکردنی بەرمیلی خۆڵەکەیاندا بەرچاوی کەوتبوو، ناوی منی پورزای خۆی تێدا دیبوو، خنیبوویە گیرفانی و کە خالیدی خاڵۆزام ڕەشنووسی ڕاپۆرتەکەی دایە دەستم، بۆگەنی سارووماری لێ دەهات، بەناچاری خۆم ڕاگرت و خوێندمەوە. مایخان هاتووە ئەو سێ وشەیەی بە (نا)ی ناخێرم لە دەمم دەرچووبوون (سەرمایە، ڕەنگە بباریێ) هێناونی و بردوونی و هەزارە پاتی کردوونەتەوە هەتا ئەم ڕاپۆرتەی لەسەر هۆنیومەتەوە و ئەمجا هەرچی چۆنێ بووە ئاهێکی تێهاتووە و لەشی خاوبۆتەوە و توانیوێتی قنگە و تلوور بێ خەم بخەوێ. تۆ بزانە ئەم مایخانە خنز خووە هەر خۆی بەخۆی بێ چۆن خۆی بەخولامەتییەوە خەریک کردووە و لەخوتوخۆڕایی چ خورشید و خاوەرێکی لەمەڕ من هۆنیوەتەوە:

سەعات (١١٢٥٠ی ڕۆژی ٣/٣) لە چایخانەی شەعب بەئامادەبوونی شەخصی خۆم و أم دوو کەسەی ناوی ڕوباعییان لە أدناوە بەیان دەکەم و هەردوو ئەدیبن:

١- عمر معروف احمد علي البرزنجي پۆرخز و متمرد.

٢- رؤوف حسن محمد الخضري غوغائي وطويل اللسان.

هەرسێ آگاداربیومان کە محمد فریق حسن کریم المعرف ی عبوساً قمطریرا دژ بەثورە و حزب و حکومەتی ساوا. أم شەکرە شکاندی:

«سەرمایە، تف هەڵدەی دەیبەستێ. تصور دەکەم أم دوای نیوەڕۆیە باران و عاصفە بێت. طوفانەکەی حضرة نوح هەڵدەسێ. هەمووو أفراد و عناصری قیادەی حزبی (خۆمان) بەسکرتیر عامیشەوە دەیانبات فیضان و طوفان. هیچ کەس نەجات نابێ...]



قصە لەسەر حزبەکانی تریش کردی. گوتی أوانیش هەم طوفان دەیانبات. کەس جثمان أوان نادۆزێت. أم شخص بە استمرار عن طریق رسائیل براکەی لە اخباری شار خەبەردار دەکات. قابیل أم اخباری خۆش بنێرێ؟! برا جمێن فرۆشەکەی اگر أم خەبەری بۆ نەنیرێ قابیل خۆ حمە سعید حسن کریم المعروف لە مەملەکەتی سوید مونەجیم نییە حتی أخباری شمال بزانێ. بوغرنجە، بوغرنجە، بوغرنجە.

أمن کە أندامی حزبم و... ألخ. بڕوام بەو مثل شعبی نییە کە دەڵێ:

(مەڕ بەپێی خۆی بزن بەپێی خۆی.) ألف رەحمە لە قەبر أجدادی أوانەی گوتیان: (کەشکیش برای دۆیە) من اقتراح دەکەم:

أ- استفزازی بکەین و أو دوو سەعات کارەبا کە بەشەو هەیەتی قطع بکەین. بەهۆی شۆرت لە عەموودی شارع حتی نەتوانێ بنووسێ چیرۆک.

ب- مذکور اعلاە لە مکتبة عامة ومکتبة أوقاف مقالات دەنووسێ. مقابل مکتبة أوقاف کۆڵان هەیە. أو کۆڵان موقع زۆرباشە اگر اجارائاتی قاسیمان لەگەڵ کردمان.

ج- أو لەگەڵ جماعەت کرکوک و کۆنەپارتی و چەپی متطرف، عصریات لە چاپخانەی عبدالرحمن لە شارع أورزدی (گۆران) مودەتی یەک سەعات دادەنیشێ. چایخانەکە نافیذەیەک لەسەر کۆڵان هەیەتی.

د- مەفرەزە ماتۆڕییەکان زوو زوو بەبان شارع أورزدی ڕەت بن حتی وەقتی هاتن و چوونی أوان ضبط بکەن. أوان هەندێ جار کورسی لە چایخانە دەردەهێنن لە بان شارع دادەنیشن. أو مەقها عائید بە أمنی سرشەقامە. لە قەدیمیش هەروەها بووە. با أوان بکەفنە شوونیان.

ه- أمن دەزانم لە بەین أدباء کێ هەیەتی حقد لە محمد. أمن دەتوانم شەڕ لە بەینی أوان دروست بکەم تاکو أوان هەر بەمشاحنات مشغول بن نە بەمقال و قصە و بحث. جێگەی بحثە أو زوو بەشەڕ دێ چونکە تحمل أهانە نیەتی.

و- خوگ لەم حەنە بباریێ!. مستمر زیارەت أربیل و دهوک دەکات. اخر أڕای چە؟!... لەوێ زۆر مورتاحە. دەڵێن لەوێ دائیم ابتسامە لەسەر لێوی هەیە. مع العلم لە سلیمانیە عەبووسە. بوغرنجە، بوغرنجە.

ز- بەشەرەفم لەم ولاتە أدیب فائضە... چونکە هەمووو أندام و أندامەیەکی حزب خۆمان أدیب و أدیبەن. هەر شەش طلاقم کەوتبێ اگر أمر بکەن خلاصی دەکەم. گوی خەروشک وە قەور داڵک أو أدیبانە کە لە حزب خۆمان نین.

ج- بەقەولی أنصاری خۆمان مبالغە لە استعمال رقم (...) دەکات. دەڵێن پێش أنتفاضە بەحزبی گوتووە (حیزبی حیزبول باب) ڕەنگە مەبەستی حزبەکانی شاخیش بووبێ. بۆچی محمد حەساسیەت هەیەتی لەسەر حزب؟!

ط- محمد لە نهایەت سبعینات أم شیعرەی بۆ یەک عضو تشریعی وتووە. أو عضو ایستا لەگەڵ خۆمانە. من أوسا نەمزانی أو شیعرە بۆ کێ و کێ گوتوویەتی. بزانە أو قەشمەرە چۆن قەشمەری بە عضو تشریعی کردوویەتی:

**تۆش گەواوی**

**تۆش ئەندامی ئەنجومەنی ناوبراوی**

**تۆش جرتێکی دوو دەنگیت و**

**تاکو ئێستاش لێ نەدراوی!!**

محمد لەم زەمانەش ئەم شەکرە شکاندوویەتی:

**- ئایا دەزانی ئەمانە بۆچی هەردەم باسی گومرگ، گومەز و گوللە دەکەن؟**

**- چونکە ئەم وشانە بە (...) دەست پێ دەکەن!!**

ی- أمن لاندگرۆز ثنین و تسعین ها لە ژێرم. لاندگرۆز ثنین و تسعینیش مەلیک سەیاراتە!. دەتوانم حەتا قطبی شمالی مەنزڵ وە مەنزڵ بکەفمە شوونی... گوی خەروشک وە قەور داڵک گشتیان... بوغرنجە بوغرنجە بوغرنجە. ئا واللە بوخرنجە!

خیتام: أمن دائیم لە خزمەتم. موخلیسم. چالاکم. مێژووم موشەڕیفە. رجاء دەکەم موافەقەت لەسەر تەرقیەم بکەن. یەک مانگی تەواوە موستەحەقم... مردن و سەرشۆری بۆ طابوری پێنج.

ایتر بۆ پێش لەژێر ئالای حزبمان (نقطە)

دڵسۆزتان

م. 3333

**١٩٩٥/٣/٣**

مخابن جا ئەو مایخانە خاپۆ و ماخۆلان گرتووە خاپینۆکە مخەننەت و مخۆرکە و مایە فیتنە مردومراوە خانەخراوە بێ مایەرەی لە حەنای منی میانڕەو و گوناحدا ئەمە ڕاوڕاپۆرتی بێ. داخۆ دەرهەق بەو ڕەوفە ڕەشبینە ڕوو گرژە ڕوو هەڵماڵراوە ڕەنج بێ بەر و ڕەنجەڕۆیەی لە ڕۆژگار ڕەنجاوە ڕافزییەی وا ڕەپ و ڕاست ڕەخنە دەگرێ و ڕۆژانە بێ هەراوزەنا و ڕۆمەتخەزا ئۆخژنی پێدانایە، ئەو چاو باشقاڵە چاو چەقەنە شەش لەسەر



شەست و شەشە چاو چەپ و چێڵە چاویلکە لە چاوە چەوت چەوێڵە قەیچی دەمەی پارەکەمە چیرۆکنووسە لەگەڵ خانمان زمان لووسە چیکەنە دەمەچیرە چل گەزییەی بێچاوێنی بێ چک ناکات و چپەیەکی چرووک ناکات و بەچەپ و بان چەپ و نیمچە چەپیانەوە، وەچەیەکی چەواشاندووە ئەوەندە چەکوچکاریی لە چەمک و بۆچوونیاندا بکات، چی بنووسێ خودایە؟!!! یان دەبێ مایخان لە عاستی ئەو عومەرە کۆمپیوتەرە منەوەرە عەجایەب و عیناد و عاسی و عەبووس و عەبداڵی بێ ماڵ و حاڵ و عەیالە بەیازەوانە بێ بەزەییە لە ژین بێزارە بێزار و زیچە زمان زبر و ڕووشکێنە ڕاساوەدا ڕوانینی چۆن؟!!!

ئاخ چ خوم شێوێنێکە، چ گای شاخ وەشێنێکە نیخەنیخ شاخی لە ناخی ئەم خاک و بوومە خەراباتە خەمبارە خۆشکردووە خودای بێ خورد و خەو و خەم و خەیاڵ؟!!

سلێمانی 1/10/1995

---

سەرنج: هەردوو نووسەری هێژا عومەر مەعروف بەرزنجی و رەوف حەسەن کە ناویان لەم چیرۆکەدا هاتووە، پرسم پێ کردوون.

چایخانەی شەعب لە ناوەندی شاری سلێمانیدایە و نووسەران ڕووی تێدەکەن.

# جوبرائیلی پێخاوس

«یا حافیزەللا. دڵم خەبەری دابوو لێمان دەقەومێ. ئەوەیش شایەتی خوا.!» هەرکە پێم بەبرێکا نا، پژمیم. خۆ پژمین بەدەست خۆم نییە. پژمین تاوانیش نییە. کەچی حەپسەخانی دایکم یەکسەر وای بەدەمدا هات... ئەمە کاری ئێستای نییە. هەر کاتێ جارێک، تەنێ جارێک پژمیبم یەکسەر ئەو نوقڵانەی خراپی لێداوە. نیگەرانیش هرووژمی بۆ هێناوە... کەچی نە من، نە هەتاوی خوشکم باوەڕمان بەپژمین نییە. دەربەستیش نین... جوبرائیلە فەنگیی باوکیشم، وەستام و نەوەستام یەکسەر کڵاش و گۆرەوییەکانی داکەند. پێخاوس لە جێبەکە دابەزی. ئەو وەک هەرزەکارێک بازی دایە سەر زەوی. دایکم و هەتاو بەداگرتنی تفاقەکانەوە خەریک مان. دایکم وەک خەونێکی ناخۆشیان بۆ گێڕابێتەوە، گورج گورج، بەدەم جووڵەوە دەیوت و دەیوتەوە:

«– خوا بەخێرێ بگێڕێ!»

نەء، هەستم نەکرد کورتە گیای تەڕی پاش باران، موچوڕکی بەلەشی باوکمدا هێنابێ. دەشێ موچوڕک بەلەشیدا سەرکەوتبێ، بەڵام خۆی لێ نەبان کردبێ. پیرەمێرد هەن دەیانەوێ وەک کوڕەزۆکە خۆیان پیشانی قەرەباڵغی بدەن. ڕەنگە باوکیشم لەو جۆرە بێ... هەر دابەزی، وەک زیندانیی هەتا هەتایی و لە ناکاو بەلێبووردنی گشتی ئازاد بووبێ، باڵەکانی هەتا ئاستی شانەکانی بەرزکردنەوە. پڕ بە سییەکانی هەوای بێگەردی هەڵمژی. هەوای سروشتی کراوەی نەوبەهار... گوێی بۆ هاژەی زێ، پیقەی زوڕنا و گرمەی دەهۆڵ هەڵخست. لووتی بۆ بۆنی نێرگز و بۆنی خاک هلۆڵ کرد... دەشسووڕا... ئەگەر بڵێی دیمەنێکی نامۆی هەبوو. دەستی کردە سایەبانی چاوانی... لەو پێدەشتە ساباقەدا دەسووڕا. تا چاوی هەتەر بکا دەیڕوانی و دیقەتی دەدا. دیاربوو خۆشییەکی سەیر لە گیانی دەگەڕێ. هەموو خەڵک هەر دڵشاد دەهاتنە پێش چاو... دیمەنەکەیش دڵگیر بوو. پێدەشتێکی بەرین و ئاوەدان، گوندە نوێژەنکراوەکەی بناری دەگەیاندە زێ.

خوایە گیان چەنێک بەلامەوە چاوەڕوان نەکراو بوو. قەلە باچکەیەک، ڕەش، بەر گەردن سپی، بەقیژوهووڕ لەنێو ئەو هەموو حەشاماتەدا ڕێک بەرەوڕووی باوکم فڕی. ئەمجا وەک بەدەزوویەکی نەبینراو بەساپیتەی ئاسمانەوە هەڵواسرابێ، بەئاسۆی بان سەری باوکمەوە لەنگەری گرت... وەک مۆمیاکرابێ نەدەجووڵا. بەڵام لەسەر یەک



دەیقیژاند... پاشان بەدەوری سەریدا کەوتە تەنوورەلێدان. دوای قەدەرێک لەبەر پێیدا نیشتەوە و کەوتە هەڵقون هەڵقون.

خۆم بەمنداڵیی قەلەباچکەم ڕاگرتووە. دەزانم زوو هۆگری ئینسان دەبێ... بۆی هەیە بێ خوڵک بفڕێتە بەر هەیوانی ماڵەکانمانەوە. ئەگەر تەواو دەستەمۆ بوو، دەشێ لە دەرودراوسێ دزیش بکات. بەڵام لە نەدیوی و نەناسی، لەنێو هەزاران کەسدا، کوێڕا ئەم ئاشنایەتییەی لەگەڵ باوکمدا پەیدا کرد؟!

قەلەباچکەم قەلەباچکە، سەر و سینگ خڕ. کلک درێژ. کاتێ بەحیشمەتەوە لە پێش باوکمەوە ڕێی دەکرد، وەک ئەو مۆتۆڕسایکلانە دەهاتە بەر دیدەی خەیاڵم کە بە کەش و فشەوە پێش کەژاوەی پادشایان دەکەون... دیتم حەپسەخانی دایکم و هەتاوی خوشکم بۆ تاوێ، بەپەنگرکێش و باوەشێنەوە وێنەی پەیکەری وشک وەستان... قەلەباچکە وەک لەپڕ ماری دیبێ بەرەو هێلانەکەی سەرکەوێ، کردی بەقیڕەقیڕێک ئەوسەری دیار نەبێ... کاتێکم زانی، دەیان قەلەباچکەی بازوو کەوتوونەتە پێش باوکم... نەمزانی ئەمانە لە عەردەوە هەڵقولان؟ لە ئاسمانەوە بارین؟... چی؟ قازێکیش لە زێوە قەلفڕ، بەقیڕەقیڕ، بەنێو ئەو حەشاماتەدا هات... بەگوژم خۆی بەنێو قەدی باوکما کێشا. دەنووکێکی لە پشتوێنە حەوت قەفییەکەی گرت. ئەمجا کەوتە دووی... کەوتە دووی و ملی درێژ کردبوو. من دەترسام دەنووک لە قولەپێی بدا... باوکم بەئەوقبوون ئەوق بووبوو. نەیدەزانی چی بکا...؟ بۆ کوێ بچێ؟ چی بڵێ؟ بۆیە کشەیەکی نە لە قازەکە پێ کرا، نە لە قەلەباچکەکان.

دوای قەدەرێک حەپەسان، لە هیکڕا وەک باڵندەی (ڕخ)ی نێو ئەفسانەکانی هەزار و یەکشەوە، باڵەکانی کردنەوە. سەدوهەشتا پلە بای دایەوە... هەوای چواردەوری خۆی خستە شنە... چاوێکی سەراپایی گێڕا... جوان جوان دیتی چی خەڵقندە ڕژاونەتە ئەو پێدەشتە، هەریەکە و جووتێ چاویان پێوەیە، دەخوازن سەرو دووی دیکە قەرد بکەن و سەرنجی ئەم دیمەنە نامۆیەی پێ بدەن. دایکم بەحەسرەتەوە وتی:

«نەموت لێمان دەقەومێ؟!» بەڵام من هیچم نەوت.

***

٣ مانگە جوبرائیلە فەنگی لە لیژنەیەکدا چالاکە و بۆ ئاشتی دەخەبتێ. لە دوای جەولەی ٣یەمی جەنگەوە، ئەم لێژنەیە ٣ جاران سەردانی هەردوو لایەنی کرد. هەر ٣ جارەکە. بە لەبەرچاوگرتنی تەمەن، وتاری لیژنە، بەرەو ڕووی ئەم کراوەتەوە... ئەمیش ئومێدی هەرەگەورەی بەلیژنەکەیانە، باوجوودی نزیکەی ٣٠ لیژنەی دیکە لە

شارەکەیان، کە هەموویان بۆ مەبەستی چێکردنی ئاشتی پێکهاتوون... خۆی بێلایەنە و دەخوازێ لەم ئاهەنگی نەورۆزەدا کەوا بۆ ٣ هەفتە دەچێ خۆی بۆ سازدەدا، بەکردەوە ئەو بێلایەنییەی پیشانی ئاهەنگێڕان بدات و شایەنی بێ لایەنیی لیژنەکەیان شایانی ستایش بێت و هێندەی هەودایەک سەرنەکا...

جوبرائیلە فەنگی لەمێژە کەڵکەڵەی تەدارەکی ئاهەنگی نەورۆز لە کەللەی داوە:

ڕانکوچۆغەکەم خورماییە. خەڵک ناتوانن لە خوتوخۆڕایی خورمایی بەرنەوە سەر زەرد یان سەوز... چی لە پێ کەم، چی لە پێ کەم؟... دۆزیمەوە، کڵاش جێی خۆیەتی، کوردانەشە. لە قال و بەلاوە کڵاش هەر سپی بووە. مایەوە پشتێن کە زۆر گرنگە. با پشتوێنەکەم سەوز بێ، گەرچی جاران سەید پشتوێنی سەوزیان دەبەست... ئەی کراس؟... با پرسێ بەحەپسە بکەم:

– نیازمە بۆ نەورۆز کراسی مۆر لەگەڵ ڕانکوچۆغەکەم لەبەر بکەم.

– جوبرائیل، لەگەڵ خورمایی کراسی بێجی ڕێ دەکەوێ.

– بەڵام من خۆزیارم هاوسەنگییەک لە نێوان ڕەنگەکاندا دروست بکەم. ئەمڕۆ مرۆڤ بەڕەنگی جلکەکانیدا دەناسرێتەوە. هزری مرۆڤ وا لە ڕەنگی جلکەکانیدا.

– ئێ ئێ تێگەیشتم. تۆیش دەتەوێ زەمانەساز بی.

– ئافەرین ئافرەت... رات لەسەر فەقیانەی زەرد چییە؟

– بۆچی زەرد؟

– لەبەر خاتری فراکسیۆنی زەرد!

– ئاخری پیری جۆ بەتیری!... باوکم، باپیرم و خەزووریشم هەر فەقیانەی سپییان دەبەست. ئەی مێزەر نابەستی؟

– بابا... بۆ مەسەلەی تیلاکم، مەندیلێکی سپیی خاوێن و باوێن دەبەستم. سپی بۆتە ڕەنگی ئیسلامی.

– کەواتە بۆ پرسم پێ دەکەی؟

حەپسەخان لێی دا ڕۆیی و جوبرائیلە فەنگی بەتەنێ لەسەر سێ و دووی دڵی خۆی بەردەوام بوو:

باشە جوبرائیل بۆ سوورت بیرچوو؟... سا وەڵڵاهی ئەگەر پارچەیەکی سوورم لەبەردا نەبێ و (حەمە کاسترۆ)ی کارگوزاری دائیرەکەمان بمبینێ لێم نابڕێتەوە... ئا، بیرم کەوتەوە. دەکرێ عەبایەکی سوور بەڕادان بدەم و بیدەم بەسەر شانا... خودا هەڵناگرێ هاوڕێیان لە زەمانی (حسکە و ماتلی)یەوە خەریکن. قەیدی نییە با عەبایەکەم



سووربێ، وەختی خۆی پیاوماقووڵ و سەرخێڵەکان عەبای شانسورمەیان هەبووە... با گۆرەوییەکانیشم ئەڕای کوڕەیل گەرمەسێر ڕەش بن.

کەواتە مێزەری سپی، ڕانکوچۆغەی خورمایی، کراسی مۆر، حەوت قەف پشتوێنی سەوز، کڵاشی سپی و گۆرەویی ڕەش، فەقیانەی زەرد عەبای سووری ئاودامان... تۆ بزانە چەند زەین کوێرم... جا خۆ برادەرانی شارەزوور لێم نابڕنەوە... نا، نابێ دڵی هیچ لایەنێکم لێ برەنجێ. من هەوڵ دەدەم لێکیان نزیک بخەمەوە. جا خۆ ئەگەر (شین)م بیر بچێ، مانای وایە دژی تەباییم. ئاه، بیرم کەوتەوە، دەکرێ تەزبیحێکی دەنک گەورەی شین، لەوانەی بۆ چاوەزار دەیکەنە ملی ئەسپ... بەڵام باوەڕم کزە برادەران بەتەزبیحێ دڵیان ئاو بخواتەوە. بەکەمی دەزانن. (حسە گرێزەیی) حەرەسی شەویشم لێ دەڕەنجێ. ئا، بۆیباخێکی نیلی دەبەستم و قسەی دەبڕم...

بەیانیی نەورۆز، کاتێ پڕتەو و هەتاو دیقەتی باوکیان دا حەپەسان. پڕتەو وتی :

بابە گیان تکا دەکەم بەقاتەکەی دائیرەوە وەرە!

هەتاو بەپاڕانەوە پاڕایەوە:

– دەترسێم لێمان تێک بچێ!

حەپسەخان وتی:

– قسەی خۆتان لە بەرد مەدەن!

جوبرائیلە فەنگی بەبڕوا بەخۆبوونەوە وتی:

– دەزانم هەرکە لە جێبەکە دابەزیم کوڕوکاڵ چواردەورم دەتەنن. بۆ یادگار وێنەم لەگەڵدا دەگرن. پەیامنێرەکان گفتوگۆم لە تەکدا ساز دەدەن... بەشداریی مەراسیمەکان دەبم. کوڕگەلیش دڵیان پێی خۆش دەبێ. جاروبار پێیەک لە زەوی دەدەم و لەگەڵیان هەڵدەپەڕم. بەڵام لە سەرچۆپییەوە نەبێ دەست ناگرم... دەسا لەو بڕوایەدام، ئامادەبوونم بەم جلکانەوە ڕۆڵی بەرچاوی دەبێ. دڵنیاشم دوای مەراسیمی نەورۆز نوێنەرم دەنێرنە لا و پیرۆزبایی ئەم هەنگاوەم لێ دەکەن. بەتایبەت ئەو لایەنەی لە نەورۆزی ئەم شارەدا بەشداریی ناکات و سنوور کەوتۆتە نێوانەوە... ڕەنگە وەک ڕەمزی ئاشتی و تەبایی ناودێر بکرێم... بێگومان زۆر خێزان تووڕکی خوڵکم دەکەن. منیش بێ دڵییان ناکەم... یاپراخێ لێرە، پلێ گۆشت لەولا، پیاڵە چایەک لەولاتر... بەدووریشی نازانم ئەم تەرزە بەرگە ببێتە با و و لەمەوپاش نووسیارە بەنامێ و ئەکتەرە بەناوبانگەکان لەبەر بکەن.

جوابرائیلە فەنگی هۆپێکی لەخۆ زانی پێسە تەیمان چواردەوری تەنراوە. چرکەی کامێرا و بریسکەی فلاشە. کامێراکان بێ هەدادان ڕوویان دەکردە ئاسمان گاکۆتر و

ماسیگرەیان وێنە دەگرت. لەسەر سەوزەگیای سەیرانگەکەیش فۆتۆی مراوی و قازەکانیان دەگرت کاتێ بەدەنووک عەبایەکەی جوبرائیلە فەنگییان ڕادەکێشا. پۆلە قەلەباچکەیان وێنە دەگرت کاتێ لەپێشییەوە ڕێیان دەکرد و جارجار دەنووکیان لە پێخاوسە ڕچیوەکانی دەدا... زووم ئین و زووم ئاوتی خۆیان دەگرت. هی پارچە پارچەی جلکەکان... کوڵەفرە و کلاوکورە و کلک هەڵسەنگێنە و مریشکە ڕەشە، لای چیاوە دادەهاتنەوە. گامارۆ و بۆرچین لە چەمەوە، لە ژێلّدا هەڵدەکشان. چۆلەکە مینا لە تافی بووک بردندا بن پێکدا دەهاتن و دەیانجریواند و ئەو ناوەیان پڕ زریوە زریو کردبوو.

لاوێکی کاوبۆی لەبەری چاویلکە ئاوێنەیی، پێشی کەوت و پلارێکی تێ گرت:

– دەرهێنەرەکەی نەزانە، تازە باوەڕ ناکەم فللینی و بازۆلێنی پێکەوە بتوانن بیهێننەوە تایم!

هەرزەکارێکی تر کە پتر لە ٥٠ دوگمەی ڕەش و نزیکەی ٣٠ ئەڵقەی ستیلی گەورە و گچکە و ١٠یان تەرەقە و ٦ جووت گیرفانی هەمەڕەنگ و دەرزەنێک زریزە و زنجیر بەقەمسەڵە ڕەشە چەرمەکەیەوە بوو، وێرای کەتتافی و ئاوزوونە، لێی هاتە پێش وتی:

– نەهارمۆنییە، نەکۆنتراست!

ژن و منداڵی جوبرائیلە فەنگی دەست لەسەر دەست زرتەی چاویان دەهات و ئەوق ببوون... قازەکان بەردەوام بەدەنووک دامێنی عەباکەیان ڕادەکێشا. مانۆڕی باڵندە بەئاسمانەوە بەردەوام بوو. دادەهاتنەوە و دەیانویست لەسەر تەپڵی سەری بنیشنەوە بەڵام لەبەر ئاپۆرەی خەڵک سڵیان دەکردەوە و دەیانقیڕاند. پۆلی گاکۆتر بەهۆهۆ. قژاکە بەقیژەقیژ. لە شاخڕادا دەهاتنەوە و ماسیگرە بەرز بەقیژە و قاژەی باڵیانەوە تەنوورەیان بەسەر جوبرائیلە فەنگییەوە لێدەدا و ئاسمانی سەیرانگەکەیان چۆڵ نەدەکرد. جامانە بەسەرێکی برۆ چڕ، چاوبز و سمێڵ زل، بەدەم نزگەرەوە بەهاوپیاڵەکەی، کە دوو پەرداخی بەتاڵی لەپاڵ یەکدا. بۆ پڕکردنەوەیان دانابوو، وت:

– بەشەڕە...فم، وەک دیۆ...جامە، ئەم زەلامە ببەمە ئەو سە...گرمەیە، نێرەکەوی پێوە ناهێڵم!.

منداڵان، شاری و گوندی، بەغاردان هاتن. هاوکات هەزاران فیرنەگولەی بۆرەقنە ڕژانە ئاسمانی سەیرانگەکە... منداڵی یەکەم جوبرائیلە فەنگیی پەنجەنوما کرد و وتی:

– پێم وایە باڵندەی لەم ڕەنگەم دیوە!

منداڵی دووەم: ئەگەر لە ماڵە مەسوول دیبێتت ئەوا تاوسە!

یەکەم: نا نا... لەم دەوروبەرە دیومە.



دووەم: دە ئەوە غەزایی کەرەیە.

یەکەم: غەزایی کەرە دەزانم کامەیە. عەینەمەلیشی پێ دەڵێن. هەو نییە!

دووەم: دە کەواتە کەندەسمەیە!

یەکەم: دەزانم مەبەستت هەنگخۆرەیە. لەو گچکەترە!

دووەم: هەبێ و نەبێ بووکە دۆمانەیە.

یەکەم: بووکە دۆمانەش نییە.

دووەم: زەردیوەلییە.

یەکەم: هەو نییە، بەڵام نزیکت کردۆتەوە.

دووەم: حەفت ڕەنگیلەیە!

دووەم: دەمخۆش خۆیەتی. حەفت ڕەنگیلە... حەفت... ڕەنگ... گی... لە.

سەدان منداڵ خڕبوونەوە. بەدەم چەپڵەڕێزانەوە، وەک دروشمێکی چوار بڕگەیی بەحەماسەوە دەیانگوت و دەیانگوتەوە: حەفت... ڕەنگ...گی...لە.

هیندەی نەبرد چی دەهۆڵکوت و زوڕناژەن هەبوون لەسەر هەمان ئاواز دەهۆڵیان دەکوتا و زوڕنایان دەژەند... کوڕ ئەو کوڕە بوو بتوانێ ڕوو بەڕوو جوبرائیلە فەنگی ببینێ. هەبوو لە جێی خۆی هەڵدەبلۆقییەوە، دەچوو بەحەوادا تاکو چاوی پێ بکەوێ. هەبوو دڕی بەحەشاماتەکە دەدا... هەبوو دەپەڕییە قەلاندۆشکانی ئەوەی پێشی تاکو بەچاوی خۆی ئەم باڵندە ڕەنگاوڕەنگە نوێیە ببینێ.

***

– ئەرێ بەڕاست ئەو بگر بگرە چییە کاسترۆ؟

– بێ خەبەرم حسێن. پێ هەڵگرە بابزانین!

– شەڕە!

– باوەڕ ناکەم. تۆ کەس دەبینی لە کەسێکی دی ڕاسابێ؟

– کوڕە خۆ ئەوە جوبرائیلە فەنگییە و لە هەوران ڕادەمێنێ!

– ئەی هاوارم هەی، ئەویش تێکچوو!

– تۆ بزانە بۆتە مایەی هێلانەواز بوونی هەزاران باڵندەی بەستەزمان!

– ئەمەس حەفتڕەنگیلە مەبەستیان پێ جوبرائیلە فەنگییەکەی خۆمانە!!

***

دوای کۆششێکی زۆر، پڕتەو بەجێبەکەوە خۆی کوتایە ناو ئاپۆرەکەوە. بەحەپسەخان

و هەتاو هەردوو دەست و هەردوو قاچیان توند گرت و پەستایانە پێشی جێبەکەوە. بەفەلاکەت دەربازبوون...

هەتا لە چاو ونبوون جەماوەرەکە بەدەم هاڕەی چەپڵەڕێزان و زیرەزیڕی زوڕنا و گرمەگرمی دەهۆڵەوە، بەحەماسەوە هاواریان دەکرد:

حەفت... ڕەنگ...گی...لە... حەفت/ ڕەنگ/گی/لە...

هاوینی 2000

---

دێوجامە: پارچە قوماشێکی گەورەیە، پەڕۆی ڕەنگاوڕەک، پارچە شووشە و ئاوێنەی لێ چەسپ دەکرێ، بۆ ڕاوی باڵندە بەکاردێ.

نوقلانە: پێشبینی.

ساباق: گەورە و فراوان.

سایەبان: هەر شتێ سێبەر بکات.

پلار – تانە و تەشەر، قسەی بەتوێکل.

هێلانەواز: لانەوازبوونی باڵندە.

بۆنم: بۆنی خاکی تەڕ

پەنگرکێش: مقاش، ماشە

شایەن: تەرازوو

ئەڕای کوڕێل: لەبەر خاتری کوڕگەل

حسکە و ماتلی: دوو جۆرە تفەنگن، سەرەتای سەدەی بیستەم هاتوونە کوردستان

گرێزە: گوندێکی بەئاپۆرە و دەوڵەمەندی شارەزوورە.

خوڵکی توورکی: خوڵکی جدی، فەرموو لێکردنی ڕاستەقینە.

فللینی و بازۆلینی: دوو دەرهێنەری بەنامێی ئیتالیایین.

فیڕنەگولە: باڵندەیەکی بۆری لە چۆلەکە گچکەترە، فڕنەگولە، فندەبەبوولە.

هەڵبلۆقینەوە: هەڵبەزینەوەی خێرای لەدووی یەک.

گامارۆ: باڵندەیێکی ڕەشی درێژی نێوچاوان مارۆی ئاوییە.



# بەفری سوور و تەقە لە بناری چیا

**ب** ئەوەتا چاوە هەنگوینییەکانی تێبڕیوی وەک بڵێ:

«هۆ کاکی ماڵ لە پەڕگەی دێ. لەم گوندەدا لە تۆم ئاشناتر نەدۆزییەوە. مەرد بە هەتا ڕەشایی دەکەوێتەوە داڵدەم بدە. کە ڕەشایی کەوتەوە ئیدی هەیپای لێ دەکەم و ماڵت ئاوا.»

***

لەوێوە، لەبەر هەیوانی ماڵێکی قوڕینەوە. ماڵێک وێنەی قۆپچە، بەسینەی گردێکەوە دادووړراوە... لەوێڕا بۆ چۆمەکەی پاین دەڕوانی. ئەو چۆمەی ئاوایی دووکەرت دەکات. پردێکیش مینا دەرزیلەی سوخمە هەردوو بەری لێکداوەتەوە. سەرنج بۆ گردەکەی بەرامبەرت دەنێری. بۆ دار و شەخس و گۆڕستانەکە. بەڵام ئەوانە نموودەکەی جارانیان نەماوە... دەڵێی خواوەند بەلاستیکێکی خەتکوژاندنەوەی گەورە هەموو ڕەشاییەکانی سڕیوەتەوە. بۆیە تا چاو هەڵخەی زەمین کاڵ بۆتەوە. سپی سپی مینا کاغەز، لەسەری بنووسە... بێدەنگییەکی سارد باڵی کێشاوە، وەک دنیا بۆ گیانی شەهید لە پرسەدا وەستابێ وایە... جریوەی چۆلەکەیش نایە... بڕنەو بتەقێنە، تەنیا تەپەیەکی کورتی لێوەدێ و گوێت لە دەنگدانەوەی نابێ.

**تە** بەدوای یەکەمین بانگدا، نێرەکەوێکی غوباب، بەیەک باڵ گەیشتە نزیک دار بەڕووە گەورەکەی (ما) کەوەکەت لەبندا داناوە. دەجووڵێیت بەئاستەم خشەیەک لە حەشارگەکەتەوە دێ... ئەوەتا نێرەکەوێکی نافەک شۆڕی سەر زلە. بڕێک لەو خشەیە دەسڵەمێتەوە و هەست ڕادەگرێ... خێرا بەلای ماکەوەکەدا لادەکاتەوە. ماکەوەکە دەبینێ لەنێو قەفەزەکەیدا کەوتۆتە جموجووڵ و شووڵی قەفەزەکەی داوەتە بەر ڕێژنەی دەنووک.

**ه** لە دوێنێوە ئەوە چەند جار بان بماڵن و هێمان بانەکان سپین... گوند بۆتە بەفرەچاڵێکی گەورە... لەبەر هەیوانەکەدا وەستاوی. دیقەت لە لقوپۆپی سپی و سۆڵی سیخوارپۆش و کریستاڵ ڕوخساری دارتووە پیرە زەلامەکەی چەقی حەوشە دەدەی. دەڵێی چەترێکی سپیی ئەفسووناوییە... چەتری دەستی دێو... پێدەچێ سروشت هەڕوگیڤی تافی لاویی خۆی بنوێنێ... دەست لەرزینەکەت ڕوو لە زیادییە... چونکە دوا ئەندامت داوای مەییت لێ دەکەن. ئەگەر بەفر نەکەوتایە، ئێستا دنیا تاریک بوو. حەوت زەمان بوو پێکت ڕازاندبۆوە... تۆ بەفڕکردنی پێکی یەکەم دەست لەرزینەکەت

نامێنێ.

لە ژوورەوە ئارەقی دارخورما نیشان و لە دەرەوە بەفری کوێستان. ئیدی ماتڵی چیت؟... تۆ لە سێ و دووی ئەم خەیاڵاتەدای و ئاسکێک وەک کوارگە بەهارە لە چەقی حەوشەدا هەڵتۆقی؛ ئەوە بۆ حەپەساوی هەڵۆ؟... بۆ دڵت کەوتۆتە کوتەکوت؟ چاوەکانت هەڵمەگلۆفە... ئاسکێکی چاو هەنگوینیی بەبریسکەیە. تووک قاوەیی کاڵ. ژێر سک سپی چون بەفر... هەناسەی دەبێتە هەڵم و هەیتاهەیتا لە کونە لووتەکانیەوە سەردەکا.

**قە** بەڵام ئەم نێرەکەوە، وێنەی ئەوانی دی نییە. ناخوێنێ و وەڵامی بانگەکەشی نەدایەوە. نە جرەجرِی هەیە و نە ئارەزووی لێیە بەدەوری ماکەوەکەدا بسوورِێتەوە و باڵەکانی لە زەوی بخشێنێ... نە سینگ دەرپەرِاندنی هەیە و نە چینە و دەنووک لە عەرددان...

وا چاوە وردیلەکانی لەسەر ماکەوەکە گواستەوە و رِووەو حەشارگەکە بۆ لای تۆ دێ. لا دەکاتەوە، سەرەوژوور دەرِوانێ، مل دەگێرِێ. ئەوە غەریزە و ئارەزووی جووتبوونە پاڵ بە نێرە کەوەوە دەنێ تا مل بنێ و ژیانی بخاتە سەر شاپەرِی باڵەکانی و کوێرانە بۆ هەناسەیەک ژوان، ماخۆلانی پێ بکەوێ، بەخرۆشەوە لە فجووق بدا و ئەنجام

**ف** ئاسکی تاین لە هێمنیت رِادەمێنێ و دیقەتی دەستە لەرزۆکەکانت دەدا. دەستی دەستکێش. دەستکێشی رِەش. وەک لەگەڵ دەستی سوارە گومرِاکاندا بەراوردیان بکات و گومانی هەبێ بیبەن بەفیلا وەهایە. دەستەوانەی رِەش، خوێناویش ببێ پێوەی دیارنییە... نەکەی بیبەی بەفێلا... گوێکانی دەجووڵێنێ و کلکە کورتەکەی دەلەقێنێ. وا بەدەم سڵکردنەوە هەنگاوێکی دی لێ هاتە پێش. وەک بڵێ:

«ئێوارەت باش. تۆ هونەرمەندێکی هەست ناسکی. هەست بەناڵەی برسی و بێ لانە و بانە دەکەیت و شیعریان بۆ دەڵێی. منیش کەڵە ئاسکێکی هەڵەتەم. ها گەردنم، بێنە باسکت...»

بەدیتنی ئەم میوانە درەنگوەختە چاوەرِوان نەکراوە ئەوق بوویت و وەک کێل چەقیوی. ئەویش لە بارِژنی دا و هەنگاوێکی دی لێت هاتە پێش. وا بزانم بیر لەو خوازە و لێکچواندنانە دەکەیتەوە کە ئاسک بۆتە هەوێنیان. سرک، رِەوتی مامز، چاوی ئاسک، چاو کەژاڵ، ئاهووی سەحرا، لە سایە سڵکەر... تۆیش گەلێ جاران دەستەی جوانەکانت بەرِەوە ئاسک چواندووە. وا ئەمرِۆ ئەم کەڵە ئاسکە بەپێی خۆی هاتۆتە ئاشیانەکەت و بۆتە میوانت. میوانیش دیاریی خودایە. تۆ سەرنجی گونجاندن و جوانیی



ئەندامەکانی لەشی بدە هەڵۆ... زۆرجار برسێتی و بێ لانە و بانەیی، مرۆڤ دەکەنە درِندە و هێرش دەبات. کەچی ئەم کەڵە ئاسکەی لە گیاندارێکی کێوییەوە گۆرِیوە بۆ دەستەمۆ... هەڵۆ تۆ سەرنجت لەسەر کەڵە ئاسکە. بەهەڵمی هەناسەتدا دیارە پشووت سوارە. لێوت دەجووڵێنی. وەک لەبەرخۆتەوە بڵێیی:

**لە** بکەوێتە بۆسەی رِاوچییەوە. کە بۆ لای تۆی مێعڵ دێ، سەرت دەسوورِمێ. خۆ ئەو بەمل درێژکردن و نیگەرانە سەرنج و لاتراسکە بەستنیدا دیارە ئاگای لێتە وای لە پارێزیدا و هەستی کردووی. کەچی ئەوەتا

**ر** «برِوانە گەردنی بەرزی!... چاوە خومارەکانی؟ نێوقەدە تێک قوپاوەکەی؟ پێدەچێ هەفتەیەک بێ لەوەرِی نەدیبێ؟... چۆن بلەوەرِێ بەفر زەویی داپۆشیوە؟!... ئەوەتا بەئاشکرا داوای یارمەتیم لێ دەکات و بۆنی غەریبی بەمنەوە ناوە... بەڵام...»

بەڵام چی؟... دڵم لێ کرمێ کردووی هەڵۆ!... دەترسێی کەسێک، وڵاخێک، سەگێک، لەپرِ خۆی بەماڵدا بکات و کەڵە ئاسک بپرینگێتەوە و هەڵێ... یان خۆی بەماڵێکی دیکەدا بکات و لە دەستت بچێ. بەقسەم بکە، بچۆ ژوورێ، ئیدی ئەو خۆی دەزانێ چۆن لە پەنایەکدا ستار بگرێ.

**ب** هەڵنافرِێ و لێت دوورناکەوێتەوە. تۆش لوولەی تفەنگەکەت کردۆتە سینگە پانە خاڵ و میل کوتراوەکەی... ئەو ئەگەرچی بەچاوی گومانەوە بۆ لوولەی رِەشی تفەنگ و چاوی کراوەی قەرەوڵت دەرِوانێ، کەچی بەپێی خۆی رِووەو حەشارگەکەت دێ... وا دیارە لە مەرگی خۆی بەپەلەیە. باشە ئەم بۆ ئەوە هاتووە ببێتە نێچیری تۆ یان بۆ تاوێک لەزەت و رِابواردن؟!. یان ئەوەتا تۆی بەئینسان زانیوە. ئینسانی خاوەن بەزە و سۆز و داڵدە...؟

سڵۆک سڵۆک و هەیتا هەیتا ئاورِی گومان دەداتەوە و ملی دەجووڵێ. ماکەوەکەیش وەک تۆقیبێ، جووکە و جووڵەی لەخۆی برِیوە و سینگی بەبنکی قەفەزەکەوە نووساندووە!... ئەمەیشت بەلاوە نائاساییە. چونکە ماکەوی ماڵی بۆ ژوانی نێرەکەو دەقاسپێنێ و بەعەزرەتەوەیە هەرچی زووە بەدیداری شاد بێ. ئەوەتا نێرەکەوەکەش وا لێرەیە! سەرت لەم دۆخە دەرناچێ! پەنجەشت لەبەر کاردایە. ئێستا چەند هەنگاوێکت لێ دوورە. ئەگەر پەنجەت بەپەلەپیتکەی تفەنگەکەتدا نا، ئەوا سینگی دەکەیتە بێژنگ. نێرەکەویش زێتر دێتە پێش وەک ماڵیی بێ، یان بە(بارِ)ی

**ی** کەڤاڵی رِەوە ئاسکی بیرەبیرە:

ڕەوەیەک ئاسکی دوژمن لەدووی سەرمابردوو، بەنێو بەفرێکی ئەستووردا مل دەنێن... نووچ دەدەن، ڕاست دەبنەوە... دەکەون، هەڵدەسنەوە... دەگلێن، خۆیان دەگرنەوە و هەڵدێنەوە... دەستەیەک سواری سینگ هەڵکێش، تەیار، کلێتە بەسەر، پووزەوانە لە پێ، لەم یاڵەوە بۆ ئەو یاڵ. لەم دۆڵەوە بۆ ئەو دۆڵ بەشوێنیانەوەن و بەئامان و زەمان لە کۆڵیان نابنەوە.

ڕووەو ئاسک بەزەمینەی سپیی بەفرەکەوە دیار و نیشانەن. ئەسپ بێ باک تێر ئالیک. بەحیلە و کوڕژن. سوار بەهەوهەو و هاتوهاوار... ئاسکیش برسی و بیرە بیرە، هەڵەتە و تۆقیو. بەفر تا بندەست هاتوو. چوارپەل ڕچیو. ماندوون ماندوتر، برسێن برسیتر دەبن. ئەوەتا وا پێشیان لێ گیرا و لە دۆڵێکی باپێچدا ئابڵووقە دران... ئێستا چوارپەلیان ناگاتە زەوی. بەسەر بەفرەکەوە هەڵواسراون. ئەوانیش دڵڕەقانە بە لیس تێیان کەوتوون. ئەسپ دەپرمێنن. هەڵدەسنەوە سەر پاشوو، دەستەکانیان ڕادەوەشێنن و چەپۆکانیانە. هەڵمەت دەبەن. دەیانکەن بەژێر سمەکانیانەوە... هەناسکە هەناسک و پەلەقاژەی ڕەوە ئاسکی تۆقیو کەڤاڵێکی بەجوولەی لەبان زەمینەیەکی سپی نەخشاندووە.

***

**نا** بەدەستی خۆت دان و ئاوت پێ دابێ. ئاوا دەستەمۆ دێتە بەر چاوت. سڵێکی ئەوتۆت لێ ناکاتەوە. پێدەچێ داوای سۆز و دۆستایەتیت لێ بکات... دوودڵیت و دەستت تێی ناچێ تەقەی لێ بکەی. کێ دەڵێ کەوێکی ماڵی نەبووە و تازەکی ڕووی لە چیا نەکردووە؟... بۆ وا ئەوق بووی؟ دەزانم بەوزۆ تۆ ئێستا ئاوا بیر دەکەیتەوە: «من بابایەکی ڕاوچیم. ئەویش وەک سەرەمەر بێت و بۆ هێلکەکردن هەڵنیشتبێ سینگی بەزەوییەوە نووساندووە. بۆ بەدەست نەیگرم؟!»

**س** پێدەچێ ئەم کەڵە ئاسکە لە چنگی ئەو گەلە سوارە دەرباز بووبێ و لە ماڵی ئێوەی هونەرمەند مەنزڵگیرە بووبێ...

چاکت کرد هەڵۆ پشتت تێ کرد و لەبەر چاوی ون بووی. کەڵە ئاسک گەردن هەڵدەبڕێ. دەوروبەر تاقی دەکاتەوە. گەردنی لە کەڵەکی حەوشەکەت بڵندترە. لە دیوی کۆڵانەوە دیمەنی گەردن و قۆچەکانی لە دووپەلەی درەختێکی ڕووتەڵە دەچێ... لە شوێنی خۆی ساکاوە. وەک هێشتا بیری لای ڕەوە ئاسک و تاساوی بازرەبوون و ڕاوەدوونان بێ.



ئەوە بۆ دیسان گەڕایتەوە بەر هەیوان هەڵۆ؟!... ئەی ئەو پاڵتۆیەت بۆ بەسەر شان داداوە کاکی هونەرمەند؟!... ئا دەبینم نانێکی تیریی ڕەقت بەدەستی چەپەوەیە. تۆ هەنگاوێ دەچیتە پێش. ئەویش بۆن بەنانەکەوە دەکات. ئەوا لمۆزی درێژ کرد. دەبینم دەستت دەلەرزێ. پارکنسنە دوابڕاوەکەیە... ڕۆژان ئەم دەمانە پێکت سازبوو. بۆیە مینا وڵاخی ئالیک دواکەوتوو سمکۆڵانی بۆ دەکەیت. کەڵە ئاسک لە دەستی چەپت نزیک دەبێتەوە. ئەو دەستەی لای دڵتەوە هاتووە و نانی پێیە.

**ر** لە هەناسەیەکدا کۆتایی بەدوودڵی دێنی. ئەوا پەنجەت لە پەلەپیتکەی تفەنگەکە گیر دەکەی. کڵپەیەک گڕ و دووکەڵی لەپڕ و بێ ئامان دەردەپەڕێ. ناڵەیەک بێدەنگیی ئەو قەدپاڵە دەشڵەقێنێ. ئەم ئەشکەوت بۆ ئەو ئەشکەوتی دەسەنێتەوە. ماکەوی ناو قەفەزەکەش وێنەی ماخۆلان گرتوو جێ بەخۆی ناگرێ. نێرەکەوەکەش پەلەفرتێیەتی. بەدەم باڵە تەپەی گیانەلاوە بۆ ژێر بنچکێک دەخزێ. لەسەر یەک باڵ بەعەردەکەدا دەدا. ئەوا باڵەکانی لێک ڕەوانەوە و کەوتە سەرپشت. تەنیا قاچەکانێتی لە هەوادا دەجوولێنەوە. حەشارگە و تفەنگەکە جێ دێڵێ.

**و** دەستی ڕاستیشت، ئەوەیان کە هونەری پێ دەنوێنی، تەنێکی ڕەق و سارد و درێژکۆڵەی هەڵگرتووە. لەژێر پاڵتۆکەوە دەلەرزێ. ئاسکە ماندوو هەستی پێ ناکات. ئەو برسییە و دەستی ڕاستت وردە وردە بەرز دەبێتەوە. لەگەڵ خۆیدا چمکی پاڵتۆکەش بەرز دەکاتەوە. لەپڕ، باوەشێک گڕ و خرمژنی گوللە لە لوولەی ڕەشی ژێر پاڵتۆکەوە دەردەپەڕێ. ئاسکە ماندوو لە بارژنێکی دووردرێژی دا و لەنێو بەفرەکەدا کەوتە لنگەفرتێ. هاوکات ڕیزێک چلوورە لە دارتووی حەوشەکە جیابوونەوە و خەنجەرئاسا چەقینە زەویی بەفرگرتوو.

**گیانەلای کەڵە ئاسکە ماندوو بەسلۆمۆشن:**

ئاسکە ماندوو، هەڵمێکی سپی سپی، مینا تەمی سەر بەفر لە لمۆز و چالانچەقیلەی سووری تۆخی زامەکانێوە بەرز دەبێتەوە... ئاسکە ماندوو کەوتۆتە سەرپشت. لێکدا لێکدا مل هەڵدەبڕێ و لنگەفرتێیەتی. وەک بەپەلە پێمەلە لە بۆشاییدا بکات. دەیەوێ هەڵسێتەوە و ڕووبکاتەوە هەردوو زورگە بەفرگرتووەکان.

**ی** بەدەم دەرپەڕینەوە، بۆ چەقۆی تازە ساوی بەر باخەڵت دەگەڕێی. هەنگاوێک و دووان دەنێی... سیرەی هەڵۆ دێتە گوێت. ئەوەتا وا هەڵۆیەک بەهەمموو خێرایی خۆیەوە دادێتەوە. هاژەی باڵەکانی دێ وەختێ بایەکە شەق دەکات و لە تاقی ئاسمانەوە

ستوونی بەرەو ڕووت دەفڕێ... نزیک دەبێتەوە و چنگە قولاپییەکانی بۆ هێرشبردن ئامادەن... وژژژ... بەدەنگێکی ترسناکەوە دەگاتە سەر سەرت. وا تەواو داهاتەوە و بە بن باڵی دار بەڕووەکەدا هێرش دێنێ. بەدەنووکی قولینگی و شاباڵی زێڕین و چنگی کراوەوە سام لە دەروونتا دەچێنێ. بەدەم سیرەیەکی ترسناکەوە شاڵاوت بۆ دێنێ.

**و** ئەوا دەستەکانی دادا. بەڵام هەیهات. هەڵنەسایەوە. بەفرەکەی ژێری خوێنپڕژێن دەکات. وەک نوقمبووی گۆمێکی گێژ و لە دواهەناسەکانی ژیانیدا بێ، پێمەلە خاو و خاوتر دەبێ. ئەوەتا گەردنی بۆ ڕاگیر نابێ وردەوردە تەختی نێو بەفرەکە دەبێ. بەفری سوور... بازرەقەی خوێن، تا سەر زەوی، بارستایی بەفرەکە دەسمێ و پاشان دەمەیێ. فیچقەی خوێن ڕوو لە کزییە... ئێستا دڵۆپ دڵۆپ لە شەبەقی زامەکانەوە هەڵدەقوڵێ... دڵۆپە خوێنەکان بەسەر تووکە نەرمەکەیەوە دەبنە ڕستە یاقووت. پەلەفرتێش تەواو. ئێستا یەکبین دەلەرزێ. زمانی کەوتۆتە لالغاوەی. گلێنە هەنگوینییەکانی بریقەکەی جارانیان نەماوە.

**چ** ئێستا بەئاسمانۆکەی بان سەرتەوە لەنگەری گرتووە. دووسێ جاران باڵەکانی بەیەک دادا: دیارە دەیەوێ چەواشەت بکات. بتترسێنێ و بتخافڵێنێ. تۆش چاوەکانت پرتەپرتیانە. لەم هێرشە لەناکاوەدا هەناسەت سوارە و ترس بەخانەکانی لەشتدا ڕۆدەچێ. چەقۆکەت لێ دەکەوێ. دەستەکانت کردوونەتە سوپەری ڕووت. نەبادا شاتاوڵ بۆ چاوەکانت بێنێ. کەوی کوژراویش لە پەلەقاژەی سەرەمەرگ کەوتووە و خەریکە سارد دەبێتەوە. ئەوەتا وا هەڵۆیش چنگی لە کەوی لە خوێنی خۆیدا گەوزا و گیر کرد و فڕاندی. پەڕوپۆڵی نێرەکەوی کوژراو بەئاسمانۆکەی ژوور سەرت وەربوون و دەبارێن. پشووت پێدا دێتەوە. بیری لێ دەکەیتەوە. تازە بەتازە تێدەگەی. تەمەس هەڵۆی تاین پێش تۆ بۆی لە پارێزدا بووە. نێرەکەوی کوژراو لە پەیجۆڕی جووتبوون لەگەڵ ماکەوەکەندا نەبوو، وەک تۆ بۆی چووبووی...

**ر** سپێنەی جووتێ چاوی نیوە کراوەم لێوە دیارن... وا بەتەواوی لە جووڵە کەوت و ساردبۆوە... بڕوانە، بەزەبری پەلەقاژەی مەرگی کەڵە ئاسک، چۆن بەفری حەوشەکە وەرد و پەڕەناو بووە؟... تۆ ئەی هەڵۆ دەستەکانت بوونەتە چنگ. چنگی ڕەش و تیژی داڵاشێکی زلە. کەچی کەللەت جووتێ قۆچی ڕەپ و ڕەشی لێ ڕواوە. ددانەکانی پێشەوەت بوونەتە شفرەی زەرد و چاوەکانت سوور سوور مینا گۆمی خوێن. بەدەوری لاشەی کەڵە ئاسکە ماندوودا سەما دەکەی. سەمایەکی شێتانەی بێ تام. جووتێ دەستکێشی ڕەش، لەوێ، لەسەر بەفری سپیی ئاماڵ سوور بەجێماون... لوولەی



تفەنگێک تەنکە دووکەڵێکی لێ بڵند دەبێ... لە بێ داڵدەیی خۆی تۆی کردە داڵدە کەچی بوویتە خەنیمی.

کۆپنهاگن، هاوینی 1999

**یا** دیمەنی کۆتایی:

a– بەوزۆی ڕاوچی ئەوق بووە. هێڵەکانی ڕوخساری ڕوویان بەرەو خوارە خەمناک دیارە.

b– شەپلاخەیەک بەهەنیەی خۆیدا دەماڵێ. پەشیمانە (دەنگی شەپلاخە).

c– بەوزۆ سەر بەرەو ئاسمان هەڵدەبڕێ.

d– لە نێوان گەڵای درەختەکانەوە هەڵۆ هێندەی پاسارییەکی دیارە.

e– بەوزۆ بەقەڵەمبازێک دەگاتەوە حەشارگەکە. (خشەخشێکی زۆری گەڵا).

f– دەستی بەوزۆ و تفەنگەکەی.

g– دەست و تفەنگ. فیشەک دەباتە پێش. (خرمژنی چەک).

h– لەنێو چڵ و گەڵای درەختێکەوە لوولەی چەکەکەی کردۆتە ئاسمان.

i– لە نێوان گەڵای درەختەکەوە ئاسمان و لوتکەی چیا دیارن. هەڵۆ نابینرێ.

j– پەستە. توند چەکەکەی فڕێ دەداتە بان حەشارگەکە. (خشەخشی گەڵا).

k– ماکەوی نێو قەفەزەکە. لە ترساندا جێ بەخۆی ناگرێ.

l– چەقۆی تازە ساوی سەر زەوی کەوتوو.

لە بێ داڵدەیی خۆی تۆی کردە داڵدە، کەچی بوویتە خەنیمی.

نامەخانەی ئەوقافی سلێمانی

24/9/1990

# بەخۆدا شکانەوە

ئەوە نزیکەی پێنج شەش وێستگە ببڕێ و هێشتا هەر بەتەنیا دانیشتووە. بڕواشی بەو قسەیە لەقە کە چەند جارێک لێرە و لەوێ بەگوێیاندا داوە. نەء... زیاتر بەهەمهەمە و پڕوپاگەندەی دەزانێ. سەری لە ڕۆژنامەکە هەڵبڕی. دیتی زۆرینەی کورسییەکان پڕبوونەتەوە لە دەرەوەش کڵووە بەفرەکان گێژ دەخۆن و خۆیان بەجامە پانوپۆڕەکانی پاسە نارنجییەکەدا دەکێشن. دەخزێن و دەتوێنەوە. ڕێچکەی دەزوولەیی پێچەڵپێچ هەڵدەبەستن. تێکەڵ بەیەک دەبن و بەجامەکانی تەنیشتدا دەتکێنە خوار. فڵچە ڕەشەکانی پێشەوەش هەیتاهەیتا بەفری سەر جام نیشتوو ڕادەماڵن و بەحاڵەحاڵ فریا دەکەون.

کە (عەیدە روس) سەرکەوت، گەرمە هەوای نێو پاسەکە ئۆخژنێکی بەلەشی ساردی گەیاند. بیتاقە دوو زۆنییە نارنجییەکەی بەرەو ڕووی شوفێری پاسەکەدا واڵا کرد. شۆفێرەکە بەبزەی سەرلێوەکانی بەرەو ڕووی بووەوە. لە بری سەرنجدانی بیتاقەکە ڕوانییە خودی عەیدەروس وتی (dav – سلاو) ئەمیش بەزەردەخەنەیەکی گەشتر (davs – سلاو)ی بۆ سەندەوە. بۆ عەیدەروس دیاردەیەکی دەگمەنە بەزەردەخەنە بەرەو ڕووی ببنەوە، چ جای زەردەخەنە و مەرحەبایی پێکەوە. لە کاتێکدا نەک هەر خۆر بەدەرەوە نییە بگرە کڕێوەشە و ئاسمان تەپ و دوو بەیەکی داداوە.

نازانم ئەم شوفێرە بەم دەمەو ئێوارە ماتەمزەدەیەی نۆڤەمبەر ئەو بزە ناسک و ئەو دەم و لەبزە شیرینەی لەکوێوە هێنا؟ ئەگەرچی سی ڕۆژە، کەچی نۆڤەمبەری تاریک و سەر بەهەور و تەم، لە سەرانسەری ئەم باکوورە ڕچیوەدا درێژترین مانگە و نابڕێتەوە... ساڵ لێرە سیانزە مانگە... ئۆکتۆبەر، نۆڤەمبەر، جارێکی دی نۆڤەمبەر، ئەوجا دیسەمبەر. نۆڤەمبەری ساتە نووتەکەکانی خەمۆکی و دڵگوشاردن. کورتبوونەوەی ڕۆژ و درێژبوونەوەی شەوەزەنگ و قاتوقڕیی زەردەخەنە و سەرهەڵدانی مڕومۆچی!

عەیدەروس هەروا لە ناخەوە بۆ خۆی دەدوا.

شوفێرە لێو بەخەندەکە پیاوێکی تەمەن پەنجاساڵی ڕیش ماش و برنجی شانە و قەڵەمکراوی دەوروبەری ئەو پاکستان و بەنگلادێشە بوو. دەنا خەڵکی ڕەسەنی ئەم وڵاتە و بەم قەبزی پاییزە زەردە بیگری، یان دیاردەیەکی دانسقەیە یان زەردەخەنەی خۆشی نییە. دەشێ هی گاڵتە لێپژان و تەڵفیسی بێ!... زەردەخەنەیەک لە ناخێکی شادەوە سەرهەڵبدات و بپەڕێتە سەرلێو، لەم باکوورە تاریکستانەدا دیاردەیەکی



ناوازەیە. بۆیە دڵنیام ئەو شوفێرە دڵ ئاوەدان و ناخ دەوڵەمەندە.

عەیدەروس کە لەبەرخۆیەوە دەدوا، باڵابەرز، لووت کوڵ و گوێ کوڵ، پیاوێکی ئەسمەری تۆخی قژڕەشی تەواو لوول و پێشی سەر ڕووتاوەیە. بەمەش نێوچاوانە قۆقزەکەی لە ئاسایی فراوانتر دەنوێنێ. لێوەکانی بڕێ ئەستوور، ددانەکانی کەمێ شاش و لە ئاسایی گەورەتر. بەسەر لچییەوە قەیتانێک سمێڵی تەنک و چەناگەی بەڕیشێکی لوولی کورت...

عەیدەروس هەرکە لە شوفێرەکە ڕەت بوو، بیتاقەکەی تەپاندە گیرفانی قەمسەڵە شینەکەی (Urban و Metro)ی دەستدایە و هەوراز هەڵکشا. کەسی لای خۆیانی نەدی. بەرلەوەی بگاتە دوای دواوە، گوێی بەم وتەیە زرنگایەوە (Bare det dog ville holde op med at sne) (بریا ئەم بەفرە هەڵی دەبرنگاند.)

کۆڵەپشتە ڕەشەکەی داگرت و توێژاڵە بەفرەکەی لێ تەکاند. دانیشت و خستییە سەر ڕانەکانی و شانی بەپەنجەرەکەوە دا، تاکو تەواوی کورسییەکەی تەنیشتی بەچۆڵی بمێنێتەوە. کلێتە شینە نوێیەکەشی داگرت. تەکاندی و تەپاندییەوە سەری و مانشێتەکانی لاپەڕەی یەکەمی میترۆی دایە بەر سەرنج...

کورسییە نەرمونۆڵەکانی ئەمبەر و ئەوبەر لەوەدابوو پڕ ببنەوە. لە نێوان ڕێبوارەکاندا سەرێکی سفرکراو سەرنجی ڕاکێشا و ئەم لەلای خۆیەوە موچوڕکێکی پێدا هات. ئیدی هەرکە نیگای نامۆی بەو سەرە سفرکراوەوە بنیشتایەتەوە دەستێکی خێرای بەکلێتەکەیدا دەهێنا.

پاسەکە وەستا. کەم دابەزین و زۆر سەرکەوتن. سەرکەوتووان زار بەهەڵم و لەسەرماندا ڕوخساریان ئەوەندەی دی سوور هەڵگەڕابوو. ژمارەی وەستاوەکان زۆر دەبوون و بەرەوژوور هەڵدەکشان. دەستیان لەجێ دەست و ستوونە نارنجییەکان توند دەکرد. هیتەرەکان بەهەموو توانایانەوە لە کاردابوون و هەڵم و بۆق، هەوای ناوەوەی پەیت و چڕتر کردبوو. عەیدەروس هەستی بەتەنگەنەفەسی کرد کاتێ هاڵاوی بیرەی ترشاو و بۆن سیر بەسەریدا هاتن، لەوەدابوو دڵی تێکەڵ ببێ پتر شانی لە پەنجەرەکە توند کرد و ماوەیەک بەدیمەنی بەفرانبارەکەوە خجڵ ما.

کاتێ ئاوڕی نێو پاسەکەی دایەوە دیتی بەتەنیا کورسییەکەی پاڵی بەچۆڵی ماوەتەوە. لە کاتێکدا لەمسەرەوە بۆ ئەوسەری ڕاڕەوەکە لەسەرنشینی وەستاودا جمەی دێ... بەژمارە هەژدە وەستاو بوون. لەگەڵ نەرمە هەڵبەز و دابەزی پاسەکەدا ئەوانیش مینا شلکە نەمامی بەر با دەهەژان. کچە بارانی لەبەرێکی دەستەوانەی چەرمی قاوەیی لە دەست ڕێک ئەژنۆی بەکورسییە چۆڵەکەی پاڵ عەیدەروسەوە نووساندبوو، لێ

دانەدەنیشت. ئەو پشتی بەپشتی تەنگە ئەستوورێکەوە دابوو کە دەستی بەستوونی پاڵ دەرگای دواوە گرتبوو. «بۆچی ئەم کورسییە پڕ نابێتەوە...؟!»

ئەم ڕستەیە بوو بەخولیای عەیدەروس. دڵ لەدڵدانێکی ناخ ئاژن تاوی دایە هەناوی عەیدەروس: جارێکیان لەنێو پاسێکدا ڕوخسارێکی نامۆ، بۆم ساغ نەبۆوە ژن بوو یان پیاو. گرژ و مۆن و گوربەنیگا (sgu! – نەفرەت!)ێکی لە دەم دەرپەڕی. بەدەوری خۆمدا سووڕام. وێنەی شێت یان منداڵ، چۆن قسە و جووڵە، زوو کاریان تێ دەکات و پەرچەکرداری سەیر دەنوێنن، وەها و بگرە زیاتریش کاری تێکردووم و بەدەورری خۆمدا چەرخام. کەس نەیبردبووە سەرخۆی. بەڵام کاری لە من کرد و چزەی لە ناخم هەڵساند. خۆ ڕەنگیشە ماندووی دوای حەوت سەعات کار بووبێ و لە بێزاریدا (سگو)ی لە دەم دەرهاتبێ و منی غەریبی دڵناسک لە خۆڕایی بردبێتمە سەرخۆم. یان لەوانەشە لەگەڵ کەشوهەواکەی بووبێ. لەگەڵ چەخماخە و هەورە ناڵەکانی هاوینی بووبێ. خۆ ئەمانە هەرکە بارانیان دی دەکەونە نەفرەتباران... (با) بێ، هەر نەفرەت باو دەسەنێ. هەور و هەڵڵا بێ، هەمان بەزم و هەنگامەیە. تۆ بزانە، بارانی بێزراو و نەفرەت لێکراو لەم باکوورە و خێروبەرەکەت لە سۆماڵ. خۆزی بەخۆزیداران، بیکردایە و ساڵانە لەوێش هیندەی دوو هەفتەی ئێرە بباریایە. وەی لەمن وەی لە من، دەبووە چ بەهەشتێک؟! (بۆ ئەم کورسییە پڕ نابێتەوە؟!) لەگەڵ هەر وەستانێکی پاسەکەدا، عەیدەروس چاوی دەگێڕا و بەعەزرەتەوە بوو لە ناکاو، بەپڕتاو سۆماڵییەکی دەم بەهاوار سەرکەوێ. بێگومان هەرکە لە دەرگاوە سەری کێشا و ئەمی بەدی کرد، ئیدی بەدەنگێ، هەموو سەرنشینەکان گوێیان لێ بێ و لە گوێی عەیدەروسدا بزرنگێتەوە دەقیرێنێ: (Iska waran – ڕۆژباش) و بێ ئەوەی ئەم خوڵکی بکات و پێی بڵێ: (Fariso kursigan – فەرموو دانیشە). ئەو بەنێو ڕاوەستاوەکاندا دێ. هەر دێ و ناوەستێ. ڕەنگە پێ بەپێی چەند خانمێکیشدا بنێ. ئەو (Undskyld – ببوورە)ی لەسەر زارە و دێ لەم جێیە چۆڵەدا دادەنیشێ و تاوێ پێکەوە دەکەونە دەردی دڵ. بەڵام کوا؟

لە پاسەکەدا پەنجا کەسێک هەن پشت بەکۆڵەپشت، مل بەملپێچ، نێوچاوان بەنێوچاوان پێچ، دایک و عارەبانە و ساواکەی، سەری کولەکەتاش. سەری بەکلێتە... جگە لە خۆی (سەر ڕەش)ێکی دیکەی تێدایە. ئەو پرچ درێژێکە ڕیزێک پێشتر و لە سەرپەڕەوە دانیشتووە.

عەیدەروس ئەمجارەش سەرنجی کورسییە چۆڵەکەی پاڵی دا و لەوێوە نیگای بەباڵای کچە بارانی لەبەرەکەی پاڵ کورسییە چۆڵەکەدا سەرخست. ئەو پشتی لەو تەنگە ئەستوورە بوو کە ڕووی کردبووە دەرگای دواوە. عەیدەروس لەلای خۆیەوە هەستی



بەماندووبوونی تەنگە ئەستوورەکە دەکرد. دڵی پێی سووتا.

ئەم پیاوە ئەژنۆکانی بەرگەی ڕاوەستانی درێژخایەن ناگرن. لەگەڵ ئەوەشدا ناکات دابنیشێ و سوود لەم کورسییە چۆڵە ببینێ. دەسا من بم هەرکە جێی چۆڵم دی بۆی دەچم و گوێ نادەمێ، هاونشینم نێربێ یان مێ خەڵکی ئەم وڵاتە بێ یان بیانی...

عەیدەروس بیری ئەوسای کردەوە، کاتێ لەوێ بوو. لەوێ نوژدار بوو، نەشتەرگەریی گورچیلەی دەکرد. خەڵکێکی زۆر لە (Hargeysa) دەیانناسی. ئەو پسپۆڕێکی پڕ ئەزموون بوو. تاکو ئێستاش ئەو وێنانەی پاراستووە کە لەگەڵ دەیانی ناس و نەناس، ساغ و نەخۆشدا گرتوونی بەوێنەکانەوە دیارن هەموو پاڵەپەستۆیانە بستێ نزیکتر لە عەیدەروسەوە دەربچن. ئای لەو ڕۆژگارە. وای لەم ڕۆژگارەی کەس لە پاڵییەوە دانانیشێ. بەزەییم بەو تەنگە ئەستوورەدا دێتەوە. دەشترسێم ئەگەر خوڵکی بکەم بەقسەم نەکات. بەڵام ئەو پشتی لێمە!

عەیدەروس لەپڕ خۆی کشاند، باڵی درێژ کرد و دەستێکی لە دەستی فیلە زەلامەکە دا... فیلە زەلام ڕاساو، وەک هەستی گیرفانبڕی کردبێ، ئاوڕێکی سرکی خێرا و نێربۆزانەی دایەوە و ئەمیش وتی: (Varsgo at satte dig ned – فەرموو دانیشە.)

زەلامەکە ئەبرۆکانی هێنایەوە یەک. سەری بادا و بەتەنگە نەفەسییەوە وتی: (Nej tak! – نەخێر سوپاس!)

عەیدەروس بەخۆیدا شکایەوە. خۆی بەچارەگران و ئێسک قورس هاتە پێش چاو. پاڵی بەپەنجەرەکەوە دایەوە... ستوپێکی سوور لەبان شاشەی پاسەکە هەڵبوو. پاس وەستا. ژمارەیەک دابەزین و ژمارەیەکیش سەرکەوتن. لە هەر سێ دەرگاکانەوە تەوژمە بای سارد بەپروشە بەفرەوە هرووژمی هێنا... خۆ ئەو دوو چاوی شینی زەقی پێوەبوو. وەک من کورسییە چۆڵەکەی دەبینی. بۆیە نەدەبوو تەکلیفی لێ بکەم. ئەو خاوەنماڵە و من خوڵکم کرد. لەوانەیە بەسپڵی لاورگم بزانێ. هەقیش بەوە...

عەیدەروس کردە پەشیمان بوو، بۆیە لەناخەوە وەهای وت. تەواویش دڵی کرمێ کرد. برێکێکی لەناکاوی پاسەکە سەری بەعەیدەروس هەڵێنا. گڵۆپی سووری ترافیکی پێشەوە بوو. هاوکات کچێکی دەستەباڵا هاتەبەر سۆمای چاوی. کچەکە بەرەوژوور بەنێو ڕاوەستاوەکاندا دەهات. کڵاوێکی نیکای ڕەشی لەسەربوو. لەژێریەوە تاڤگەی زێڕینە پرچ پەخشی بان شانەکانی قەمسەڵە چەرمە ڕەشەکەی بوو. سینگێکی بەرز. ناوقەدی بەپشتوێنێکی چەرمی ڕەش شەتەکدراوی سەر کاوبۆی رەش و بلووزی هەناری. چاوە شینە تۆخەکانی گەرمی و ئەفسوونیان بەڕوانینەکانی دەدا. گا زیگزاگی بەنێوان ڕاوەستاوەکاندا لێدەدا، گا خۆی بەبن باڵیاندا دەکرد و دەهات. دواجار بێدەنگ

و سرته لە تەنیشت عەیدەروسەوە دانیشت. جانتا ڕەشە چکۆڵەکەی لەسەر ڕانەکانی دانا و پاڵی دایەوە.

عەیدەروس حەسایەوە. هەستی کرد ڕەگ و دەمارەکانی ملی بەرەو خاوبوونەوە دەچن. هەناسەیەکی قووڵی ئارامبەخشی پڕ بە سییەکانی هەڵمژی. ریلاکس پاڵی دایەوە و بەگۆشەی چاو لێی دەڕوانی:

(Velkommen og tusind tak! – بەخێرهاتی و هەزار جار سوپاس!) عەیدەروس تەنیا لەناخەوە ئەمەی دەربڕی و نەبوون بە وشەگەل تاکو باڵ بگرن و بفڕنە سەر لێوی. بەڵکو لە ناخیدا وەک ئاوەلەمە مانەوە و لە دایک نەبوون. ئۆخەیش-ێک دەروونی عەیدەروسی مینا هی شوفێرە بیانییەکە ئاوەدان کردەوە. گرێ گوێرەی ئەو هەموو غایلە و دڕدۆنگییە تفت و تاڵانەی بەزەردەخەنەیەکی درەوشاوەی سەرلێوە تۆخەکانی واڵاکرد. ددانە گڕەکانی ئاشکرابوون. جارێکی دی بەخۆیدا چووەوە. پێڵاوی بن ئەستووری چەرمی ڕاستەقینە. کاوبۆی شینی (TNT). قەمسەڵەی شینی بەردار و بلووزێکی خۆڵەمێشی نیو مل. کۆڵەپشتێکی ڕەش، ڕوخسارێکی ئەفریقایی و باڵایەکی بەرز... عەیدەروس بڕوای بەخۆی پەیدا کردەوە. خۆ بەچارە گران و خوێن تاڵ زانین، کە وەختابوو لەناخیدا بنج دابکوتێ و وێرانی بکات، بۆ خوێن شیرینی و ئێسک سووکی گۆڕرا... بگرە ئەو زاراوەگەلە دزێوانە لە فەرهەنگەکەی باریان کرد. ئەوەتا گوڵخەندەرانێک لەپاڵیدا دانیشتووە و مێش میوانی نییە.

پاس هەر وا لە وەستان و جووڵە و ڕێبوار هەر وا لە دابەزین و سەرکەوتن بوون. لێ قژ زەردە چاوشینەکەی پاڵی دانەبەزی. لاوە قژ ڕەشەکەش لە جێی خۆی مابوو. جاروبار ئاوڕێکی دواوەی دەدایەوە. ئەو، کوڕە لاوێکی گەنمڕەنگی چاو و برۆ ڕەشی پرچی ڕەش تا سەرشان هاتووی سمێڵ تاشراوبوو. هەرکە ئەو لاوە لای دەکردەوە عەیدەروسیش دەستێکی بەسمێڵە ڕەشە باریکەکەی خۆیدا دەهێنا.

لە شاشەی پاسەکەدا کات نزیکی سیانزە و شوێن (Husun Torv) بوو.

لە دەرەوەش بەفر هەر وا دەباری... بۆنێکی ژنانەی ڕۆژهەڵاتی بەڕوویدا شنایەوە. دەماخی بەئاگا هێنا و بەگیانی خۆش بوو. لەگەڵ دانیشتنی ئەم ئافرەتە قژ چون زەردە شیلانەدا، بیرە ئاڵۆز و پاڵۆزەکان ناخیان چۆڵ کرد. کرژی ماسولکە و دەمارەکانی ملی بەوێنەی خاوبوونەوەی دوای گەرما و نەرم و شل بوونەوە. ڕۆژنامەکانی لوول کرد و کردنی بەکۆڵە پشتەکەیدا. دەستەکانی بەکراوەیی لەسەر دانا و تەواو پاڵی دایەوە. تیلەی چاویشی بەلای قژ زەردەکەوە بوو.

ناخافڵ کچەی قژ زەردی بۆنخۆش دەستی بەرەو دوگمە سوورەکەی سەر ستوونە



نارنجییەکەی پاڵی هەڵبڕی. پەنجەی شایەتومانی، کە بەنینۆکێکی درێژی ئاڵ ئاڵی بەبریسکە کۆتایی دەهات، لەسەو دوگمە سوورەکە دانا و لەگەڵ زرنگانەوەی ئاوازێکی ناسکدا ستۆپی سوور لەسەر شاشەکەی بەرامبەر هەڵبوو.

هاوکات لاوە پرچ ڕەش و درێژەکەی ڕیزی پێشتر ئاوڕێکی دواوەی دایەوە. بەدەنگێکی کەمێ بەرز و بەزەردەخەنەی سەرلێوەکانێوە بەکچەی تەنیشت عەیدەروسی وت:

(حبيبتي غاده، أعتقد وصلنا!) (گیانەکەم غادە، وا بزانم گەیشتین!) (أكيد وصلنا. نازلين!) (بەدڵنیاییەوە گەیشتین. دادەبەزین!) کچە قژ زەردەکەی پاڵ عەیدەروس، بەدەنگێکی ناسک، ئاوا وەڵامی دایەوە و خۆی بۆ دابەزین ئامادە کرد. کوڕەش لەلای خۆیەوە جووڵا.

سڵاو لە ئەقڵ و ئاوەزم. قژی زەرد و چاوی شینی بەهەڵەیان دابردم و وام زانی خەڵکی ئەم وڵاتەیە!

عەیدەروس بەنائومێدییەوە، لەژێر لێوەوە ورتەورتی بوو. ورتەورتەکە نەبوونە وشەگەل تا بفڕنە سەرلێوی. هەر لەناخیدا تاسان. عەیدەروس پیشی خواردەوە و کرژبوو. دەستە کراوەکانی لەخۆڕا نووقان و هاتە پێشتر و لەسەر لێواری کورسییەکە بەمۆڵەق دانیشت.

ڕێبوارێکی ماندوو بەجێگەی کوڕەی پرچ درێژ شادبوو، لێ هیچ کام لە ڕاوەستاوەکان بەکورسییەکەی پاڵ عەیدەروس قایل نەبوون. کورسیی چۆڵ و هۆڵ وەک کەلەبەرێک بەجەستەی پاسەکەوە زەق دیاربوو. ناخی عەیدەروسیش بەوێنەی زامێکی سەخت بەکەلەبەری مایەوە و سارێژ نەبوو.

9/8/2002

---

– Hargeysa – هەرگیسە: شارێکی وڵاتی سۆماڵە.

– Fariso Kursigan (سۆماڵی) واتە فەرموو دانیشە.

– Iska waran (سۆماڵی): ڕۆژباش، مەرحەبا...

– Urban و metro Xpress: دوو ڕۆژنامەی بەربڵاوی دانیمارکین، لەنێو پاس و شەمەندەفەر و وێستگەکانیاندا بەخۆڕایی دادەنرێن و تەنیا بەریکلام بەڕێوە دەچن.

– وشە و ڕستەکانی دیکەی نێو چیرۆکەکە، ئەوانەی بەپیتی لاتینی نووسراون، دانیمارکین.

# سلێمانی، بەکەپیتاڵ ئێس

بۆ یادی چیرۆکنووس و ئینسانی خاوەن هەڵوێست و کوڕی شارەکەم، جوانەمەرگ (ڕەفیق فایەق) پێشکەش... کاتی خۆی هەر خۆشی بیرۆکەی ئەم چیرۆکەی بۆ گێڕاومەتەوە. بەڵێنم دابوویە بیکەم بەچیرۆک... یادی بەخێر...

م.ف

قۆڵی دیزداشە خومینە سادەکەی تا بنهەنگڵ هەڵدابووەوە. جامەدانییەکی خەت شاشی چەند جارێک قەدکراوی بەسەرشانێکیدا دابوو. لە ژێڵدا خۆی پێداکرد و دەهاتە پێشەوە. بەدوو پێی پانی نێو جووتێ سۆلی پاژنە سواوەوە دەهات. هەر هات... ئەو هەیتا هەیتا چاوە بەگومانەکانی دەگێڕا، هەر گێڕانی... دەستی بەسمێڵە ڕەشە قەترانییەکەیدا دەهێنا، هەر هێنای. ئەمسەر و ئەوسەری سمێڵی بەرز دەکردەوە، هەر بەرزی کردنەوە. هەتا تەواو هەردوو سەریانی تەرازوو کرد دەستی پێیانەوە بوو، هەر پێیانەوە بوو... مینا بۆ ناسیارێک بگەڕێ، گلێنە خۆڵەمێشییەکانی ژێر سایەی ئەبرۆ تێکپەڕیوەکانی دەگێڕا، هەر گێڕانی... ئەم قومێکی لێدا و ئەویش ڕێک بەرامبەری وەستا، هەر وەستا و وتی:

– مساکم الله بالخیر... ممکن اگعد؟ (ئێوارەتان باش... بۆم هەیە دانیشم؟) ئەو چاوەڕوانی وەڵام بوو، ئەمیش لە کڵاوە سپییەکەی سەرییەوە تا بەپەنجەکانی پێی دەگات، کە بەوێنەی پێنج جووت بۆرەمار لە سۆڵەکانییەوە سەرەتاتکێیان بوو، دایە بەر مەزندە. لەسەر قایشە ڕەشە پانە تەرەقە ڕێژکراوە بەئاوزونە ستیلە بریقەدارەکەی کەمەری وەستا. برێ زووم ئین و زووم ئاوتی لەسەر کرد و بزەیەک لێوەکانی کشاند. دەیزانی دابونەریتی بارەکانی پایتەخت لە هی شارەکەی خۆی جیاوازە و بۆی نییە دوو کورسی و مێزێک بۆ خۆی تەرخان بکات. بۆیە وەڵامی ئێوارە باشەکەی دایەوە و سەری ئەرێی بۆ لەقاند و وتی:

– تفضل اگعد! (فەرموو دانیشە!)

***

پاڵێکی قایمی بە دەرگا ئەلەمنیۆمە شووشەبەندەکەوە نا و وەژوور کەوت.



بەوەژوورکەوتنی گوژمە بایەکی فێنک بەیەخە داچەکاوەکەیدا هەڵی کردە نێو سینگە تووکنەکەی... ئەو پێشتر دوو دوگمەی کراسە نیو قۆڵەکەی ترازاندبوو. دەرگاکە دوای دووسێ جووڵە چووەوە سەر سەمتی جارانی و ئەمیش ملی نا. ڕاڕەوێک بارەکەی دوو کەرت دەکرد. بەهەردووبەردا مێزەکان بەڕوومێزی سەوز داپۆشرابوون. سوراحیی ستیل و ژێر سیگاری شووشەی کریستاڵیی سەهۆڵینیان لەسەر جێگیربوو. خاوی کردەوە و چاوی گێڕا. ئەنجام لای مێزێک گیرسایەوە دوو کورسی لە دەور مابوو. دوانەکەی دیکەی چووبووە پاڵ مێزە جەنجاڵەکەی سەرووتر. بەرلەوەی دانیشێ ئاوڕێکی دواوەی دایەوە و لە دڵی خۆیدا وتی: «خراپ نییە. لێرەوە بەڕوونی ڕاستە شەقامەکەم لێ دیارە.» جانتاکەی لە شانی داماڵی و جێگیربوو.

بۆ بابایەکی وەک ئەوی ڕێبواری چلەی هاوینی بەغدا، بایە فێنکەکە بایی هەمووی بوو... ئەو کردبوویە نەریت، هەر جارێ بەنیازی کڕینی کەلوپەل بۆ دووکانەکەی ڕێی بکەوتایەتە ئەم شارە، لەڕێوە لای دەدایە یەکێ لە بارەکانی (سەعدون) و لەوێ چەند ساتێکی دەگوزەراند.

دیسان چاوی گێڕایەوە. تەواو لەوە دڵنیابوو کە بارەکە ناسیاوی لێ نییە. ئیدی کاسکێتەکەی داکەند و دمەونخوون لەسەر مێزەکە داینا و چوار پێنج جاران لەپی دەستی بەتەپڵی سەرە ئارەقاوییەکەیدا هێنا و هەر بەسەری پەنجەش، ئەو چەند تاڵە قژەی بەلاجانگ و پشت ملییەوە مابوون دایهێنان. هەناسەیەکی پڕ بەسییەکانی هەڵکێشا و بەرەبەرە ئارەقەکەی کزر بووەوە و هەستی بەفێنکاییەک کرد.

سەرێکی دەستشۆرەکانی دا. بەچەند شڵپێک تەواو خۆی فێنک کردەوە. ماوەیەک لە ئاوێنەکەدا لە بیچم و قەڵافەتی خۆی ڕاما. سەرێکی ڕووتاوەی ساف و بەبریقە و سینگێکی تووکن و پاشماوەی زەردەخەنەیەک...

گەرسۆنەکە بیرەیەکی (لوئلوئە)ی بۆ هەڵپچڕی و سەرەکەی بۆ خستە نێو ژێر سیگارەکەوە. دڵۆپە خوناوی دەوری شووشە مەیلەو قاوەییە تارەکە، تەزوویەکی ساردی بەنێولەپی گەیاند. تەزوو بوو بەموچوڕک و بەگیانیدا گەڕا. کەف تا لێواری پێکەکە هەڵچوو. ئەمیش لێوی پێوەنا. چاوێکیشی هەر لەلای جامخانەکە بوو. خێرا کاسکێتە بێجییەکەی تەپاندە سەری کاتێ زەلامێکی ڕەشتاڵەی دی ڕۆژنامەیەکی لوولکراوی بەدەستەوە بوو. ئەو ڕۆژنامەکەی بەهەفتەنامەی (هاوکاری) و زەلامەکەی بەناسیاوێکی خۆی چوواند. نەختێ قەڵافەتی خۆی ڕێکخست و قنج پاڵی بەپشتی کورسییەکەوە دا و چاوەڕێ بوو سڵاوی لێ بکات. لێ نەڕۆژنامەکە هاوکاری و نە

ڕەشتاڵەکە بەناسیار دەرچوو. کاسکێتەکەی داکەندەوە و دەمەونخوون لەسەر مێزەکە داینایەوە. چاوی گێڕا. هەستی کرد سەرنجی کەسی بۆ لای خۆی ڕانەکێشاوە. ئەوان سەرقاڵ بوون بەدەست و دەم و چاو بۆ یەک دەدوان و باڕەکەش وردە وردە جەنجاڵ دەبوو.

***

هاونشینی چاوەڕوان نەکراو جامەدانییەکەی لە شانی داگرت و بەهەموو هێزییەوە ڕایوەشاند. شەقەیەکی لێوە هات و بۆ هەناسەیەک سەرنجی مێزە جەنجاڵەکەی تەنیشتی ڕاکێشا. ئەمجا دەستووری پێشوو بەسەرشانیدا دایەوە و ڕێک بەرامبەری دانیشت. بانگی کردە گەرسۆنەکە:

– بيرتين و ماعون لبلبي! (دوو بیرە و قاپێ نۆکاو!)

چاوێکی خێرای بەسەروپۆتەڵاکی بەرامبەرەکەی و سەر مێزەکەدا گێڕا و وتی:

– إسمي فرهود! (ناوم فەرهودە!)

ئەمیش گاڤەک بێدەنگ ما، ئەمجا وشەی (فەرهود)ی چەند جارێک پاتە کردەوە و وتی:

– وأنا رفيق فائق! (منیش ڕەفیق فایەق-م ناوە!)

– يا أهلاً وسهلاً بالرفيق فائق. مو كلنا رفاق الحمدلله[1]. (سەرچاو هاوڕێ فایەق. سوپاس بۆ خوا هەموومان هاوڕێین.)

– رجاءً لاتفهمني غلط. آني مو رفيق حزبي. بكل بساطة اسمي رفيق و والدي اسمه فائق! (تکایە بەهەڵە لێم تێ مەگە. من ڕەفیق حیزبی نیم. بەڵکو خۆم ناوم ڕەفیقە و باوکیشم فایەقی ناوە!)

ڕەفیق نەختێ بە دەمارگرژییەوە ئەمەی وت و فرهودیش وتی:

– أفتهمت. مو مشكله! (تێگەیشتم. کێشەیەک نییە). ئەمەی بەدەم زەردەخەنەیەکی دۆستانەوەوە وت. ئەمجا پێکەکەی بەرزکردەوە:

– چريو، حتى الچعب! (نۆش، تا بنی پیاڵە!)

فەرهود ئەمەی وت و ڕەفیقیش (نۆش!)ی بۆ سەندەوە و زەردەخەنە گەڕایەوە سەر لێوی و قومێکی لێدا. لێ فەرهود بینی پێوەنا. چۆڕبڕی کرد و خێراش پێکەکەی

(١) لە وڵاتی عێراق، رەفیق یان رەفیق حیزبی، بەئەندامی حیزبی فەرمانڕەوا دەوترێ.



پڕکردەوە. ئەمجا زرم، ئانیشکی دادایە سەرمێزەکە و بەجارێک چی لەسەربوو زرنگانەوە. پۆزێکی بەماسولکەکانی مەچەک و باڵی ڕاستی لێدا و وتی:

– فلنبدأ! ( با دەست پێ بکەین!)

بەم پۆزلێدانە کوتوپڕە، ڕەفیق ساکا و چاوەکانی زەق کرانەوە. دوای کەمێک پرسی:

– نبدأ بماذا؟ (دەست بە چی بکەین؟)

بەحەپەساوییەوە ئەمەی پرسی. ئەویش هێشتا ئانیشکی لەسەر مێزەکە بوو وتی:

– لوي الذراع! (باڵ شکاندنەوە!)

ڕەفیق نەختێ تەکی دایە دواوە و نەیتوانی سەرسوڕمانی خۆی پەردەپۆش بکات. بۆیە بەگاڵتەجارییەوە وتی:

– هسه ما عندى وهس. تعال باچر! (ئێستا تاقەتم نییە. سبەی سەر بدەرەوە!)

لەبەرخۆشییەوە وتی: «لەو جۆرە کەسانەیە، هەرکە جوابی سڵاویت دایەوە یەکسەر پێت دەڵێ: بێ با زۆران بگرین!»

– آني كل وكت عندي وهس. من الوجهة الرياضية عدم قبولك بالمنازلة معناها القبول بالخسارة! (من هەردەم ئامادەم. لە ڕووی وەرزشییەوە کە تۆ ئامادەی بەرەنگاربوونەوە نەبی مانای وایە بەدۆڕاندن قایلی!)

ڕەفیق بزەی هاتێ و وتی:

– خسارة ماذا؟ (دۆڕاندنی چی؟)

– بيرتين! (دوو بیرە!)

– بس انت مو من وزني. انت من وزن الذبابة. أكيد تخسر! (بەڵام تۆ کێشی من نیت. تۆ کێشی مێشی و دڵنیام دەدۆڕێی!)

فەرهود کە بەدانیشتنەوە هیندەی ڕەفیق دەبوو بەپێوە، تەواو پاڵی بەپشتی کورسییەکەوە دا. زیاتر قۆڵی بۆ بنهەنگڵ هەڵماڵی، سینگی دەرپەڕاند و بەدەم پۆزلێدانەوە دەمارەکانی مل و قۆڵ و بازووی بەوێنەی سوجەمار دەرپەڕین و پاشان بەڕەفیقی وت:

– پوز، بللا پوز. أحب أشوف عظلاتك! ٠پۆز لێدە، داپۆز لێدە. دەخوازم ماسولکەکانت ببینم!)

– ماكو داعي! (پێویست ناکات!)

– ڕەفیق بەلووت هەڵبڕینەوە ئەم وەڵامەی دایەوە. هەر بەلووتیشی فنگەفنگێکی کرد، لە پێکەنین دەچوو.

فەرهود وتی:

– أنا بغدادي أباً عن جد. جنابك من يا محافظة؟ (من لە بابەلبابەوە بەغداییم، ئەدی بەڕێزتان خەڵکی کام پارێزگان؟»

– من السليمانية... سليمانية بكپيتال أس! (خەڵکی سلێمانیم... سلێمانی بەئێسی کەپیتاڵ!)

ڕەفیق وشەی (سلێمانی)ی بەشانازییەوە وت و لەگەڵ گۆکردنیدا گەردنی بۆ هەڵبڕی.

– يا هلا بأهل السليمانية!

فەرهود دەستی دایە سەری بیرەکان و لەنێو لەپیدا هێنانی و بردنی و لەسەری ڕۆیی.

– زمان كنت جندي بمنطقة بنجوين... الشمال جنّة! (ماوەیەک لە ناوچەی پێنجوین سەرباز بووم... باکوور بەهەشتە!)

– قل كردستان ولا تقل الشمال! (بڵێ کوردستان و مەڵێ باکوور!)

ڕەفیق بەمۆنێکەوە ئەمەی وت و فەرهودیش دەستی بەپێکەنین کرد.

– ذكرتني بالعالم اللغوي... نسيت اسمه! (زانا زمانەوانەکەت بیر خستمەوە. ناوەکەیم لە یاد نەماوە!) ئەمجا لەسەری ڕۆیی:

– عجيب غريب. من السليمانية وما تقبل التحدي؟ (سەیروسەمەرەیە. خەڵکی سلێمانیت و کەچی ئامادەیی بەرەنگاریت تێدا نییە!)

سەیرترین شوێنی فەرهود سمێڵەکانی بوو. بەوێنەی سەعاتێکی قەد دیواری میل ڕەش و پان و لەسەر دە و دەقیقە بێ، ئاوا دەینواند.

ڕەفیق لە دڵی خۆیدا وتی: «دەڵێن: هەن خورمای لێ دەدەن تا سمێڵیان ڕەپ بوەستێ. ڕەنگە ئەمیش...»

فەرهود بەنیازی پیشاندانی هێز، بەگوشارێک سەرە بیرەیەکی لە نێوان پەنجەکەڵە و پەنجەی شایەتمانیدا دووقەد کرد. سەرنجێکی بەماناى گرتە ڕەفیق و سووکێ سەرە سۆدە نوشتاوەکەی هەڵدایە بەردەمی.

ڕەفیق بزەی هاتێ و دوو جگەرەی سۆمەری درێژی لە پاکەتەکەی دەرهێنا و یەکێکیانی بۆ فەرهود درێژ کرد. ئەویش بەسوپاسەوە لێی وەرگرت و خستیە نێوان لچ و لێوی و چاوەڕوان بوو بۆی داگیرسێنێ، ئەمیش بەچەرخە ڕۆنسۆنەکەی بۆی ئاگردا... ڕەفیق وەک جگەرەکێشێکی لاکێش نەفەسێکی سووکی لێدا و لووتە پانەکەی بەرزکردەوە و دووکەڵەکەی هەوراز بەبا کرد. فەرهود سەرە سۆدەی دووەمیشی خستە نێوان جووت پەنجەی و بەزەبرێکی کەم، بگرە هەر زەبریشی پێوە دیارنەبوو. ئەمیشیانی نوشتانەوە و زەردەخەنەیەکی بۆ ڕەفیق کرد و سووکێ بۆی هەڵدا. ڕەفیق بیری لەلای مریشکی بەتەنوور بژراو بوو. پاشان تاوێک لە ئوتێل نێرگز لەژێر دووشێکدا خۆی فێنک بکاتەوە و ئەمجا لێی بخەوێ. بۆیە هیچ پەرچەکردارێکی بۆ ئەم هێز پیشاندانەی فەرهود نەبوو.

کڵافەیەک دووکەڵی بۆ ئاسمانی بارەکە سەرخست و دیتی دوو فیلەتەن ئەمدیو و ئەودیویان لە فەرهود گرتووە و دەستووری فەرهود سەر و جامەدانییان بەسەر شاندا داوە و سمێڵیان وەک چەورکردبێ دەبریقانەوە. ئەمسەر و ئەوسەری سمێڵیان بەوێنەی چزی دووپشکە ڕەشە، کەوانەیی ڕوویان کردبووە ڕوومەتەکانیان. هەردوولایان لە فەرهود کەتەتر و مەچەک ئەستوورتر و یەک لە یەکیتر. بەتوێی دیزداشە و سۆل. کەمەریان بێ پشتوێن و لە دیزداشەکەیانەوە وەک ژن بن و مانگی خۆیان بێ، سکیان هەڵتوقیبوو. ئەوان کڵاوی پەلی سپییان لەسەردابوو. فەرهودی ئەوقبوو، گلێنەی چاوەکانی لەنێوان ئەو دوو فیلەزەلامەدا ناجێگیر دەهاتن و دەچوون. ڕەفیق لە دۆخەکە ناحاڵی بوو. لەپڕ ئەوەیان کە جامەدانیی سووری لەسەر شان بوو، زللەیەکی گەیاندە تەختی ڕوومەتی فەرهود. زللەکە هێندە کوتوپڕ و کاریگەر بوو، یەکەوڕاست کڵاوەکەی فەرهود فڕی. لایەکیش لە سمێڵی شۆڕبووەوە. ئەو سمێڵە کۆک و میقاتکراوەی تاوێ لەمەوبەری تاق و فیق وەستا... بەشوێنیدا دووەمیان، کە کانەخورما، لایەکی ڕوومەتی هێڵکاریی کردبوو، شاق بۆی سەندەوە و زللەیەکی سرەواندە ئەو لاکەی و ئاگری لە چاوی فەرهود کردەوە. جامەدانییەکەی سەرشانی پەڕی و کەوتە سەر زەوی و ئەولاکەی تری سمێڵیشی داکەوت. سمێڵی ژمارە هەشتی دروست کرد. شەققەی ئەم زللە چاوەڕوان نەکراوەیان سەری بەدانیشتوانی بارەکە بەرز کردەوە. ڕەفیق لە نێوان نیگەرانی و گاڵتێندا تیا ما. لەبەرخۆیەوە دەیمرتاند: «ئای لەو سمێڵە...!! لەپڕ لە دە و دە دەقیقەوە بوو بەهەشت و بیست.!!» ئەمەی لەبەرخۆیەوە وت و پڕماندی. لێ زوو دەستی بەزارییەوە گرت نەبادا بداتە قاقای پێکەنین... چاوەڕوان بوو فەرهود بەگژیاندا بچێتەوە. لێ مینا کەوی بەزیو چوو. ڕوو بە کانە خورماکەیان پێی وت:

– نتشاوف! (یەکدی دەبینینەوە!)

زەلامە تەژە ڕمووزنەکان لێیان دا ڕۆیشتن. فەرهود بەنگ و گێژ، ڕەنگ کز و شان کز، چووەوە قاوغەکەی و ورتەی نەکرد... هەر تەژەکان پشت پێیان هەڵکرد و گەرسۆنی تاین پەیدابوو. پسووڵەیەکی چکۆڵەی لاکێشەیی لەبەردەم فەرهوددا دانا و بەدیاریەوە ڕوا. ڕەفیق لەمەشیان نەگەیشت. لەپای چی بێ ئەوەی فەرهود خۆی داوای حسابی کردبێ، گەرسۆن بەوێنەی هەڵۆ لەسەری ئامادەبوو؟

ڕەفیق دەستی بۆ ژێر سیگارەکە درێژکرد. هێشتا چەند سەرە بیرەیەکی ساغی تێدا مابوو. فوویەکی لە یەکێکیان کرد و لەسەرخۆ هەڵی دایە بەردەم فەرهود. ڕەفیق هیچی نەوت. بەسەرنجە گاڵتە ئامێزەکەیدا دیاربوو داوای لێ دەکرد لەسەر نوشتاندنەوەی سەرە بیرە بەردەوام بێ. لێ ئەمجارەیان هەڵوێستی فەرهود جیاواز بوو. نە ئەو کەیف و ڕوخسارە زیتەی ما و نە ئەو سمێڵە قنج و قیتە. نە ئەو سینگە قۆقزەی تاوێ لەمەوبەریشی ما. ئەو زەلامە چەتەوڵەی تاوێ لەمەوبەر پڕ بەچنگێکی مایەوە... گەرسۆنەکە هێشتا بەژوور سەرییەوە وەستابوو، چاوەڕوانی حساب بوو. لەو ماوەیەدا ڕەفیق سەرە بیرەیەکی دیکەشی بۆ هەڵدا. سەرە بیرەکە نەختێ خولایەوە و پاشان لەبەردەمیدا لەسەر پسووڵەکە گیرسایەوە. فەرهود لە نێوان پسووڵەکە و سەرە بیرەکان و سەرنجە گاڵتەجاڕانەکەی ڕەفیقدا تیا مابوو. لەگەڵ فێنکی جێگەکەشدا هێشتا هەر چەند دڵۆپە ئارەقەیەک بەوێنەی خوناڤی قەد شووشە بیرەکان لە چاڵایی نێوان ڕوومەت و کەپووە بەخاڵەکەیدا ڕیز ببوون. ئەم دیمەنە بەزەیی ڕەفیقی جووڵاند... گەرسۆنەکەش بەبێ ئۆقرەییییەوە وتی:

– بلا زحمة حساب! (بێ ئەرک حساب!)

فەرهود کەوتە پشکنینی گیرفانە چکۆڵەکەی سەر دڵی. لەوێوە بۆ گیرفانەکانی خوارەوە. دەستی گێڕایەوە. ئەمجارەیان بەپەلە و بەهەردوو دەست. گیرفانەکانی سەنگ و سووژن دا و میقرِی نەدۆزییەوە. شپرزەبوونەکەی فەرهود بووە مایەی نیگەرانییەکی دیار و لەسەر ڕووی ڕەفیق پەرچ بووەوە. وەکی دی کاتێ دیقەتی سمێڵە شۆڕەکەی دەدا بزەی دەهاتێ. بەلووت پێدەکەنی و زگیشی لەگەڵیدا دەلەرییەوە، لەپڕ ڕەفیق وتی:

– حسابە علي! (حسابەکەی لەسەر منە!)

بەم دوو وشەیە کۆتایی بەو دیمەنە هێنا. هەرچی فەرهود بوو زمانی بەسترابوو نە وتی سوپاس و نە خواحافیزیشی کرد. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. هەردوو دەستی دادایە سەر ئەژنۆکانی و هەڵسا. ڕێک ڕووی کردە جامخانەکە. لێ بەرلەوەی ئەودیو ببێ ڕەفیق بەدەنگی بەرز هاواری لێ کرد:



– استاذ فرهود! (مامۆستا فەرهود!)

ئەم بانگکردنە ناوەختەی، مینا تێخوڕینێک وەهابوو ناوکی فەرهودی خست و وێنەی قیروبنێشت سۆلەکانی بەکاشیی بارەکەوە لکاند. سۆلەکانی هەر ڕوویان لە دەرگای باڕەکە بوو لە کاتێکدا لە کەمەری بەرەو ژوور بەلای دەنگەکەدا بایدابووەوە. ڕەفیق ئەگەرچی چوارشانەیەکی دەستەباڵا بوو، لە هەناسەیەکدا لە ڕوانینی فەرهودەوە بوو بەحووجی نێو ئەفسانەکان. ئەو کڵاوەکەی و جامەدانییە خەت شاشەکەی خۆی بەدەست ڕەفیقەوە بینی.

ڕەفیق تا هێزی تێدابوو، لەسەر دەقەکەی پێشووی جامەدانییەکەی ڕاوەشاند. شەققەیەکی وەها قایمی لێ هەڵساند، ئەو لەوێوە نەیتوانی چاوە خەجاڵەتبارەکانی نەترووکێنێ. لە جێی خۆی ڕوابوو. نە ئەم هیچی وت و نە ئەو. ئەوەندە هەبوو ڕەفیق بەدەم ڕێوە بەدەستێکی جامەدانییەکەی بۆ دەهێنا و بەدەستەکەی دیکەیشی ئیماژەی سەرکەوتنی (V) بەرەو ڕوو بەرز کردبۆوە. چاوەکانی پڕی درەوشانەوە و لێوەکانی تژیی زەردەخەنە بوون.

تەمموزی 2002

# گەمەی گەمۆزەکان

من بە هەڤاڵ (ئەبو ئەڵقە) ناسراوم. حیمایەی هەڤاڵ (خەنجەر قەزبێن)م و هەمیشە لە پشت سەرێوە ئامادەم. بۆ هەموو جووڵەیە، خۆ خوراندنێ، پریاسکەی دەستی ڕێبوارێ، سەرێ لە سەربانێکەوە، لە سیلەی کۆڵانێکەوە سەرەتاتکێ بکا، ئوتوموبیلێ بدا بەتەکما و گومانی لێ بکەم، حسابی خۆم کردووە و دەیکەم... لە تەنگانەدا، دەبێ بەر لە هەمووان بێمە دەست. وێڕای کۆنترۆڵی شوێنە ڕوانگەکان و دابەشکردنی ئەندامانی مەفرەزەکەم و چاودێری و پاشەکشە. ئەم بەیانییە هەڤاڵ (شمشێر درێژ) بەتەلەفوون داوای لە کۆمیتەکەمان کۆمیتەی کاسبکاران کرد، لە کات و شوێنی دیاریکراودا ئامادەی پێشوازیی (مەستی)ی شاعیر بین... مەستیی شاعیر، سەردەمێکە لە ئەوروپا دەژی. ئێستا لەسەر بانگهێشتی حزب بەسەردان گەڕاوەتەوە وڵات... هەموو پێشوازییەکیش بەرەو ڕووی کۆمیتەی کاسبکاران دەکرێتەوە، کە هەڤاڵ خەنجەر قەزبێن بەرپرسێتی... لە جەنگدابین، تەدارەک لە دارتەرم، کفن، مردووشۆر، گوڵاو، ئارمی حزب ئامادەن. لە ئاشتیشدا، دەهۆڵ و زوڕنا و چەپکەگوڵ. مەستیی شاعیر هەمیشە لە کاتی جەنگدا لە هەندەران بووە. ئاگربەست و ئاگربەست دەگەڕێتەوە. شیعر بۆ سەرکردە و بۆ شەهیدان دەڵێ... شەهید، ئەگەر پلەی لە ئامیر بەتالیۆن کەمتر بووبێ شیعری بۆ نەنووسیوە. یاخود وەک خۆی دەڵێ: (سرووشم بۆ نایێ!)

مەستی لە هەمبانە بۆرینە، تاریک و ڕوون و توحفە موزەفەرییەوە وشەکانی هەڵدەگۆزێ. دەیانلکێنێتە دەمیەک و بەوشە ئارایی دەڕازێنێتەوە... لەلایەن هەڤاڵی هەڤاڵان (شمشێر ئەڵماس)ەوە، سەرقەڵەمانە وەردەگرێ...

ئەو ئالوودەی مەیە و ناوی خۆی ها بەخۆیەوە... ئەمە دووەم جارە لە مەراسیمی پێشوازیی مەستیدا بەشداربم.

* لاوێک بەبندەستێک کتێبەوە، بەوێدا ڕەت دەبوو، ڕمبەی دەهۆڵ و فیقەی زوڕنا، سەریان پێ هەڵێنا. هەڵوێستەیەکی کورتی کرد: «شاعیری دەربار وەک -لاولاو- وایە، ناتوانێ لەسەرپێی خۆی بوەستێ، ناچار بەباڵای حزبدا هەڵدەزنێ.» ئەمەندە لەبەرخۆیەوە وت و لێی دا ڕۆیی.



دوا خولی جەنگ بوو، هەڤاڵ شمشێر درێژ تەکلیفی جووتێ شیعری بۆ چلەی دوو شەهید لێ کردبوو. شەهیدەکان، یەکێکیان سوورەی باڵابەرزی قژ زەرد و چاوکاڵ بوو. ئەوی دیکەیان، تێکسمڕاوێکی ڕەش ئەسمەری دەستەباڵا بوو. کەچی مەستی چووبوو بەهەڵە، ناو و ئاکار بیچمی ئەمیانی خستبووە جێی ئەویان. ئەم هەڵە زەقە، بەڵکو ئەم کەتنە، کە بەسەر ڕاییکەرانی مەراسیمەکەشدا ڕەت بوو، بووە مایەی بێزاریی بنەماڵەی هەردوو شەهید. ئەوان دەیانگوت: «وا دیارە حزب شەهیدەکانی خۆی ناناسێ!» بیستوومە، هەڤاڵان شمشێر درێژ و شمشێر ئەڵماس لێی پڕن. ڕەنگە تەڕنێکی پێ بدەن...

ئەوا کەژاوەی مەستی گەیشت. دەنگی دەهۆڵ و زوڕناش بەخرۆشتر بەرز بۆوە. هاوکات هەڤاڵ خەنجەر قەزبێن. بلندگۆ دەستییەکەی بۆ زاری برد: «داوا لە هەڤاڵانی دەستەی پێشوازی دەکەم خۆیان نەدزنەوە!»

منیش هەر چاوێکم کرد بەچوار... لەپڕ کەمتەرخەمییەکم بەمەراسیمەکەوە هەست کرد. سەرم سووڕما. ئەم کەموکوڕییە بەو زەقییە چۆن بەسەر هەڤاڵ خەنجەر قەزبێندا ڕەت بوو؟! ئەم سوورە کەروێشکە چۆن بەنێو لنگیدا فرتەی کرد؟!... بەپەرۆشەوە ڕامکردە بەردەمی و ئاگادارم کرد. کەچی ئەو بێ پەروا دەستی ڕاتەکاند، وتی «هەقت نەبێ!» پاشان هەر بەدەست بانگی کردم و بەتەڵفیسییەوە چپاندییە گوێم: «ئاوا حیمایەم دەکەی؟!... دیارە سەرنجی ئەو پەنجەرەیەت نەداوە!!» کاتێ سەرم هەڵبڕی و

* پەیامنێری مانگنامەیەک لەوێ ئامادەبوو. ئەمەی نووسی: هەیە بەبەرهەمی قەڵەمەکەی هەمیشە سەرخۆشە. هەمیشە لەسەر قەڵەمەکەی سەری دادەنێ. نووسەری بۆرژوا ئاو بە ئاشی چەوسێنەردا دەکات. ئەم دەهۆڵ و زوڕنایەی کە ئەمڕۆ بۆ پێشوازی لە مەستیی شاعیر ساز کرا، بۆ لە بیربردنەوەی ئەو بوحرانی سیاسی و خەفەقانی ئابوورییەیە کە هەرێمەکەمانی تێ کەوتووە و بەشێکە لە گەمەی گەمۆزەکان. ساڵانێک بە عەدنان قەیسی جەماوەریان سەرقاڵ کردبوو. ئێستاش بەپێشوازیی لە شاعیری دەرباری بۆرژوا. کاتێ بۆرژوای مشەخۆر ناتوانێ وەڵام بەبوحرانەکان بداتەوە و پێی ناکرێ نان و کار و ئازادی بۆ جەماوەر مسۆگەر بکات، دێ بەتلیاکی دەهۆڵ و زوڕنا و پیشانگەی پووچ و مەراسیمی خێڵی درۆ دەخاڵەت لە زەینی خەڵکدا دەکات.

چاوم وردکردەوە، شەرم دایگرتم. چەند بەسەر خۆمدا شکامەوە!.» دوایی دڵخۆشی خۆم دایەوە، وتم: «دەبوو زووتر ئاگاداری بکردمایە!.» بەڵام کاتێ پتر شیم کردەوە هەڵوێستەکەیم بەئاسایی وەرگرت.

چەند کاسبکاران بەو بیانووەی تەماتەکەیان دەڕزێ و سەوزەکەیان سیس دەبێ، فیزماڵکیان دەدایێ، دوو ئەوەندە منداڵ و تاڵ و بێکار، بەدەنگ فیقەی زوڕنا و گرمەی دەهۆڵەوە دەهاتن... بۆ ئێمەش قەرەباڵغی مایەی خۆشحاڵییە. مەستی بەلاندکرۆزێکی فستقییەوە، لە جەنگەی ئاپۆرەکەدا وەستا... یەکسەر دوای پێشکەشکردنی چەپکە ڕێحانەکە، هەڤاڵ (شەش ئاگرە)ی جێگری هەڤاڵ خەنجەرقەزبێن، وەک بیست ساڵ بێ ڕۆژنامەوان بێ، لەگەڵیدا کەوتە دەمەتەقێ: «ئێوە لە ئەورووپا دەژین و لەوێ شیعر بەسەرچووە. بەڕاست کەینێ دەستبەرداری شیعر دەبن؟!»

مەستی ئەم زیادەڕۆییەی بەگاڵتە و جەفەنگ زانی. زەردەخەنەیەکی خستە سەر لێو و وتی: «ئەمە ڕاستە. بەڵام من بەلەش لە ئەورووپام. بەبیروهۆش لە وڵاتم، بۆیە...».

خەنجەرقەزبێن مۆڵەتی نەدا وەڵامی شەش ئاگرە بداتەوە، دایگرتەوە: «ئەگەر شیعر باوی نەمابێ، کەواتە شاعیری دەرباری وەک ئێوەش باوی نەماوە!» مەستی چاووزاری کرانەوە. دەستەکانی کەوتنە جووڵە، وتی:

«کەواتە کادیری سیاسیی وەک ئێوەش باوتان نەماوە!»

هەتەربوو، سیمایەکی دڵڕەقانەی دابووە ڕوخساری خەنجەر قەزبێن و وتی:

«شاعیر و سیاسی دوو شتی جیاوازن!»

مەستی شڵەژا، دەستی بۆ گوێکانی دەبرد و دەیگواستەوە. دەستێکی بۆ ژێر چاویلکەکەی برد. تاڵێ لە برۆی بەدوو پەنجە گرت، وتی:

* پیرەمێردێک لە دوورا دەنگی دەهۆڵ کێشی کردبوو، ڕووەو ئاپۆرەی دەوری دەهۆڵ و زوڕناکە جووڵا. کاتێکی زانی بۆتە ئەڵقەیەک لەو زنجیرە درێژەی خەڵک، کە لە دەوری دەهۆڵکوت و زوڕناژەن و شاعیر ئەڵقەی داوە. پیرەمێرد دەستی لەرزۆک و پڕ لە دەماری ئاشکرا و شین هەڵگەڕاوی دادایە سەر کەمەی گۆچانە حەیزەرانەکەی. بەسەریدا چەمایەوە و قورسایی خۆی هاویشتە سەر. وەک بەتاسەوە چێژ لەو



«جیاوازییەکە لە چدایە؟... من بەقەڵەم، تۆ بەخەنجەری قەزبێن، ئەو هەڤاڵە بە شەش ئاگرە، لە خزمەتی حزبداین.»

شەش ئاگرە وتی: «جیاوازییەکە لەوەدایە، سیاسی هەمیشە لەپێشەوە دەڕوات، شاعیری دەربایش هەمیشە لە دوایەوە ڕێ دەکات. شاعیری دەربار هەردەم چاو لە دەستی سیاسییە. دەسەنەخۆریش هەمیشە سڵ لە نانبدە دەکاتەوە. بەڵکو لێشی دەترسێ... بەیاننامەکان سیاسی دەیانووسێ، پاشان شاعیری دەربار دێ وەریان دەگێڕێتەوە سەر زمانی شیعر.»

مەستی جگە لە زمانی، هەموو ئەندامانی لەشی دەجووڵانەوە. شەش ئاگرە ساکانی ئەوی قۆزتەوە و ویستی بیتاسێنێ، وتی:

«شاعیری گەورە هەرگیز نابێتە زوڕناژەنی دەربار!»

مەستی هاتەوە قسە، وتی: «گوایە تۆ ئۆدن و کیپلینگ بەگچکە دەزانی؟!»

خەنجەر قەزبێن وتی: «ئەوان شاعیری حزب نەبوون. شاعیری تاجی بەریتانیا بوون لەوپەڕی هێزدا، کاتێ خۆر لە ئیمپراتۆریەتەکەی ئاوا نەدەبوو. مێژوو چۆتەپێش. ئەگەر ئەو دووانە زیندووبینەوە، نەک هەر نابنە شاعیری تاج بەڵکو شیعریش نانووسن.»

دوای ماوەیەک بێدەنگی و بەگومانەوە لەیەکدی ڕامان، لەپڕ خەنجەر قەزبێن وتی: «تۆ شاعیرۆکەی!!»

مەستی ماوەیەک زاری نووقا. لەناخەوە ڕاتەکاندنێک ڕاتەکی... لە گەرموگوڕیی پێشوازییەوە، لە ئاپۆرەی خەڵکەوە، لە چەپکە ڕێحانە و دەهۆڵ و زوڕناوە بۆ کوێ؟ بەهەناسەی سوارەوە زاری هەڵهێنایەوە: «من شیعرەکانم وەرگێڕراونەتە سەر زمانە زیندووەکان، کەچی تۆ...»

ئاهەنگی پێشوازییە ببینێ، زەردەخەنەی هاتێ. «هەزار جار دەستی شکاوم!» لەپڕ و بەدەنگی بەرز ئەمەی وت. لاوێکی پاکوخاوێن سەرگەرمی تەماشا بوو. گوێی لێ بوو، پرسی «خوا نەکات بۆچی دەستی شکاوت؟» پیرەمێرد ڕووی تێ کرد:

«شەست حەفتا ساڵێک لەمەوبەر لە سێرەی ئێستای تۆدا بووم. ورچەوان ورچیان دەهێنایە ئەم شارە هەڵیاندەپەڕاند. ئیدی ئێمەی منداڵ و تاڵ ڕۆژمان بوو. سەیرکردن بەعانەیەک بوو. ورچی زنجیر لە کەپوو، پەروەردەی دەستی ورچەوان بوو. دەسرۆکەیەکی سووری دەدایە و فەرمانی پێ دەدا: «سەمام بۆ بکە؟» ورچ

خەنجەر قەزبێن هەمدیس قسەی پێ بڕی، وتی «زەکەریبیا تامر پێی وایە: هەموو خاوەن بەهرەیەک لووتبەرز و لەخۆبایین و دڵسۆزییان تەنیا بۆ بەهرەکەی خۆیان هەیە، هەستی وەها دەنوێنن وەک یەکێک بن لە ئەفرێنەران... ئەدیب ئەگەر هەستی کرد خەڵک خۆشیان دەوێ، ئیدی ئەو خۆشەویستییە بەهیچ شتێک ناگۆڕێتەوە...» (١)

شەش ئاگرەش وتی: «بۆیە شاعیری گەورە دەکەوێتە سەروو حزب و خێڵ و ڕژێم و یاساوە...»

مەستی لەبەرخۆیەوە کەوتە ورتەورت: «لە بێ بەختیمە، دەنا کەینێ کۆلکە کادیر، زەکەریبیا تامری دیمەشقییان ناسیوە؟!» ئەمجا وتی:

«من ڕووی حزب سپی دەکەمەوە!»

هەڤاڵ خەنجەر قەزبێن وتی: «بەڵام ڕووی خۆت بەچوار مسگەر سپی نابێتەوە!»

شەش ئاگرەش وتی: «پەیمانگەی کادیران هەر کاتێ مەیلی لێ بێ دەتوانێ خولێک بۆ شیعر بکاتەوە. لە ماوەی سێ چوار هەفتەدا نەوەیەکی نوێ شاعیر بخاتەوە. ئیدی پێویستیمان بەتۆ نامینێ، وەک کچە عازەب نازونووکمان بەسەردا دەکەی، گوایە شیعرمان بۆ دەنووسی!»

مەستی بەپەلە و بەلەرزە لەرز پاکەتی لەم گیرفان و جگەرەی لەو گیرفانی دەرهێنا و جگەرەی پێ کرد، وتی «باوەڕ...» باوەڕ، لە قوڕگی گیرا، دوایی کۆکەکۆک و مشەمشێکی تاسێنەر وتی: «باوەڕناکەم ئەمە ڕای حزب بێ!... چی ماوە من بۆ حزب نەیکەم؟!»

شەش ئاگرە: «بەڵام تۆ ئامادە نیت وەک ئێمە لەپێناوی حزبدا بمری!»

مەستی: «ئامادەم... شیعرەکانم سووتانی شەوانەی ڕۆحمن.»

---

هەڵدەسایەوە سەر جووت پاشوو، دەهەژا و دەسرۆکەی بادەدا. چ دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی هەبوو، کاتێ دوا ئەندامی لەشی دەلەرییەوە و شەپۆلی دەدا... ئەمجا ورچەوان تیرۆکێکی دەدایە و فەرمانی پێ دەدا: «وەک ژن نانم بۆ بکە؟» ورچم ورچ دادەنیشت و بەزەبری تیرۆک گونکی پان دەکردەوە... ئەمجا فەرمانی دەدایە: «ئادەی ببە بەشوانی مێگەلەکەم؟» ورچم ورچ دەست بەگۆچان هەڵدەسایەوە و منداڵ و تاڵی دەدایە بەر گۆچان، گوایە ئەمە دەوڵەت دەلەوەڕێنێ. ئەمجا تیرۆکەکەی دەکردە شمشاڵ و دەینا بەلا لێویەوە و قامکی لە شمشاڵ دەبزواند...



هەڤاڵ خەنجەر قەزبێن: «ئێمە مەرگمان بۆ شاعیر ناوێ. فەرموو دڵسۆزیی خۆت بنوێنە و بایدە بۆ حزب، سەما بکە بۆ حزب!!»

مەستی نەفەسێکی قووڵی لە جگەرەکەی دا و خێرا دووکەڵی پەنگخواردووی سینەی ئازاد کرد و وتی: «ئەمە ڕای خۆتە یان ڕای حزب؟»

هەڤاڵ خەنجەر قەزبێن: «ڕای حزبە و لێی بەرپرسم!... خۆت دەزانی بەپێی مۆراڵی حزبمان، لەپێشدا فەرمان ڕاپەڕاندن، پاشان ڕەخنە و گفتوگۆ دێ.»

مەستی: «گوایە کەس نەماوە بایبدات و سەما بکات منی شاعیر نەبێ؟!»

هەڤاڵ خەنجەر قەزبێن: «ئەمەیش ئەزموونێکی نوێیە. ئەوەی سەما بۆ حزب نەکات، ئامادەش نابێ بۆی بسووتێ!»

هەڤاڵ خەنجەر قەزبێن دەستی بۆ مشتووی ڕەشی بەگۆی زیوی خەنجەرەکەی برد و چاوەکانی بریسکانەوە. ئاماژەی بۆ دەهۆڵکوت و زوڕناژەن کرد. ئەوانیش هەواکەیان بۆ بەزم و ئاوازێکی بەجۆشتر و خێراتر گۆڕی... دڵۆپی ئارەقە بەلاجانگی گەرم ڕاهاتووی مەستیدا دەخزانە خوار... زاری هەڵهێنایەوە: «بەتەنێ سەما بکەم؟»

هەڤاڵ خەنجەر قەزبێن: «بەڵێ بەتەنێ. بزانین لە سەماشدا وەک شیعر داهێنەری؟!»

جغارەکەی برک دا. قەیتانی پێڵاوەکانی توند و پشتوێنەکەی شل کردەوە. لۆکانی هاتنە بان سمت و کلۆکی. دەسرۆکەیەکی ئاوریشمینی زەیتوونی لە باخەڵ دەرهێنا... ڕمب پێی لە زەوی دەکوتا و دەسرۆکەی بادەدا... لەسەر ئاوازی دەهۆڵ و زوڕناکە

---

من ئێستا ئەو دیمەنە جوانانەم دێنەوە یاد و غەریبییان دەکەم. لە سێرەی ئێستای تۆدا دەبووم و نەدەبووم. بەڵام حەیف کاتێ لەگەڵ سەمای ئەم شاعیرە ورچەکۆڵەیەدا بەراوردی دەکەم گاڵتە و پێکەنینم لێ دەپژێ. بەویژدانم ورچی تەعلیمدرا و گەلێ جوانتر هەڵدەپەڕێ تا ئەم شاعیرە ورچی سەمانەکەرە. ورچە ئەسڵییەکە، کاتێ گوێی لە (هەدۆینە دۆینە) دەبوو، دەست بەدەسرۆکەی سوورەوە گەرم دەبوو. سەمای دەکرد ئەمما سەما نەگاڵتە... لاوەکە شریتی بیرەوەرییەکانی پێ بڕی:

«هەدۆینە دۆینە چییە؟»

پیرەمێرد وتی: گۆرانییە. گۆرانییەکی تایبەتە، بۆ ورچی دەڵێن تاک و چاک هەڵپەڕێ!

هەدۆینە دۆینە دۆینە – دۆینەی ماڵی حسەینە

بایدەدا. ورگی لە هەمـوو ئەندامـێکی دیکەی پتـر دەلەرییـەوە... بەهەناسـەی سـوارەوە باڵەکانی کردبۆوە... دەهۆڵکوت و زوڕناژەن پێسە دووداڵ، تەنوورە بەسەر گیـاندارێکی زامدارەوە لێی بدەن، بەدەوریدا دەسووڕانەوە. چاویلکە بەزریزەکـەی لە کەپووی ترازا و لەبان سـینگی، لەسـەر ئاوازی دەهۆڵ و زوڕناکـە هەڵدەبەزییـەوە. بەدەوریانـدا بەدەم قریوەوە کوڕگەل دەستیان گرت و تۆزیان لە زەوی هەڵساند... لەپڕ هەڤاڵ خەنجەر قەزبێن چەپڵەیەکی لێدا و قیڕاندی: «بەس...»

وەک بووکـە شووشـەی ئەلکترۆنی بێت و پەنجە بەکـۆنتـرۆڵەکـەیدا نرابێ، مـەسـتی یەکسەر وەستا. خەنجەر قەزبێن لەسەری ڕۆیی:

«لەگەڵ ئەوەشدا سەد لە سەد ئێستاش نۆرەی دەهۆڵە!»

مەستی دەکرووزایەوە: «سەما بەهەرحاڵ، هەرچەندە کورد سەمای تاکی نییە... تکایە دەهۆڵکوتان کاری من نییە. لەوەیان ببوورن...»

بۆ خۆ دزینەوە لەم ئەرکە نوێیە، کەوتە پل تەقاندن و وتی:

«ئەمەیان دەزانم. شەوانە لە کلوبەکاندا دەیان ئافرەتی ئەوروپاییم لە ڕەگەزی جیاجیا فێرە چەقەنەلێدان کردووە... ئەوان نازانن پل بتەقێنن!»

هەڤاڵ خەنجەر قەزبێن: «ئەمەشیان فرمانی حزبە. دەهۆڵ ڕەزمە... ڕەزمیش بەشێکە لە پێکهاتەی شیعر، واتە لە نێوان شیعر و دەهۆڵدا خاڵی هاوبەش هەیە!»

بەئاماژەیەکی هەڤاڵ، دەستبەجێ دەهۆڵەکەیان کردە شانی مەستی و دەهۆڵ قنج

---

* من قـوتابیی پەیمانگەی هونەرە جـوانەکـان، بەشی نیگارکـێشـانم. بەڕێکەوت لە سـەرەتای مـەراسیـمـەکەوە لێرەم... ئەوەتا بەقـەڵەمی ڕەش ژمـارەیەک (سکێچ)م کێشاوە. دڵنیام سێ تابلۆی ڕەنگاوڕەنگیان لێ لە دایک دەبێ. بەم شێوەیە:

سـەرەتا: مـەسـتی بەڕوویەکی کـراوەی گـەشـەوە چەپکێ ڕێحـانە لە مـەسـوولەکـە وەردەگرێ. قژی شانەکراوە. زەردەخەنە بەگۆشەی لێو و چاو و بەسەر کولـمەکانێوە دیارە. لەژێر چاویلکەی بەچوارچێوەی زەردی بریسکەدارەوە گەش دەڕوانێ. زریزەی چاویلکەکەی زێڕینە و لەگەڵ تاکە گوارە زێڕەکەی گوێیدا هاوئاهەنگە.

هەوڵ دەدەم بەڕەنگی کریستاڵی تیشک لەسەری بشکێتەوە. کراسەکەی بێجی و چۆغەکەی خورمایی و پشتوێنەکەی قاوەیی... خۆشی موو زەرد. کەواتە کۆمەڵە ڕەنگێکی هارمۆنی بەکاردەهێنم. پشتی بەجەماوەری لاوان تەنراوە. لەنێوان ئەو و



لەسەر ورگی وەستا و گرمەی لێ هەڵساند. لە گەرمەی گرموهوڕی دەهۆڵکوتاندا، لەوەدابوو بداتە هاڕەی گریان. لەپڕ هەڤاڵ خەنجەر قەزبێن هاواری لێ هەڵسا: «بەس... لێرەدا بیوەستێنن!» هاوارەکەی بەسەر گرمەی دەهۆڵ و فیقەی زوڕنا و هاڕەی چەپڵەڕێزاندا گرماندی و هەموویانی بێدەنگ کرد...

لەو دەمەدا هەرزەکارێک بەکامێرای سەرشانەوە دەهات و دەتریقایەوە لەبەردەم شاعیری دەهۆڵکوت و سەماکەردا قیت وەستا. هەڤاڵ خەنجەر قەزبێن هاواری کرد: «ببوورە کاکی شاعیر، هەموو دیمەنەکان کامێرای شاراوە بوون!»

هەزار کەسێک لەگەڵ هەڤاڵان خەنجەر قەزبێن و شەش ئاگرە و وێنەگردا دایانە قاقای پێکەنین. مەستی دەستێکی کەوتبووە ئەملای و دەستێکی کەوتبووە ئەولای. دەهۆڵەکە لە شانی خزا... وەک تۆقیو بەچاوانی زەقەوە پرسی: «کامێرای شارراوە؟!»

هەڤاڵ خەنجەر قەزبێن بەپێکەنینەوە وتی: «بەڵێ کامێرای شارراوە!!»

ڕێبەندانی 2000

.................................

(١) بۆ ئەم دوو ڕستەیە، بڕوانە: (زکریا تامر، نداء نوح، ط (١)، لندن، ریاض الریس للکتب والنشر. ١٩٩٤، چیرۆکی: پاشا بەوەزیری وت، لاپەڕە ٢٨٩-٢٩٢.)

---

مەسوولدا دەهۆڵ و زوڕنا لە کاردایە...

لە دووەمدا: چمکی چۆغەکەی لە ڕانکەکەی دەرهاتووە. پشتوێن شل و قۆپچەی دووەمی کراسەکەی ترازاوە. لایەکی یەخەی کراسەکەی کەوتۆتە بان یەخەی چۆغەکە. چاویلکەکە لەسەر سینگێتی. بەبان قژە ئاڵۆسکاوەکەیەوە دەسرۆکەیەکی زەیتوونی دەشەکێتەوە. لە پەنجەیەکی ژێر دەسرۆکەکەدا، ئەنگوستیلەیەکی زێڕی تۆکمەی بەنقێمی سەوز دەچریسکێتەوە. جووڵەی زێتر... گۆشەی زاری ڕوو لە نشێوە. پێچەوانەی یەکەم کە گۆشەی لێوی هەڵکشاوە.

لە سێیەمدا: قژی هاتۆتە سەر هەنیەی. ئەبرۆکانی تێکناوە. چاوی لە گریاو دەچێ. گۆشەی لێوی تەواو ڕوو لە نشێوە. جووڵەی تووڕە بەڕوخسارێوە دیارە. لە تافی دەهۆڵکوتاندایە. لە پشتێوە ئاسۆیەکی لێڵ و ڕەنگەکان بەرەو تۆنەکانی ڕەش (رصاصیات) دەچن. ڕوخساری نیگەران. لێو بەبار. قیافەت پەڕپووت. دەسرۆکەکە خۆڵاوییە و لەسەر زەوی کەوتووە. تنۆکی وردی ئارەقە لەسەر لێوە بێ سمێڵەکەی وەستاون... ناویان لێ نانێم. با بینەران خۆیان، لەناونانیان سەرپشک بن.

# شیلان و دەعباکان

(١)

– ئێستا ماوەتە سەر جووتێک پاپووچ!

دایکی شیلان وای گوت و دەستی دایە جووتێک پێڵاوی سپی بەقردێلە ڕازاوە. شیلان دەستەکانی ڕاوەشاند. پێی لە عەرد دا. بەڕووی گرژەوە لە دەستی هەڵپچڕوقان و تووڕی هەڵدان.

– بۆچی کیژم؟! لەگەڵ عەزیزییەکەت دەگونجێ. بڕوانە ئەو ڕەنگە جوانە؟ عەزیزیی مۆر لەسەر پێڵاوی سپی!

– وتت مۆر؟

– ئا، مۆر؟ لەسەر سپی. چ عەیبێکی هەیە؟!

شیلان لە پەستا، هەر جارە لاقێکی هەڵدەنا و توند بەعەردەکەیدا دەدا.

– من نا... دە من نا... من حەزم لە پاپووچی سوورە!

– فەرموو ئەمەیش پاپووچی سوور.

– زەردەیەک، بریسکەی خستە سەر لێوە پەمەییەکانی. پاپووچە سوورەکانی لە پێ هەڵکێشا و چووە بەر ئاوێنە گەورەکە. سەرنجێکی سەراپایی خۆی دا. ئەمجا پەپوولە ئاسا باڵەکانی کردەوە و بەڕاکردن بۆ بەرهەیوانەکە کشا. بەدەوری ئینجانەکانی بەرهەیوانەکەدا سووڕا. پاشان بۆ حەوشەکە شۆڕبۆوە. لە ئاستی هێرۆ ڕەنگاوڕەنگەکاندا ئیستێکی کرد و لێیان ڕاما. بەدەوری باخچەکەدا چەرخا. ترپەی پێیەکانی ڕەزمێکی خێرا و تایبەتییان هەبوو کاتێک بەپەلە لە چیمەنتۆی حەوشەکەی دەدان. دوای تاوێکی کورت بۆ لای دایکی گەڕایەوە.

– ها کیژم بێتاقەت دیاری؟!

– ویش لەو بەرهەیوانە. یەع لەو بەرهەیوانە، هەمووی خۆڵ و پووشە! حەوشەکەیش هەر پیسە!

– جا ئێستا چیت دەوێ شیلان؟

– جلکە جوانەکانی منیش پیس دەبن. دەمەوێ ئێستاماڵەکە پاک بکەیتەوە!

– کەمێک لێم ڕابوەستە دەیماڵم.



شیلان بەدەم پێ لە عەرد کوتانەوە گوتی:

– نانا... با بیشۆرین... زۆر پیسە. بەگسک پاک نابێتەوە.

– جا ئاو لە کوێ بێنم کچم؟ گوایە نازانی چوار ڕۆژی تەواوە ئاو نییە؟!

گوڵەکانیش هەر تۆزاوین... دە من نا... من ئێستا ئاوم دەوێ! حەوشە و هەیوانی پێ دەشۆم.

– ئەم داوایەی تۆ، داستانی (قەڵای دمدم)م بیردەخاتەوە.

– داستانی قەڵای دمدم چۆنییە؟

– لە قرچەی گەرمای هاویندا، کاتێ دوژمن گەمارۆی قەڵاکەی دابوو، ئاوی لێ بڕیبوو. جەنگاوەرانی نێو قەڵاکە لە تینوواندا زمانیان وشک ببوو، ئاوی خواردنەوەیان دەست نەدەکەوت، کەچی ئا لەو دەمەدا خانمێکی نێو ئەو قەڵایە بەکەماڵی ئیسراحەت خۆی پێ دەشوشت!

– من دمدم نازانم... ئاوم دەوێ!

– دەنگی دەرگا دێ. ئا بزانە کێیە؟

شیلان بەچەند قەڵەمبازێک گەیشتە دەرگاکە. کاتێ دەرگای واڵاکرد، مەچەک و باسکێکی دی، لە شێوەی مۆمێکی سپیی ئەستووردا بوو، لە کەلێنی نێوان هەردوو تاکی دەرگاکەوە، بەر لە خاوەنەکەی وەژوور کەوت. مۆمێک لەوانەی لە جێژنە و بۆنە خۆشەکاندا هەڵدەکرێ، هاتە حەوشەکەوە. ئەو مۆمە باسک و مەچەکێکی بێ دەست و پەنجە بوو. هەرکە لە نێوان دەرگاکەوە وەژوور کەوت، سەرنجی شیلانی بۆ لای خۆی کێش کرد. وەک کارەبا گرتوو، ڕاچەنینێک ڕاچەنی. هاوکات شەپۆلێکی خێرا و هەڵچووی ترس و دوودڵی هرووژمی کردە ناخی شیلانەوە. موچوڕکێک بەگیانیدا هاتوچوو. وەک لەرزوتادار گوێی لە چۆقەچۆقی ددانەکانی خۆی بوو.

بەدەستێکی لەرزۆکەوە، دەستی گوشی و وتی:

– بەیانیت باش شەوبۆ. ئەمە تۆی؟!... وەرە ماڵەوە!

شەوبۆ لەناوقەدەوە، عەزیزییە شینەکەی بەپشتوێنێکی ڕەش بەستبوو. بەپرچە توند هۆنراوەکەیەوە شریتێکی شین دەشەکایەوە. دوو پێی سلکردوو لەنێو جووتێک پاپووچی ڕەشدا، ورد ورد هەنگاوی سلۆکی هەڵدەهێنا. لە سپێنەی چاوەکانیدا، گلێنەکانی وەک دوو گلارەتریی ڕەشی بەر هەتاو دەبریسکانەوە و بێ ئامانج دەجوولان. لێوە تەنک و کاڵەکانی هەڵهێنایەوە و نەرم نەرم گوتی:

– بیرم کردی شیلان!

– منیش زۆر غەریبیم کردی شەوبۆ!

بەجووتێک چاوی گەشەوە، لە ڕوخسارێکی زەردباوەوە دەیڕوانییە شیلان. هەستی کرد شیلان چاو لەسەر دەستە شکستەکەی ناگوێزێتەوە. بە نائومێدییەوە سەرنجی مەچەکە پێچراوەکەی خۆی دا و گوتی:

– دایکم دەڵێ: بەس نەبوو دەستی ڕاستت نەبوو!!

شیلان وەڵامێکی گونجاوی پێ نەبوو. شڵەژابوو، لەوەدا بوو لەسەر پلیکانەکان لەپەوروو بکەوێ. هەرچۆنێک بوو زاری هەڵهێنایەوە و ئاوا هاوسۆزیی دەربڕی:

– با قوتابخانە بکرێتەوە. لە پۆلی سێیەم، لەسەر مێزێک پێکەوە دادەنیشین.

– باشە پێکەوە دادەنیشین... لەبیرمە شیلان، کە وام لێ هات، تۆ یەکەم کەس بووی بۆ سەردانم هاتی.

هەرکە دانیشتن، شەوبۆ دەستی بەگێڕانەوەی ڕووداوەکە کردەوە. خۆشی نەیدەزانی ئەمە سەری چەندەم جارە دەیگێڕێتەوە:

– من و تریفە و سەلار بووین، لە کۆڵان یاریمان دەکرد. ئەردەڵانە زیرەکەکەی کە لای دەرگاکەوە دادەنیشت، لەگەڵ یەکێکی دی بەکەلا شووشە یارییان دەکرد. من فوودانێکی زەردم پڕ هەوا کردبوو. زۆر گەورە ببوو. وێنەی پاپای لەسەربوو. داوە دەزوویەکم لێ بەستبوو. بەبان سەرمەوە ڕامگرتبوو... لە هیکڕا وژژژ... دەنگێک بەبان سەرمدا وژژەی کرد و ڕەت بوو... پاشان بم م م... تەقییەوە! ئا لەوەدەمەدا چەقۆیەکی گەرم گەرم وەک پشکۆ چەقییە دەستی فوودانەکەم! کاتێ لە خەستەخانە بەئاگا هاتمەوە، دەستی چەپم نەمابوو... دوایی زانیم ئەردەڵانیش مردووە. ماشەڵڵا لەو ئەردەڵانە کە زیرەک بوو... هەمیشە لەوانەی کوردی دە لە دە و لە بیرکاری دە لە دەی وەردەگرت. ڕۆژ نەبوو چەپڵەی بۆ لێ نەدەن...

شیلان بەپەلە هەناسەی دەدا. لە پەستا سینگی بەرزونزم دەبۆوە. چاوەکانی هێند کرابوونەوە. سپێنەکانی تا دەهات فراوانتر دەبوون.

– لەوساوە منداڵی گەڕەک بێتو لەو شوێنە یارییان نەکردووە!

شیلان بەپەلەپەل ئەم قسانەی دەرپەڕاند. دایکی شیلان، بۆ ڕزگارکردنی کچەکەی لەم ترس و دڵەکوتێیە، بانگی کردن.

– گوڵە جوانەکان، وەرن بۆ خۆتان لە حەوشە خەتخەتێن بکەن!



( ٢ )

– ویش ویش... لە دەورت گەڕێم. خەریک بوو هیشک دەبووی. بڕوانە چۆن پەلکەکانت سیس بوون!

شیلان چووە سەرچیچکان و پەرداخە شینەکاڵە پڕ لە ئاوەکەی بۆ ئینجانەکە لارکردەوە. پەنجە ناسکەکانی بەڕووی گەڵا سیسەکاندا هێنا و بردنی بۆ لووتی.

– ئەڵڵاهـ... ساردۆنیا بۆنی گەڵای لە هی گوڵی خۆشترە. دەبا ئەم پەرداخە ئاوەیش بۆ تۆ بێ.

دایکی لە ژوورەوە هاواری لێ هەڵسا:

– دیسانەوە بەزمەکەیە. ئۆف لە دەس تۆ شیلان! ئاو نییە خۆمان بیخۆینەوە، کەچی تۆ لەبن گوڵەکانی دەکەی!

– من خۆشم دەوێن، ئای!... لەبەریان بمرم. ئەگەر ئاویان نەدەم دەژاکێن و ڕەنگیان ناشیرین دەبێ... نانا... بەشە ئاوەکەی خۆم بۆ گوڵەکان!

– جا تۆ چ دەربەستی؟! خۆ تۆ ئاو ناهێنی؟... خۆ تۆ بۆ کتربییەک ئاو ماڵەوماڵ ناکەیت؟... ئەم گەڕەکەم لەپێوەداوە تا سەتڵێک ئاوم پەیداکردووە شیلان.

– دە ئاخر ئەمانیش وەک من کچی ماڵەکەن. زیز دەبن! شیلان بەڕاکردن ئینجانەکانی بەرهەیوانی جێهێشت. پرچی بەشریتی سوور بەسترا و لەسەر پشتی هەڵدەبەزییەوە. بەدیار باخچەکەوە ڕاما. پەرداخەکەشی هەر بەدەستەوە بوو. وەک یەکەیەکە بەسەریان بکاتەوە، بەپەنجە هێمای بۆ دەکردن.

– شەوبۆی زەردی ژاکاو... سپیی ژاکاو... هی پەمبەی ژاکاو. پەتۆن. نەء پەتۆنیای سپی... پەتۆنیای مۆر. مێخەکی سپی وەک تەختی کراسەکەم... سووری تۆخ وەک پاپووچەکانم... دایە هۆدایە؟!

– بەڵێ... چیت دەوێ چێشت لێدەنێم.

– ئەم گوڵە کورتە بالایەی پاڵ مێخەکەکان، ناویان چییە؟ زەرد و پەمەیین.

– نازناز.

– نازناز... ناویان چەند خۆشە؟!... گشتیان ملیان لاربۆتەوە. باوکم وتی:

بۆیە ناوم ناوی شیلان، چونکە گوڵە شیلان دەشت و چیا دەڕازێنێتەوە. های!... جا ئەگەر لە ماڵەوەش هەبایە، ئێستا ئەویش تینووی بوو. گوڵە جوانەکان، گوڵە

نازدارەکان، لەبەرتان مرم... دەبێ ئاو بۆ ئێوەش پەیدا بکەم... بۆ هەمووتان... ئەگەر ئێوە بمرن منیش دەمرم... گوڵە جوانەکان ئێمە خوشکی یەکین، ئێ؟!

بەپەلە، بەپەرداخە شینکەوە گەیشتە لای دایکی:

– چۆن دەبێ گوڵە جوانەکانم تینووبن؟!... چەند گوناحن؟!... ئەرێ بەڕاست ئیتر ئاو نایەتەوە؟

– نەء نایەتەوە. کە کارەبا نەبوو ئاویش نابێ!

دایکی شیلان بەتووڕەییەوە ئەمەی وت. شیلانیش بەڕاکردن بۆ لای باخچەکە گەڕایەوە:

– ئۆی خوایە گیان. چەند لەم دەنگە زیقنەی دایکم دەترسم؟... دە ئاخر گوڵەکان ڕەنگیان تێکچووە. گەڵاکانیان سیس بوون و داوای ئاوم لێ دەکەن. عەردەکەش لە تینوواندا درزی بردووە... خوایە گیان لەبەر خاتری گوڵەکان بەخوڕ دابکەرە باران... ئۆی توخوا بیرم چوو، هاوینان باران نابارێ.

– لەگەڵ تۆمە شیلان ئەوە گوێت لێ نییە؟... دەستی پێکردەوە!

– چی دەستی پێکردەوە.

– جەنگ... جەنگی ڕەنگەکان!

– چەندم ڕک لەم جەنگە دەبێتەوە؟... شەڕی ڕەنگەکان!... ئافەرین بۆ ڕەنگەکانی باخچەی خۆمان!... ئافەرین بۆ گوڵی نێو ئینجانەکان، چونکە ئەمان بەشەڕ نایەن. ئەمان ئاقڵترن!... ئۆی خوایە، کۆترەکانیش بەترسەوە هەڵفڕین! باوکم دەڵێ ڕەنگیان سابوونییە... کۆترە جوانەکان بەتەنێ جێم مەهێڵن... بزانە ڕەنگی ئاسمانیش گۆڕرا. لێڵ و تۆزاوی بووە!... ئۆف دە وا هاتم دایە. بەس بانگم بکە! سا وەڵڵاهی ئەوانە ئەگەر گوڵ بوونایە بەشەڕ نەدەهاتن!

(٣)

– بۆچی کە بابە دەگەڕێتەوە، شتی زۆری پێ نییە تاکو لە دەستی وەربگرم؟!

– هەر چاکیشە کە بەسەلامەتی دەگەڕێتەوە کیژم. وەرە با بچینە ژێرزەمینەکە!

– ئای خوایە گیان حەزم لە ژێرزەمین نییە. ژێرزەمین تاریکە. لە ژێرزەمیندا ڕەنگە جوانەکان هەڵدێن!

– چونکە ژێرزەمین ڕووناکیی لێ نییە کیژم! ڕەنگ بەڕۆشناییەوە بەندە!



– ئەگەر دەترسێی، خۆت بەتەنیا بچۆ دایە!

– ئەیەڕۆ شیلان گیان، چۆن دڵم دێنێ تۆ بەجێ بێڵم؟!

– ئەدی بابە؟... بابەش لە شەڕی ڕەنگەکاندا بەشداریی دەکات؟

– نا کیژم. بۆ خۆت دەزانی بابە عەرەبانەی دەستی پێیە! بۆ خۆت دەزانی بابە مامۆستایە!

– خوایە گیان بەشایەت بە، بابە شەڕ ناکات!

– ئەو پەرداخە دابنێ و وەرە بۆ لای دایکی خۆت؟

– دە من نا... دە من نا...

– خۆ لە خۆشیاندا ناخزێینە ژوورەوە کچی خۆم!

– دەزانم... دەزانم بۆچی کە من دەبینی خێرا چاوت دەسڕی؟... دەزانم بۆچی دەگریەی؟

– بۆچی دەگریم شیلان؟

– بۆ خاڵم دەگریت کە لە جەنگ نەگەڕایەوە! بۆ ماڵەکەمان... بۆ جلکە ڕەنگاوڕەنگەکانی تۆ!

– کە دایان بەسەرماندا تۆ نوستبووی!

– بەڵام دەزانم چۆن چۆنی بوون؟!

– چۆن چۆنی بوون؟

– دەمموچاویان وەک عەبا ڕەش و تا بڵێی ناشیرین بوون. چاویان زەق. کلکیان هەبوو. قژیان دانەهێنابوو... زانیم؟!

– زانیت!

– یارییەکانی من... کراس و کەوای بووکێنی تۆ کە تاکو ئەمساڵیش هەڵت گرتبوون، ئەوان بردیان!

– ئۆف لە دەست تۆ! زامەکانم دەهێنیتەوە سوێ. بەڵام من ئەمجارەیان لەبۆ بابت دڵم پڕبوو!

– بۆچی بابە چی بەسەرهاتووە؟

– دوور لە سەری جا لەوە خراپتر؟!

– دە بۆم باس بکە، بابە چی لێ هاتووە؟

– ڕۆڵەکەم بابت بەلەش ساغە. بۆ خۆشت دەزانی ئەویش وەک هەموو مامۆستایانی دی بێ مووچەیە... ئەوێ شەوێ تۆ نوستبووی، باسێکی بۆ گێڕامەوە، لەناخەوە هەژاندمی. جا ئەمڕۆ هەمان باس هاتۆتەوە یادم!

– دە بۆ منیشی بگێڕەوە؟

– بابت وتی: ئەوێ ڕۆژێ لە گۆشەیەکدا عەرەبانەکەم وەستاندبوو. لەپڕ قوتابییەکی خۆم بەڕاکردن بەرەو ڕووم هات. دینارێکی ئاسنی هەڵدایە سەر عارەبانەکەم و وتی: مامۆستا قاپێ نۆکاوم بدەرێ!!... بابت ئەو ئەفەندییە شیک و کەشخەیە، ئاوهای بەسەربێ؟!!

(٤)

– دایە کە دەچمە نێو باخچەکە شتی سەیر سەیر دەبینم!

– شتی سەیری وەک چی شیلان؟

– بەسەربانەوەن. یەکەم جار دووانن. ئەمجا دەبن بە سیان و چوار... زیاتریش. وەک شێت و هار بەرامبەرم هەڵدەبەزنەوە. ڕۆژێک هەر بۆم دادەبەزن!

– ڕەنگ و قەبارەیان چۆنە؟

– ڕەشن. پرچیان درێژ و ئاڵۆسکاو. نینۆکیان تیژ و درێژ. چنگیان ڕەشە. ددانیان لە ددانی کەرەکەی ماڵی شەوبۆ گەورەترە! تیژتریشە... چنگم بۆ درێژ دەکەن! هاوار دەکەن!. هەڕەشەم لێ دەکەن! پەنجەم لێ ڕادەوەشێنن! چاویان زەق و دەرپۆقیوە! هەر ڕەنگی چاویان جیاوازە دەنا وەک یەک هاوار دەکەن و هەڵدەبەزن و هەڕەشە دەکەن. چاو کەسک... چاو زێڕین... چاو شین... چاو مۆر... چاو سپی... بەقینەوە بەرامبەرم هەڵدەبەزنەوە... بەقینەوە سەیرم دەکەن... نازانم بۆچی ڕکیان لێم دەبێتەوە؟!

– خوا بەخێری بگێڕێ!. لە ژووریشەوە ئەم دەعبایانە دەبینی؟

– وتت دەعبا؟

– ئا، وتم دەعبا!

– نانا... کە لەنێو باخچەکەدا بم دەیانبینم. دیارە ئەو دەعبایانە گوڵ و ڕێحانەیان خۆش ناوێ!... وانییە؟!

– دیارە کچم. باشە ئامۆژگارییەکت دەکەم، بزانم بەقسەی دایکی خۆت دەکەی؟

– ئا بەقسەت دەکەم، ئەگەر تۆش بەقسەی من بکەی!



– ئۆهۆو... دەڵێم ئەم ماوەیە ئەوەندە مەچۆرە حەوشە!

– وەڵڵا نا... من نا... من بۆ لای گوڵەکان دەچم. ئەگەر نەچم بۆ لایان، لەوانەیە بمرن. حەز دەکەم بگەڕێم. حەزم لێیە بچمە کۆڵان. ئەدی تۆ و بابە، بۆچی بەقسەی من ناکەن؟!

– من و بابە چی بکەین؟

– بۆچی ئاوی گوڵەکان نادەن؟... بۆ دەهێڵن ڕەنگەکان بەشەڕبێن؟ بۆ ئەم دەعبایانەم لێ دوورناخەنەوە؟

– من و بابە هیچمان بەدەست نییە... هەموومان گیرۆدە بووین شیلان!

(٥)

– ئەرێ وەڵڵا (بابە)یە!... شتی بۆ کڕیوین... نەمگوت خۆیەتی؟!

شیلان دەرگاکەی کردەوە و وەهای گوت. تریقەی پێکەنین بۆ چەند هەناسەیەک ڕووی گەشاندەوە و لەسەری ڕۆیی:

– بابەگیان ماندوو نەبی.

باوکی کیسەکەی دانا و دەستی دایە بن باڵی و بەرزی کردەوە. پاشان بۆ تاوێکی کورت لە باوەشی گرت. ماچێکی ڕوومەتی کرد و وتی:

– تاسەم کردی شیلان.

– منیش تاسەم کردی.

– شتێکی خۆشم بۆ هێناوی.

شیلان لە کیسەکە وردبۆوە و وتی:

– بەخێربێیتەوە... ئادەی، ئەڵڵاها! بزانم چیت بۆ هێناوم؟

– لەو کیسە ڕەشەدایە. دەستی مەدەرێ و سەیریشی مەکە. بزانم هەڵی دەهێنی چیم بۆ هێناوی؟

– دەخورێ؟

– بەڵێ دەخورێ. دەنکەکانیشی وردە!

– هەڵووژەیە؟

– نەتزانی.

– ترێیە؟

– نەتزانی.

– قەیسییە؟

– نەتزانی.

– خۆخە؟

– نەتزانی.

– نوقڵی ترش و شیرینە؟

– نەتزانی.

– گوێژە؟

– کەی ئێستا کاتی گوێژە؟

– هەر ئەوەندە دەزانم. دە ناوەکەیم پێ بڵێ... ئادەی؟

– پێت ناڵێم و ناشهێڵم سەیری بکەی. دەبێ خۆت هەڵی بێنی!

– ئاخر ئەگەر پێم نەڵێی لەلای کەرەکەی ماڵی شەوبۆ شکاتت لێ دەکەم، ها!

– باشە، شکاتم لێ مەکە... گێلاسە کچم گێلاس!

– گێلاس؟! ئادەی؟... ئەڵڵاها! سوورە... چەند سوورێکی تۆخ و جوانە؟! ئەمە یەکەم جارە گێلاس ببینم!... قەت نەمخواردووە!

– ناهەقت ناگرم شیلان.

– باشە بابە چۆن چۆنی دەخورێ؟!

– ئاسانە کچم. پاک بیشۆرەوە. ناوک و لاسکەکەی فڕێ بدە و ئەوی دیکەی بخۆ.

– بابە، ئەی تۆ بۆ کەرێک ناکڕی؟

– کەرم بۆ چییە شیلان؟ چی لێ بکەم؟

– وەک باوکی شەوبۆ عەرەبانەکەتی لێ ببەستە با ئەو ڕایبکێشێ. ئیتر بۆچی خۆت پاڵ بەعەرەبانەوە دەنێی؟ جاروبار منیش سوارکە!

– عەرەبانەکەی من کەری لێ نابەسترێ، دەستییە. کیژم بیرت چوو کە بابت مامۆستایە، بیرت چوو بابت شارستانییە؟... بابی شەوبۆ هێشتا مێردمنداڵ بوو کەری هەبوو.

– جا چ قەیدی؟ من کەرم خۆش دەوێ. حەزیشم لێیە کەرێک بکڕی.

– ئەی لە یادت چوو، حەوشەی ئێمە بەگوڵ و گوڵزارە و بۆ ئاژەڵ بەخێوکردن دەست نادات؟



(٦)

– ماڵی ئێوە خۆشترە شیلان. بەگوڵ و گوڵزارە.

شەوبۆ بەحەسرەتەوە وەهای گوت.

– ئاخر ئێوە کەرتان هەیە. گوڵ و گوڵزار بۆ ماڵی ئێوە نابێ. ئەگەر بڵێی من کەرەکەی ئێوەم خۆش دەوێ، شەوبۆ.

شەوبۆ بەدەستێکی پەرپووەوە، بەرەو دەرگای حەوشە ڕای کرد و دەرگاکەی کردەوە.

– ماندوو نەبی بابە گیان.

– تەمەن درێژ بی. وەرە با ماچێکت بکەم شەوبۆ.

شەوبۆ کیسەکەی لە باوکی وەرگرت و ئیستێکی کرد. لە دەرگای حەوشەوە سەری کێشایە کۆڵان. لەگەڵ ئەوەشدا تا بۆ خۆی نەچووە کۆڵان و بەتەواوی لە دەوروبەر وردنەبۆوە، گومانی پەیدا نەکرد. ئەمجا بەپرتاو خۆی بەماڵدا کردەوە و پرسی:

– ئەوە کوا کەرەکە بابە؟

– فرۆشتم!

– گاڵتە دەکەی؟!

– بەڕاستیمە، فرۆشتم!

– من نا... دە من نا... نابێ بیفرۆشی... من کەرەکەم دەوێتەوە!

– کچی بابەی، تازە فرۆشتم و بڕایەوە. کار و کاسبی نەماوە. کەریش مەسرەفی دەوێ و پێم هەڵناسوورێ. پارەکەی دەدەم بەنان و بەرگ بۆ ئێوە... ئەوەی دەوڵەمەندە بەئوتومبێلی خۆی بار دەگوێزێتەوە، ئەوەیشی هەژارە بەکۆڵی خۆی. کاری ئێمەمانان هاتۆتە کزیی.

– ئەدی ئەوەی لێی کڕیت بۆچی بوو؟

– ئەو جووتیار بوو. لە گوند باری پێ دەگوێزێتەوە.

– ئەی باشە بۆچی کار و کاسبی نەماوە؟

– شەڕە، شەڕ... لە شەڕدا کار و کاسبی کەم دەبێتەوە. مەگەر بۆ بازرگانانی جەنگ. خۆ منیش بازرگانی جەنگ نیم!

– بازرگانی جەنگ چییە؟

– ئەویش دەعبایەکە بۆ خۆی!

– وتت دەعبا؟

– ئا، دەعبا.

– کەواتە ئەو هەرامەیە...

– بلێ قەیسی شەوبۆ.

– کەواتە ئەو قەیسییەت بەپارەی کەرەکە کڕیوە!

– ئا، وایە.

– ئەدی لەمەولا چۆن کار بەعەرەبانەکە دەکەی؟

– خۆم ڕایدەکێشم!

– گاڵتە دەکەی. چۆن دەتوانی ئەو عەرەبانە زلە درێژە ڕابکێشی؟ مەگەر دایکم یارمەتیت بدات!

– دایکتی ناوێ. خۆم بەتەنیا دەرۆستی دێم. دەتوانم بەبارەوە ڕایبکێشم!

– بۆچی کامتان بەهێزترن، تۆ یان هەچەکە؟

– نازانم... بەڵام ئەگەر جەنگ نەما و ئاشتی کەوتەوە، ئەو حەلە کەرێکی ئاخر مۆدێل دەکڕم، کە زەڕاندی لەوپەڕی شار گوێیان لێی بێ!

– من نا... دە من نا... من کەرەکەی خۆمانم خۆش دەوێ. دەنگی خۆش بوو. بڕۆ ئاشتی بکەرەوە. بڕۆ بیهێنەرەوە. کەرەکە هاوڕێم بوو. یاریم لەگەڵ دەکرد...

لێرەدا شیلان هەڵی دایە:

– منیش کەرەکەی ئێوەم خۆشدەویست... بچۆ بیهێنەرەوە بەقسەی شەوبۆ بکە؟!

– تازە فرۆشتوومە و پارەکەشم لە جووتیارەکە وەرگرتووە. ناکرێ مامەڵە پەشیمان بم، کچی مامەی.

– نازانم چۆن دڵت هێنایی بیفرۆشی؟

شەوبۆ بەدڵ پڕبوونەوە ئەمەی وت. باوکیشی ویستی دڵی بداتەوە. بەدەم زەردەخەنەوە وتی:

– شەوبۆ ڕاستم پێ بڵێ: کامیانت زیاتر خۆشدەوێ من یان کەرەکە؟

– نازانم... با هەللەق مەللەقی بۆ بکەم... هەللەق مەللەق، دەنووکی لەقلەق، کیسە و کەمەر، یا سیس عومەر... کەواتە تۆم زیاتر خۆشدەوێ!



(٧)

شیلان بەپەرداخێکی بەتاڵی شینی کاڵەوە، بەچواردەوری باخچەکەدا غار دەدا. ملوانکەیەکی دەنک گەورەی سوور لەسەر سینگە تەختەکەی هەڵدەبەزێتەوە. ملوانکە سوورەکە، هەتا کەمەری هاتووە. تاوێک بۆ پشوو دەچێتە پەنا دیوارەکە. ئەولا دیوارەی کە بەتەنەکە ژەنگنی لەسەریەک هەڵچنراو دروست کراوەتەوە... جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ لای گوڵەکانی باخچەکە.

– سا وەڵڵاهی نایەم هەتا ئاوم بۆ پەیدا نەکەن، دەی. گوڵەکانم خەریکن دەمرن.

شیلان ئاوا وەڵامی باوکی دایەوە. باوکیشی لەسەری ڕۆیی:

– دایکت چووە ئاو بێنێ. ئەگەر ئەویش نەیهێنا، سبەی خۆم ئاو پەیدا دەکەم... گوێت لێ نییە کچم؟... دیسان جەنگی نێوان ڕەنگەکانە.

– باشە بابە، تۆ دەتوانی دەست بۆ (شەوبۆ) پەیدا بکەی؟

– نەء!... نەک من کەس ناتوانێ!

– دەتوانی بچی بەشوێن (ئەردەڵان)دا و بیهێنیتەوە؟!

– بەداخەوە ناتوانم!... ئەوانەی تۆ داوایان دەکەی کاری نەکردەن شیلان!

– شەوبۆ ناوێرێ لە ماڵ بێتە دەرەوە. ئەردەڵان مرد. وا گوڵەکانیش دەمرن. ئیدی من لەگەڵ کێ یاری بکەم؟!

– تۆ ئێستا وەرە ژوورێ و لە حەوشە مەوەستە. جا سبەی پێکەوە دەچینە سەردانی شەوبۆ!

– باشە بابە ئەوانە لەسەر چی بەشەڕ هاتوون؟

– لەسەر داهاتی ئەم خاکە. لەسەر ماڵی ئێمە. لەسەر یارییەکانی تۆ... لەسەر دەستەڵات و پارە کچم.

– دە باشە ئەم ئینجانە گوڵەیان بەدیاری بۆ ببە، با چیدی بەشەڕ نەیەن و ئاویش بۆ گوڵەکانم بەربدەنەوە!

(٨)

شیلان دەستی دایە سۆندە سەوزەکە. سەرێکی لەنێو باخەکە دانا. بەڕاکردن گەیشتە سەرەکەی تری و لە بەلۆعەکەی بەست. بەلۆعەکەی بادا و هەموو دیشەکانی کردەوە. بەپەلە گەیشتەوە سەری سۆندەکە. بەڵام ئاو نەهات. پەرداخە شینە کاڵەکەی هەڵگرتەوە

و بەتوندی لە دەستیدا گوشی و وتی:

– کارەبا نییە. ئاویش نایەتەوە. کەواتە گوڵەکان دەمرن!... حەزم لێیە بەهەموو هێزم بقیژێنم. حەزم لێیە هەموو شتەکان تێک بشکێنم!

سەرنجی لە بەرمیلەکەوە دەگواستەوە بۆ سۆندە و بەلۆعە و... لەپڕ دانەوییەوە. چنگێک وردە بەردی کۆکردەوە و دەیهاویشتن، تەقوهوڕ و زرم و کوتی تەنەکە و سەتڵ و بەرمیل، تێکەڵ بەهەراوزەنا و هاتوهاواری دەعباکانی سەربان دەبوون. دەعباکان لە قیژەقیژ نەدەوەستان... دەعباکان زاریان گەورە، کەڵبەیان تیژ و چەماوە. زمانیان درێژ و لە پەستا دەیانقیژاند.

شیلان چاوەکانی کرابوونەوە. ڕەنگی سپی و هەناسەبڕکێی پێ کەوتبوو. تینوو بەزمانی وشکەوە بەردەوام بەردی تێ دەگرتن. کەچی ئەوان باکیان لە بەردەفڕکێ نەبوو... قسەی پێ دەگوتن. کەچی ئەوان باکیان لە قسە نەبوو... لێیان دەپاڕایەوە تاکو بڕۆن. کەچی ئەوان نەدەڕۆیشتن و باکیان لە پاڕانەوە نەبوو... زیاتر هەڵدەبەزینەوە. چنگی ڕەشیان بۆ درێژ دەکرد.

– دەعبا سەرگڤنەکان بڕۆن... ئێوە ڤینتان لە من و لە باخچەکەیە. ئێوە ڕکتان لە گەڵای سەوزە!. ڕکتان لە گوڵی سوور و زەرد و گوڵی شین و گوڵی پەمبە و گوڵی سپیی باخچەکەمانە!... دەزانم دەعباکان، ئێوە پێتان خۆشە گوڵەکان پەڕەی یەکدی هەڵبوەرێنن. قژی یەکدی ڕابکێشن و بڕننەوە...... ئش ئش... لە دەوری خۆم و دایە و بابە و کەرەکەی باوکی شەوبۆ گەڕێن کە فرۆشتی... لە دەوری گوڵە شەوبۆ و ڕێحانە و هێرۆ و ساردۆنیا و هەموو ئەوای دی گەڕێن. ئێوە زۆر ناشیرنی و کرێشاوین. قژتان دانەهێناوە قژ ئاڵۆسکاوەکان. چڵکنەکان، پڵکنەکان، دەعباکان. یەع لە دەعبا. ئێوە وەک هار هەڵدەبەزنەوە و دەقیژێنن. دەمترسێنن دەعباکان. بەڵام من ناترسێم!...

گرمەیەکی لەپڕ ماڵەکەی هەژاند. گەردەلوولێک دووکەڵ و تۆز هەڵی کرد و هرووژمی هێنا. تەنەکە ژەنگ هاوردووەکان. هەرەسیان هێنا. تەق و هووڕی هەرەسهێنان و بەسەریەکدا کەوتنی دیواری تەنەکە خایاندی. هەراوزەناکەی بێزەوەرتر و ترسناکتر کرد. هەر لەو دەمەدا سەتڵێکی بەتاڵ کەوتە سەر لا و خل بۆوە... گەردەلوولەکە گوڵەکانی باخچەکە و هی ناو ئینجانەکانی هاورد و برد. ڕەنگەکان، سوور، پرتەقاڵی، زەرد، تێکەڵ یەکدی دەبوون. وەک گۆمی گێژ دەسووڕان. لەگەڵ شین و سپی و زیوین و شیری و نیللی و سەوز و پیرۆزەییدا، بەیەکدا دەچوون و لێک جودا دەبوونەوە. تۆز لەسەر پەڕەی گوڵ و پەلکە سەوزەکانیان دەنیشت.



شیلان وەک پەپوولە بەئاسماندا هەڵفڕی. لە بەرزاییەوە پەرداخەکەی لە دەست بەربۆوە. پەرداخەکە بەرلەخۆی کەوتە سەر زەوی و پەراش پەراش بوو. پارچە تیژ و بریسکەدارەکانی بوونە تۆوی حەوشەکە. شیلان کەوتە سەر زەوی. وەک پارچەیەک پەڵاس بەعەردەکەوە مت بوو. بەزۆر لەخۆکردن بۆ لای باخچەکە سووڕا.

– چیتە کچی باوکی؟ ئێستا ئاوت بۆ دێنم!

– ئاو بۆ گوڵەکان بێنە؟!

– کوێت زامدارە تاقانەکەم؟

– نازانم... بەڵام هەموو گوڵەکان... بە... خۆڵەمێشی دەبینم... ئەوە چیتانە... ڕەنگە جوانەکان؟... بۆچی دەفڕن؟... بۆچی بەجێم دێڵن؟... بۆچی تۆران؟... خۆ... من... خۆشم دەوێن!

لایەکی دەرگای حەوشەکە ئاوەڵابوو. شەوبۆ و دەرودراوسێ ڕژانە حەوشەکەوە هەر لەو دەمەشدا دایکی شیلان خۆی بەماڵدا کردەوە. کە پاپووچەکانی شیلانی دی هۆ لەوێ، لە دووری خۆیەوە کەوتبوون، زرم سەتڵە بەتاڵەکەی لە دەست بەربۆوە. زرەوزەنایەکی بێزەوەری لێ بەرزبۆوە و زرنگایەوە. بۆ لای شیلانی تەختی زەوی ڕای کرد.

– کوا کوێت زامدارە کچەکەم؟

– نازانم... فوودانە ڕەنگاوڕەنگەکان... بەرەو ئاسمان... هەڵدەفڕن... کەسک... شین... زەرد... پرتەقاڵی... سوور... ڕەنگەکان دووردەکەونەوە... دەتۆرێن... ئەوە... بۆچی... دنیا... لەبەر چاوم... تا...ریک... دە...بێ...؟!

ڕێبەندان 1995

# ملوانکەی ستیل

ئیستێکی بۆ بکە... کۆڵەکەت هەڵنێ و ئاگاداری بەرپێت بە. هەر سی کیلۆ دەبێ. بەڵام یەکسانە بە دوو کیسە ئارد، کە دەکاتە شەست کیلۆ ئاردی نانەوایی... پاییزەکەی پێ دەگوزەرێنی... ئێسک و پروسک یەک و پێنج بەئارد. کالآیەکی بازرگانیی بێ دەستمایەیە مەردان...

زمانێک بەلێوە بەبارەکەتدا بێنە مەردان. هەوراز کووڕ و لێوەکانت وشک هەڵاتوون مەردان. توند بیگرە و لەرەی بۆ مەکە. کەم جار دەتوانی وەها نێچیرێ ڕاو بکەیت... مێژووی بەجێمانی ئەم نێچیرە، یان ئەم ئەمانەتەی وا بەکۆڵتەوە بۆ دە ساڵێک بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە... ئەو حەلە جووتیارێک بووی نیشتەجێی دووز. بەرزترین چیای بەر سۆمات (جەوەڵی ئیمام عەلی) بوو، کە هیندە لە تەختی زەوی بەرز نەبۆتەوە... ئێستاش وای بەتەوقەنەی کێوێکی هەرە بەرزەوە... ئەو حەلەی ئەم کێوە بوو بەشەڕگە، ئەم نێچیرەی وا بەکۆڵتەوە، بەپێی خۆی گەیشتبووە ئێرە... بەداروبارەکەیدا دیارە کوڕێکی کۆک بووە. بەچی دەچێ و پاش چی؟... هەر چۆنێک بووبێ، هەر جۆرە چەکێکی لە شان بووبێ. خاوەنی هەر پلەیەکی سەربازیی بووبێ، تازە بەو چی؟! گرنگ ئەوەیە، ئێستا ئەو بۆتە کالآ و وا بەکۆڵی تۆوە... تۆی گەرمیانی، ئاوارەی ئەم چیایە و ئەوی خەڵکی (اصفهان)ی سەدان کیلۆمەتر دووری، ناو قووڵایی وڵاتێکی دی... هەر کارەساتی جەنگ دەتوانێ ڕێکەوتی وەها بخولقێنێ... ئەوی ئالوودەی جەنگ و تۆی ئالوودەی تێهەڵچوونێکی ڕەوا... کاتێ بەسینگی ڕووت و دەستی بەتاڵ و سەری گەرمەوە هێرشتان برد، ڕق و کینی تەمەنێک، تووڕەبوونی نەوەیەکتان بەچەند سەعاتێک بەتاڵ کردەوە... خۆشاوی سەرکەوتن بۆ ماوەی هەفتەیەک، بوو بەبزە و نیشتە سەر ڕوومەت و لێوی هەزاران... هەر تەنیا هەفتەیەکی خایاند و ئاوارە بووی... نە ساڵێک نە دووان. ئەوە چوار ساڵی ڕەبەقە ڕەهەندە و کۆڵ بەکۆڵی... خەونە ڕەنگاوڕەنگەکانت کاڵ بوونەوە و نەگەڕایتەوە. ئێستاش دەست تەنگ و هەژار نازانی چۆن بژێویی شەش سەر خێزان دابین بکەی.

ئەوا کۆڵەکەت هەڵنا و بۆ ئاستی شانت بەرزت کردەوە. لووتت بەهەورازەکەی پێشتەوە نا. بەکووڕە کووڕ، گاشەبەرد لە دوای گاشەبەرد، بنچک لە شوێن بنچک... قەتارەی دارەبەن، بەڕوو، مازووی زەلام زەلام جێ دێڵێ. ماندوو دەبێت و شەنگت لەبەر دەبڕێ. خشەی مارمێلکەی بۆر، قۆریی سەوز، بزنمژەی بۆربەڵەک و ددان تیژ...



خشەی دووررودرێژی کیسەڵی سست... چریکەی باز و سیرەی هەڵۆ بەئاسمانی بان لوتکەکانەوە، دەنگی سامناکی (هێ هێ کەرە) گوێت پڕ دەکەن... قاپاوێژ دەکەی. شەق لە بەرد و گڵمتک هەڵدەدەی. لەبن پێتا قرچەقرچ چیلکە و چەوێڵ ورد و خاش دەبن. تۆی گەرمیانیی پەڕیوەی ئەم چیایە، وەک سەربازی عارەبی هەڵەتەبووی چیا سەختەکان ڕێ دەکەی... تەواو وەک ئەو کوردە چیانشینەی نازانێ لەنێو زۆنگ و قامیشەڵانی باشووردا ڕێ بکات... نابەڵەد و سەرخۆش ئاسا، بەتەک بنە بەڵاڵووکی کورتەبنەی لقوپۆپ ئاڵۆسکاودا دەدەی... بەتەک بنە گوێژی سەر گڤنی باخەڵ پڕ لە گۆیژی چون شیلانی سووردا دەدەی. بنەگوێژی چڕی بارگران بەوردە گۆی زێڕ. بەپاڵ پەڵە ترشی گەڵا شیلاودا، بەپاڵ هەرمێ و هەنجیرە کێویلەدا ڕەت دەبی. گەڵاکانیان بێگەرد و بەبریقە. خاوێنیی ئەم درەختانە لە سۆنگەی چۆڵ و هۆڵی ناوچەکەوەیە مەردان. ساڵەهایە ئەم ناوچەیە ژیانی تێدا قەدەغە بووە و کاروانیش بێرەدا ڕەت نەبووە... ڕاوچی بەم لاپاڵەدا هەڵنەزناوە.

ئەم ڕێگە سەربازییەی بەگژ چیاکەدا چووە و ئێستا بەشێکی کوێر بۆتەوە، لەو شوختە دەچێ کە ڕوخساری کچێکی جوان دەلەوتێنێ...

ئەوا لە جەنگەی ئەم چڕە دارستانە دەرچوویت و بەری ڕوانینت فراوانتر بوو... سەرنج بدە مەردان. تانکی زنجیر پساوی ژەنگ هاوردوو. واز و لۆریی سووتاو. تایەی لە زەوی چەقیوی چرچ بوو. تایەی سووتاوی قلیش بردوو. کۆمەڵە گوللە هاوەنی کلک پەڕەکەداری ژەنگگرتوو. گوللە تۆپی بەجێماو... تواهوو خۆ ئەوە مووشەکێکی گەورەی خۆڵەمێشیی نەتەقیوە، تا ناوقەدی چەقیوەتە خاک و کلکی کردۆتە ئاسمان. خۆ ئەوە لانی کەم نیو تەن دەبێ!. ئەم چیایە گۆڕی بەکۆمەڵی ئامێرە سەربازییەکانە، کە دەڵێی لاشەی ڕەوە فیل و ڕەوە هێسترن و داڵ لێی داون. زیاتر لە دەوروبەرت وردبەرەوە تا لە نهێنییەکانی ئەم چیا کۆنە ساڵە شارەزابی. ئەوەتا...! ئەوە کۆنە هێلانەیەکی بچکۆلەیە. چەند باڵندەیەکی گێلە خودایە؟!. خۆ ئەوە لە سایەی تانکدا هێلانەی هەڵبەستووە؟!

***

هێشتا بەیان گزنگی نەدابوو، هێشتا چۆلەکە جریوەی تێ نەکەوتبوو، تۆ ڕاست بوویتەوە و لە کەرەڤانەکەت دەرچووی. لە (جەیران)ەوە تا (کۆچەر)، هیچ کامیان بەئاگا نەهاتن... ئەوان لە شیرین خەودا بوون، کاتێ لووتت بەم چیایەوە نا... کە ڕاپەڕیت، نانێکت تەڕکرد و ئاخنیتە گیرفانی شەرواڵەکەت. دەستت دایە گوێنییە کۆنێک و هەیپات لێ کرد. ئێستا کەس شوێن و هەتەرت پێ نازانێ. ئەمە سەری

چەندەم جارتە پەنا بۆ ئەم کارە دەبەی مەردان؟... لێوەکانت وشکتر دەبن. دەکۆکیت و لەپڕ کەروێشکێکی زەندەق چوو لەناو بنچکێکەوە حەوا کەوت. تۆ دادەچڵەکیت و سوورە کەروێشکێک هەر لەگەڵ چوارپەلی کەوتە زەوی، ئەو چیایە بەکۆڵەوە دەگرێت. دوای سێ چوار تەپاوتل هەڵدەسێتەوە. لە دوور قنچکەیەک دەکات و ئاوڕێکت لێ دەداتەوە.

«جاری پێشوو ڕێوی بەپیرمەوە هات، ئەمجارەیان کەروێشک!!»

بەپیر نوقلانەی شوومەوە مەچۆ و بۆ خۆت مەقرێنە مەردان. هەنگاو بنێ و چاو وردبکەرەوە. لەبان بەرد و تاوێرەکان جێ پێ بکەرەوە نەک لەسەر خاکە سوورباوەکە... ئارەقە، بنهەنگڵ، بناگوێ، چاڵایی سینە و ناوشانی تەڕکردووی. ئازار هرووژم بۆ ملت دێنێ. هەنگاوت شل دەبێ. دڵی پووزەکانت ئازاریان هەیە... سینەت تەنگ و هەناسەت سوار.

پەنجەکانت دەستی ڕاستت وەختە جەمام بن، هیندە زارکی گوێنییەکەی کۆڵت بگوشی. دڵیشت بەم کۆڵە خۆشە. نێچیرێکی چەورە... یەک و پێنج بەئارد... زیاتریش... سی کیلۆ ئێسک بەسەد و شەست کیلۆ ئارد... ئەگەر (فرامرز) نەبوایە لەکوێ و چۆن ئاردت پەیدا دەکرد؟!... ئەوەتا مەرگی جەنگاوەرێکی ئەسفەهانی بۆتە مایەی خێر بۆ خێزانێکی کوردی گەرمیانی. پێوەندیت بەکۆڵەکەتەوە، پێوەندیی خێزانێکە بەژیانەوە چ قەیدی؟...

هەن مس، فافۆن، ئامێر، بگرە مێژووی نەتەوەیەک ئەودیو دەکەن، تۆیش ئێسکە پەیکەر، کە هیچ شتێک بەم عەدوبوومەوە نایبەستێتەوە. دڵ لەدڵ مەدە مەردان. دەزانم ئێستا بیر لەوە دەکەیتەوە ڕۆحیانەتەکەی بەبان سەرتەوە دەفڕێ و دەخولێتەوە و ئاگاداری هەموو شتێکە. بەڵام ئەم کارەی تۆیش تەقەللایەکە بۆ ژیان. ڕەنگە ڕۆحیانەتەکەیشی پێی خۆش بێ. چونکە سبەی فرامرز دەبێتە خاوەنیماڵی خۆی. دەبێتە خاوەنی گۆڕ و گۆڕپچە و گڵکۆ و لە گومناوی ڕزگاری دەبێ، مرۆڤ تاکە بوونەوەرە شایانی گۆڕ و گڵکۆ و کێل بێ، کەچی فرامرز بێ گۆڕە. دڵاودڵ مەکە. ئەم شاردنەوەیەی تۆ لە شاردنەوەکەی قابیل بۆ هابیل جیاوازە. خۆ تۆ فرامرزت نەکوشتووە مەردان. بەڵکو ئێوە خەنیمی هاوبەشتان هەیە...

کاتێ ئێوە خوێن لە دەمارەکانتاندا هەڵچوو، کەللەتان گەرم داهات. ڕووتان کردە قەڵاکانی دەستەڵات لە دووز، دروشمتان چی بوو؟... بیرت ماوە مەردان؟ کەچی ئەو کارەی هەتبوو لە دەستت چوو. نانت لێ چۆتە کۆڵی شێر و (دووز)ی نیشتمانە چکۆڵەکەشت دۆڕاند و لە ئازادی بێ بەشی. برسێتیش ئەوپەڕی کۆیلایەتییە... پشت



بەگابەردێکەوە دەدەی و کۆڵەکەت دادەنێی... لەسەر زەوییەکە دادەنیشی. کڵاشە هەرزان بەهاکانت دادەکەنی و پەنجەکانی پێت دەجووڵێنی. پەنجەکانی دەستت دەگلۆفی. ئارەقەی بناگوێی گەرم ڕاهاتووت، هی گەردنی بەئازارت، بەسۆزەی شەماڵێکی فێنک کزر دەبێتەوە. تەزوویەکی سارد بەلەشتا ڕەت دەبێ. دەست لە چۆکان وەردێنی. پەنجەکانت تێک دەئاڵقێنی و لە خەیاڵەوە دەچیت...

سەرەتای هاوین بوو، کاتێ بەکۆڵەکەوە گەیشتیتە مەرزەکە. چوار خاکیپۆش بەپیرتەوە هاتن. بەرودوا بەشوێن یەکدا ڕیز ببوون. سلاوێکی سەربازییان داکوتا. هەریەکە و دەستێکی دایە چمکێکی گوێنییەکە، سەر گەورەکەیان فاتیحایەکی دادا و هەموو لێویان کەوتە جووڵە. دوای وچانێک، بەتۆمارێکەوە گەڕایەوە.

«کوا قرص-ەکەی گەردنی؟»

دەستت بۆ گیرفانت برد. بەزنجیرەکەوە داتە دەستی. هەتاو لەسەر (قرص)ەکە دەبریسکایەوە. لێی وردبۆوە و سلاوێکی لەوەی یەکەم جار قایمتری داکوتا.

«جێگەی بەهەشت دەبێ. فەرموو شوێن و ڕۆژی دۆزینەوەیم پێ بڵێ؟» دوو گونیە ئاردەکەت وەرگرت و بەرەو ماڵ بوویتەوە. ئەمجارەیش فرامرز بگەیینی، دەبیتە خاوەنی دوو گوێنی دیکە ئارد. ئەگەرچی دوای ڕابوردنی نزیکەی دە ساڵ، جارێکی دی شین و سینگ کوتان لە ماڵی فرامرز دەست پێ دەکاتەوە، بەڵام تۆ، فرامرز لە سەربازی ونەوە دەکەیتە شەهید. بۆ ئەو بنەماڵەیەش یەک چاوبوونەوە و دڵنیابوونە لە چارەنووسی جگەرگۆشەکەیان...

زۆر سەیرە، داروباری مرۆڤێک بدەی بەکۆڵتا خەڵکی وڵاتەکەی خۆی نەبێ... پێشتر نەتدیبێ و میانەت لەگەڵیدا نەبووبێ. نەیشزانی داخۆ ڕەشتاڵە بووە، سوور سپی یان سوورە؟... موو ڕەش بووە یان موو زەرد؟

چاوکاڵ بووە، چاوشین بووە یان چاوڕەش... تووڕە بووە، مەند بووە، یان کراوە و نوکتەباز؟... بەتۆپزی پێچاویانەتە جەنگەوە یان خۆبەخش بووە؟... ئەوەندە هەیە، بەتاپۆی ئێسکە پەیکەرەکەیدا، باڵایت بۆ مەزندە دەکرێت... ئەو ئێستا بۆتە کاڵایەکی بازرگانی... تۆیش ئاوارەی.

منداڵەکانت برسین و ئاردت مەبەستە. ئەوانیش قوربانییەکانی جەنگی هەشت ساڵەیان بەدوو گوێنی ئارد دەکڕنەوە. تۆ بۆ ژیان ئەم کارە دەکەی. ئێوە شەش سەر خێزانن. ئەی گوایە بە چی بەخێویان دەکەی مەردان؟

پێڵاوەکانت هەڵدەکێشی. فرامرز بەکۆڵدا دەدەیتەوە. لەلات مەبەستە بەوریاییەوە جێ بۆ هەنگاوەکانت بکەیتەوە... خۆشی لە خۆت، وا خەریکی بەچیاکەدا دێیتە خوار...

ئۆردوگای ئاوارەکان، کارەڤانەکان بەدیار دەکەون... ماڵە بێ دیوار و پاسارەکان... ماڵە بێ کۆڵانەکان، لە دوورەوە قارچک ئاسا هەڵتۆقیون... قارچکی بێ لقوپۆپ و تەمەن کورت...

زرنگ!!... زەنگێکی زەبەلاح لە بناگوێتدا دەزرنگێتەوە!. بەری ڕوانینتی داگیرکردووە... «سەر ڕەشەکەیە!!» چاوت وەک دووربین، پەڕەکە تیژە چەقۆ ئاساکانی دەهێنێتە پێشەوە. سەر ڕەشەکە (١) مەرگی زەردی پێیە بۆ ڕێبوارێکی هەڵەتە و کۆڵ بەکۆڵی وەک تۆ. «مین جارە!!» بەدەنگێکی بەرز ئەمەت وت و خۆت لێ بوارد. ئەگەر بڵێی تەنیا لایەکی بەدەرەوەیە. ئەوە چاوە تیژەکانی تۆیە، دەنا هەر کەسێکی دیکە بوایە ئێستا پێی لێ نابوو. تەواویش ببوو. لە شوێنی خۆت وشک وەستاوی. پاشەوپاش بەشوێن پێکانتا دەگەڕێیتەوە. نیگەران و هەراسان، بەلایەکی دیکەدا مل دەنێی... چاوەکانت کراوەن و دیقەت دەدەی. ئارەقەی ماندووبوون و هەستێکی نامۆ ڕوخسارتی بەلای زەردی دا، وەک ڕەنگی (VS - 50) نەخشاندووە. گوێت لە تەپوکوتی دڵی خۆتە. پاڵ بەگاشەبەردێکەوە دەدەی. کۆڵەکەتی لەسەر دادەنێیت. خۆشت لەسەر زەویی سوورباوەکە هەڵتروشکاوی. کلاشە بن لاستیکەکانت دادەکەنی... هەتاوی چێشتەنگاو ناتوانێ تاشە بەردەکە گەرم ڕابێنێ. بۆ ڕایەڵی داوە باریکەکان چاو دەگێڕی. بۆ تەنە مەرگ چێنەکان. بۆ تەنە لوولەیی و بازنەییەکان، بۆ ژێر بنچک و بن قنگلاشک و گەڵا پەنجەییە وەریوەکان. لۆیەکی پشتوێنە ڕەشەکەت دەترازێنیت و ئارەقەی گەردن و هەنیەتی پێ دەسڕی. خورپەیەکی لەپڕ بۆ هەناوت دزە دەکات: « تۆ بڵێی قرصەکەم ون کردبێ؟»

لەگەڵ ئەم خورپەیەدا، دەست بۆ بەرکی کراسەکەت دەبەیت. ئاهێکت تێ دەگەڕێ ملوانکە ستیلەکە دەردێنی. قرصەکەی پێدا شۆڕبۆتەوە. هێشتا دەچریسکێتەوە. سپی و سۆڵ، وەک ئەمرۆ فرامرز لە ملی کردبێ... دەیکەیتە ملی خۆت و قرصەکە لەسەر دەفەی سینگت لەنگەر دەگرێ...

دەوروبەر تاقی دەکەیتەوە. پێویستە چاوەکانت وەک چاوی باز، دەوروبەر دەیان جار بەگەورەیی ببینن... ئەوانەی دەجووڵێنەوە، ئەوانەی خۆیان لێ مات داوی، هەموویان لە دوورەوە بناسیتەوە. زۆری نەمابوو، تاوێک لەمەوبەر پێ بەمینێکدا بنێی... ورد دەبیتەوە. لە چاوترووکاندنێکدا دەستت دایە تاکە کلاشەکەت و خێوانتە ئەو دووپشکە شین باوەی چزووی نابووە سەر نەرەی شانی و بۆ ناو گەڵت دەهات. دوای تەپەیەک، تاکە کلاشەکەت بەرزکردەوە، بەڵام دووپشکەکەی لەبندا نەبوو. بۆت نەکوژرا. پێلاوەکانت هەڵکێشا و کۆڵەکەت بەپشت دادایەوە. لە گاشە بەردەکەی سەر شانی



سیزیف دەچێ، بۆت ناگاتە مەنزڵ. دەبێ ڕێ و ڕێ هەوراز ببیتەوە؛ ئەوەندەی دیکە پرزەت لێ دەبڕێ...

مینیش، دووپشک ئاسا نازانی لەکوێدا بۆسەی بۆ داناوی و پێتەوە دەدا. دووپشک هەندێ جار لەناو پێلاودا خۆی دەشارێتەوە. کێ دەڵێ لەهیکڕا مینێک لە بن کلاشەکانتدا ناتەقێتەوە. دووپشکیش کە پێوەدەدا، دەزریکێنێ، تەواو وەک مین کاتێ لەژێر پێی ڕێبواردا ناڵە دەکات. بەڵام هێمان تۆ هیچ کامیانت تاقی نەکردۆتەوە. هەردووکیان دوژمنن... بەسەد نق و جڕ سەر دەکەویتەوە. بەردەکەی سیزیفت بۆ ناگاتە مەنزڵ... ئەگەر چاوت لەخۆتەوە دەبوو؟... ڕوخسارێکی ڕەش داگیرساو و پرزە لێبڕاو. کاتێ ڕەوت کرد، تاڵێک مووی سپی لە سەرتا نەبوو. کەچی ئێستا سەرت بۆز. لووتت داژەندووە، هەندێ جار دەیدات لە بنچکەکان...

لەلایەکی دیکەوە بۆ خوارەوە دادەپەڕیت. بەچیاوە بازرەبووی. ماندوو، دەمارەکانی ملت وەک توولەمار دەرپەڕیون. بەم کۆڵەوە، هاتنە خوارەوەیش وەک سەرکەوتن دژوارە... چۆکت شل دەبێ، هۆپێکت لە خۆت زانی، دوو ڕێز (ڤالمارا)، وەک شەیتانی شاخدار، هەریەکە و بەپێنج چوکڵەوە لە پێشوازیتایە... دەوەستی... چاو ورد دەکەیتەوە تاکو بزانی داخۆ ڕایەڵەکان لەکوێوە دەست پێ دەکەن؟... چاو بۆ مێخە ئاسنینەکان ورد دەکەیتەوە. جارێکی دی بەجێیی خۆتا سەرەوژوور دەبیتەوە. ئەژنۆت شلە و دەلەرزی... لە دووری ڤالماراکان پاڵت بەدار بەڕوویەکەوە دا و بەدیار پەیکەرە ئێسکەکەوە کروسکەت کرد... دوێنێ شەوت دێتەوە بیر:

هەر زوو چرا نەوتینەکەی بان مێزە شڕەکە، بەشەوقێکی کزەوە، وەنەوزی بۆ چاوی منداڵەکان هێنا. (جەیران)یش لەسەر لا، ڕووەو چراکە هەلاژاوە. پێخەفی بەسەر خۆیدا نەداوە... جەیران، ئەم ڕەو و کۆچبارە لە زیدی باپیرانی هەڵی نەکەندایە، هەژاریی چۆکی لە بان کۆڵەی سینگی دانەدایە، کچۆڵەیەک بوو بۆ خۆی. ئێستاش بەلەشولار و ئەندامی ڕێکی، بەچاوە گەشەکانی، ئەو مەمکانەی کە بەبان سینگە هەراشەکەیەوە چەتریان هەڵداوە و لە یەخەی کراسەکەیەوە درزی نێوانیان دیارە، لە جووتێک کۆتری سپیی هەڵکورماوی بەربەرۆچکە دەچن و بانگی پەنجە تینووەکانت دەکەن. کەپووی کوڵ. ڕیزە ددانی سپیی بەتەنکە لێوی پەمبە داپۆشراو. پرچی خورمایی بەبریقە. سمتێکی تورت و ڕانی گۆشتن. پێی بچووکی بەپاژنەی خڕ. دەستێکی ناوەتە ژێر ڕوومەتی و ئەوی دیکەی تا سەر ئەستوورایی ڕانی درێژ کردووە. پرچی ڕژاوەتە سەر دۆشەکەڵەکەی ژێری... شەوقی چراکە نەخشی خۆی لەسەر لەشولاری وێنە دەکێشێ. کراسە ئەرخەوانییەکەی ناتوانێ شێوەی شیرینی ئەندامەکانی لەشیت لێ بشارێتەوە.

تۆی شارەزا لە دوا ئەندامی لەشی جەیران. شوێنە زەقەکان ڕووناک، گۆشە مردووەکان و چاڵیی نێوان چرچولۆچەکان تاریک... سێبەر و ڕووناکی لە نێوان خۆیاندا سنووریان کێشاوە. لەگەڵ هەناسەداندا، جووڵەیەکی ئەفسووناویی بەردەوام لە نێوان چاڵایی کەمەر و بەرزایی سینگیدا شەپۆڵ دەدا. ناخت دەخرۆشێنێ و ئارەزووە مەتبووەکانت بەئاگا دێنێ.

چاوێکی پێدا دەگێڕی. لە دەستەکەی ژێر ڕوومەتییەوە تاکو بنی پێ بەوردە درز و ڕەش هەڵگەڕاوەکانی... لە ناوەڕاستی ژووری کەرەڤانەکەدا دەوەستی. چاوێک بەمنداڵە لاواز و لەجەرەکانتدا دەگێڕی. هەموویان کفت، لاڵ و پاڵ درێژ بوون. لەگەڵ ئەوەشدا بەدەنگە گڕەکەت بانگیان دەکەی:

«ڕەحمەت لەوەی ئەم هێشووە ترێیە دەخوات؟!»

کەس سەر هەڵنابڕێ. بەدەنگێکی هەراشتر دووبارەی دەکەیتەوە. کەسیان مووشیان پێ نابزوێ. بەلۆقێک دەگەیتە چراکە... کزتری دەکەیت و لەپاڵ جەیراندا درێژ دەبی. هەناسە دەنێی بەهەناسەیەوە. پەنجەکانت بەناو قژە خورماییەکەیدا دەگێڕی. کەچی ژنی تاین دەستەکانی بەرز دەکاتەوە. زاری دەرەوێنێتەوە. بەدەم باوێشکێکی قووڵەوە دەڵێ:

«وەختی نییە... وەختی نییە!»

«وەختێتی... هەموویان نوستوون!»

دەست بۆ دامێنی کراسەکەی دەبەی. کرژ دەبێ. خۆی سێ قەد دەکات و ئەژنۆکانی دەقرسێنێتە سینەیەوە. هێشتا چاوەکانی هەڵنەهێناوە دەڵێ:

«لە هەوا و هەوەسی خۆت ناکەوی!»

«جەیران گیان ئاخر...»

لە دەمت وەردەگرێتەوە. بەچپەیەکی تووڕە و بیستراو لەسەری دەڕوات:

«ماڵەکەت جوانە... هێلکەیەک ئاردمان لە ماڵدا نییە. بزانە دەتوانی نانە وشکەکەشیان بۆ پەیدا بکەی؟!»

***

دەست بۆ یەخەی دەبەی. هێشتا ملوانکە ستیلەکەت لەملدا ماوە. فرامرز بەکۆڵدا دەدەیتەوە. لە قۆڵێکی دیکەوە سەرەوخوار دەبیتەوە. تۆ ئێستا لەسەر پشتی مێن شایی دەگێڕیت و بەخۆت نازانی. لۆژلۆژ دادەگەڕێیت و ئەژنۆت شل دەبێ... لە خۆت دەبیتە دووان:



«کۆڵەکەت تووڕ هەڵدە و بەسەڵتی برۆ؟»

«جا چ جیاوازییەک هەیە؟»

«کۆڵەکەت شوومە، تۆ ئێسکی مردووت بەکۆڵەوەیە!»

«نەداریی شوومترە!»

«هەتیو مەردان، بابایەکی وەک تۆ گەرمیانی، نامۆ بەم چیا و چجوردە، نە وانەی مین هەڵگرتنەوەت خوێندووە، نە میندۆزت (کاشفە) پێیە. ئێستا لە مینجاڕێکدای، لە هەر چوار کەنارەوە مەرگ شالاوت بۆ دێنێ و زمانت لێ دەردەکێشێت، چۆن ڕزگارت دەبێ؟»

«لەسەری مەڕۆ گەوجە. منیش حەزم لە شوێنی گەرم و نەرمە. حەزم لێیە منداڵەکانم ئاوریشم بپۆشن و لەسەر تووکی قوو بنوون. پێم خۆش بوو بەلیقەلیق و پێکەنین دەرودراوسێیان بێزار بکردایە. بەڵام خۆت ئاگاداری، ژیانم ناڕوات. دەتۆ کارێکم بۆ بدۆزەرەوە با بیکەم؟»

«بگەڕێوە دووز. بچۆوە بۆ لای باخە سەوزەکەت!»

«ناگەڕێمەوە. بەسەری شۆڕەوە ناگەڕێمەوە. بیرت چوو؟... هەفتەیەک کوڕێنیم کرد. هەفتەیەک ژیام. ئەو هەفتەیە چێژی تەمەنێکی هەبوو. هەفتەیەک خاوەنی خۆم بووم. ئێستاش چۆن بەسەرشۆڕی بگەڕێمەوە؟ من و کاری چرووک؟ بگەڕێمەوە باخێک دەبەمەوە، بەڵام ماندووبوون و بەردەڵبەردی چوار ساڵم دەدۆڕێنم.»

«ئێستاش دۆڕاندووتە. هەموو مەردانەکان دۆڕاندیان. کردەی ئێوە و بردەی نامەردان بوو مەردان!»

«نانا... من ئاواتی گەورەم لە دڵدایە.»

«باشە تۆ ئەم کارەی ئێستات بەڕەوا دەزانی؟»

«ئا... بەڕەوای دەزانم، ئەگەرچی ئەم جۆرە سەودا و مامەڵەیە، بۆ یەکەم جار لەم ناوچەیەدا پەیدا بووە!.»

«مەبەستم ژیانی خۆتە. تۆ ئێستا لەنێو مینجاڕدای. دەزانی ئەگەر مینێک لەژێر پێتا تەقییەوە چیت بەسەردێ؟!»

«دەزانم!... لای کەم لاقێکم دەپەڕێ و دەبمە مەردانە یەکلاق.»

«ئەی ئەگەر بەیەکجاری لینگت لێک ڕەواندەوە و قوونت کردە ڕەشەبا؟»

«تۆ خۆش!. خۆم داوەتە دەست چارەنووسی نادیار! خۆ لە خۆشیاندا لووتم بەم چیایەوە نەناوە. دەرەتانم نییە.»

«ئەدی وردیلەکانت؟... ئەدی جەیران؟... جەیران هێشتا بەبەرێوە ماوە. خودا بۆ خۆی دەزانێ چی بەسەردێ!... لەوانەیە شوو بکاتەوە!!»

«بەجارێک پێت لێ هەڵبڕی. نامەوێ چیدی گوێم لەم چەڵتە چەڵتە بێ!»

«تۆ لەسەر تیژایی دەمەگوێزان سەما دەکەی. ها ئێستا، ها تاوێکی دی مینێک لەژێر پێتا ناڵە دەکات. لەشت توێ توێ دەکات و تۆزت بەئاسماندا دەبات. هەر بەکەوتنت داڵە برسییەکان، گورگ، چەقەڵ و پشیلە کێوی تێت دەمرووکێن و دەتکرێننەوە. ئەوجا بۆ کرم و مێروو جێت دەهێڵن!؛ ڕەنگە ئەو قرصەی ملت، گەردنی دیکەش ببینێ!... لەوانەشە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئارامی باڵ بکێشێ، ئەم چیایە لە مین پاک بکرێتەوە. ئەو حەلە لە ڕێوڕەسمێکدا وەک فرامرز تۆیش بکەنەوە بەودیودا. جا ئەوسا دایکە پیر و باوکە پیری فرامرز، ئەگەر لە ژیاندا مابن، گەرمەشینت بۆ بگێڕن و ڕۆژانی هەینی لە غەریبستانی گەورەی (اصفهان) بێنە سەر گۆڕت. خێر و خێراتیشت بۆ بکەن. مەردان تۆ هیچ پسوولەیەکت لە بەرکدا نییە تاکو بەهۆیەوە بتناسنەوە. ئەوەی نیشانە بێت و تۆی پێ بناسرێتەوە تەنیا ئەو قرصەی ملتە، کە بەملوانکە ستیلەکەوە شۆڕبۆتەوە. ئەو ملوانکەیە بۆتە تەوق و چۆتە گەردنت. دوای ساڵێکی دی ئێسک و پروسکت تەواو دەپووکێتەوە و وشک هەڵدێ. هەر هێندەت دەمێنێتەوە کە ئێستا وا بەکۆڵتەوە. وەک هەموو ئەو ئێسکە پەیکەرانەی بەم چیایە وەربوون... جا ئەوسا جەیران نازانێ کوێت بۆ بگەڕێ. کە لە ماڵ دەرچووی بەکەست نەوت و ناونیشانت جێ نەهێشت مەردان.»

«خۆ من ئێستا بەزیندوویی ئاوارەم. ئیتر چی تێدایە ئەگەر ئێسک و پروسکیشم ئاوارەبێ!»

«دەبیتە مەردانی گۆڕغەریب!»

«قیروسیا. کە سەر لەوەدایە مرۆڤ لە ماڵی خۆیدا ئاوارەبێ. ئەمەیان سەختترین غەریبییە... مرۆڤی وەک من باکی لە دوورە وڵاتی نییە، جا بەمردووییش ئەوە هەر هیچ... پێم ناڵێی بۆ قسەیەکی خێر بەسەر زارتا نایەت هەی کوندەبووی شووم؟»

«ڕاستیت پێ دەڵێم مەردان.»

«لەوە زیاتر لەسەری مەڕۆ مەردان، دڵم بەبەرێوە نەماوە!»

«یاخوا بەپێی خۆت و بەدوو گوێنی ئاردەوە بۆ کەرەڤانەکەت بگەڕێیتەوە. ئە مشەویش لەگەڵ جەیراندا تێکخزێن... ئەوا بێدەنگ بووم. قڕوقەپ!»

***



شەنگت لەبەر بڕاوە. شەتڵی ئارەقەی. لەگەڵ ئەوەشدا ملانێ لەگەڵ مەرگدا دەکەیت. بەوریاییییەوە جێ پێ دەدۆزیتەوە. ورد دەبیتەوە. هەست ڕادەگری. وەک زەلیل چۆن هەتا لە جێ پێ دڵنیا نەبێ قورسایی ناخاتە سەر لاقی و هەنگاو هەڵناهێنێ. بەڵام مەردان چاو وردکردنەوە جێگەی میندۆز (کاشفە) ناگرێتەوە. تۆ دەتەوێ لووتەپێ و چاو لەبری دەزوولە شاخی هەستکردنی مێروو بەکاربهێنی و دەوروبەری پێ تاقی بکەیتەوە... نا... مەردان نا... هەستت چەند زیندووبێ، تەنیا ئەو مینانە دەبینی کە بەسەر زەمینەوەن.

ئەوانەی ژێر زەوی، ئەوانەی وا گیایان لەبان ڕواوە، نایانبینی. ئەوانیش خاکین مەردان.

دەڵێی پێ بەهێلکەدا دەنێی. تاقتاقکەرە دەنگی دێ. هەڵۆ سیرەی دێ... دار کونکەرە درێل ئاسا، لێکدا لێکدا قەدی درەختێک کون دەکات و تەق و هوڕێتی. چۆڵەوانییە چۆڵەوانی... گێژەڵووکەیەک ڕووی تێ کردووی. پووش و پەڵاش و قنگلاشک بەرەو ڕووت دێن. خۆڵی ئەم چیایە ڕەنگی خوێنی گرتووە و دەڕژێتە چاوت. بیناییت لێڵ دەبێ. لەگەڵ وژەوژی بایەکەدا فیکوهوڕ دەبیستی. هەبێ و نەبێ، ئەم فیکەفیکە لە گزگل و مازووی چەند ساڵەی کون تێبووەوە هەڵدەسێ، کاتێ بەرەو ڕووی تەوژمی بایەکە دەبنەوە... سوێسکەیەک سەرەوخوار لە فجووقی دا... دڵت ختوورەی پێدا دێ و ڕادەپەڕی...

باوەڕت بەسینەما نەبێ... درۆ دەکەن کاتێ کوڕە پاڵەوانی فیلمی جەنگ بەسەر میندا دەکەوێ. لەگەڵ هەوای مۆسیقایەکی ترسهێنەردا وشک دەوەستی، مینەکەش وا لەژێر پێیدایە. دوای ئارەق ڕشتن و وریاییییەکی زۆر، کە هەناسەی بینەر دەتاسێنێ، قەمەکەی لە کەمەری دەترازێنێ. مینەکە لەسەرخۆ بنکۆڵ دەکات و بەتاڵی دەکاتەوە. یان تا دەستی دەگات تووڕی هەڵدەدا و خۆی بەزەویدا دەدا... لە دوور مینەکە ناڵە دەکات و دوای کەمێک، کوڕە پاڵەوانی فیلمەکە لەنێو گێژەڵووکەی تۆز و خۆڵدا، زرپ و زیندوو، هەڵدەسێتەوە و خۆی دەتەکێنێ. وەک نە بای دیبێ و نە باران ڕەت دەبێ... درۆیە مەردان گەرمیانی. مین ئەگەر پێت لەسەر دانا دەتەقێت و هیچ چارێکی نییە... مینی (VS - 50)ی ئیتالیایی بەکێشی تەنیا شەش کیلۆ دەتەقێ. (PMN)ی ڕووسی، ئەوەیان کە خەڵکی ئەم ناوچەیە (دوو گوێچکە)ی پێ دەڵێن بەکەمتریش. مەردان تۆ بۆ خۆت و کۆڵەکەتەوە نەوەد کیلۆ زیاترن. کەواتە نەک هەر دژەکەس، ئەگەر پێ لە مینی دژەتانکیش بنێی دەتەقێ و فیلمی ژیانت لێرەدا و بەتراجیدیا کۆتایی دێ و دەبی بەتۆزی بانان. باوەڕت بەفڕوفێڵی سینەما نەبێ مەردان.

دڵۆپێک ئارەقە لەسەری لووتتەوە دەتکێتە زەوی. گوێت لە قوڕەقوڕی زگی خۆتە. لێویشت توێژاڵێکی سپیی لەسەر نیشتووە. مرۆڤی تینوو وشکەجای پێ ناکرێ. با بگەیتە سەر کانیلەیەک، ئەوسا بیر لە ناشتا بکەرەوە.

لە ناکاو کولەفڕەیەک، بەدەنگی ڕەقی باڵەکانێوە تووشی ڕاچەنینت دەکات. ئەو بەزەوییەوە دیار نەبوو، بۆیە فڕینەکەی ڕاپەڕاندی... پێت دەکەوێتە سەر وردە زیخ و لاقت دەردەچێ. بەپشتا ڕەهێڵ دەبی. سەرەوخوار دەخزێی. ئێسک لەناو شان و قەبرغەت گیر دەبێ. قرچ و هوڕی ئێسکەکانی کۆڵت ویژدانت ئازار دەدەن. بەنق و جڕ هەڵدەسیتەوە... پشتت ژانی هەیە. پێدەچێ سمتت توێخێکی چووبێ. چۆن کڵاوکوڕە سەر دەرخت ناکەوێ، تۆی گەرمیانیش ڕانەهاتووی سواری پشتی چیا ببی... ئای دنیای بێ بەینەت. لەوانەیە ئەمجارەیان ئەو سەرە پڕ شۆڕ و دڵەپڕ لە ئاواتەت، ئاواتی گەڕانەوە بۆ دووز نەبەیتە دواوە... جوان دێتەوە یادت. دەڵێی ئەمڕۆیە. بانگهێشتی شایی کرابوون. هەڵپەڕکێی کێژان، کە خۆیان لە تەل دابوو... سەر بەتەنتەنە و نیوتەنە و دەرزیلە، وەک نەرمە شەپۆلی بەر خۆرەتاو دەجوولا. دوایی وردە وردە دەبووە کەروێشکەی تەبارە گەنمی پاش باران و نیان و نەرم دەڕۆیی. کیژێکی سەرتاپا وەنەوشەیی لە گەڕی شاییدا دەهەژا. خەون و خەیاڵتی لە دەور ئالا. سەرنجت لەسەری بوو. چاوت لێی نەدەبۆوە و نیگاتان تێکدەئاڵقا. وەختا بوو کامی بۆ بکەی. کە گەڕایتەوە بەدایکت وت: «ئیلان و بیلان کچە وەنەوشەییەکەم ویستووە و دەمەوێ!» ئەو ڕۆژە جەیرانی ئامباڵا وەنەوشەیی، پرچە خورماییەکەی دەڕژایە سەر چاوی. وەک گومێکی ڕوونی بەدرەخت پەرژین چۆن تیشکی خۆری تێدا دەشکێتەوە و لە نێوان قەدی درەختەکانەوە چاوچاوانێ لەگەڵ ڕێبواردا دەکات، ئاوها لە نێوان تاڵ تاڵی قژە پەرێشانەکەیەوە بریسکەی چاویت دەدی. شەپۆلانی کەمەر و بەرزبوونەوەی سینگ و بەرۆکی کەمێک دیاری، لە تافی هەڵپەڕیندا، ئەفسوونێکی دەڕژاندە هەناوت. ئێستاش بیرت نەچۆتەوە. لە پاپووچی وەنەوشەییدا، پێیەکی بەرز دەکردەوە و ئەوی دیکەی نەرم نەرم دەدایەوە بەزەوییە تەختە ئاوڕشێن کراوەکەدا.

گرم...!! ئەوە مینە لەژێر پێتا ناڵە دەکات. چی تەیروتواڵی ئەو لاپاڵە هەیە نەترەیان دەچێت و هێلانەی خۆیان جێ دێڵن. ئەوە مینە لەژێر پێتا دەتەقێتەوە. گیانلەبەرانی چوارپێ، هەندێ دەخزێنە کونەوە. هەندێ وەک ئاسکی برابرا دەڕەونەوە و جێ بەخۆیان ناگرن. گورگێکی خۆ لەناو بێشەدا مەڵاسداو زیت دەبێتەوە و هەست ڕادەگرێ. ڕووەو شوێنی تەقینەوەکە دێ باڵا زەلامێک حەوات دەخات... مەردان تۆ ئێستا بەحەواوەی. هەر بەو خێراییەی حەوا کەوتی، دەگەڕێیتەوە سەردەمی منداڵی و لەوێوەوە بروسکە



ئاسا گەشتێکی دیکە بەسەفەرنامەی ژینتا دەکەیتەوە.

«توخوا دایە گیان نوقورچم لێ مەگرە... ئیتر بەقسەت دەکەم. ئۆف!!... نەختێ هێواش، لفکەکە بریندارم دەکات.»

«بێدەنگ بە بۆنی کەری تۆپیوت لێ دێ. مانگێکە ئاو بەر لەشت نەکەوتووە. با بتشۆم؟!»

«ئاخر نوقورچم لێ مەگرە... لە دەورت گەڕێم دایە گیان. کەف دەچێتە چاوم... با چاوم بەدەرەوە بێ!»

***

«بەخوا بابەگیان خەتای من نەبوو، ئەو لەپێشدا پەلاماری دام. شاپێکی لە دوڕ قوونم دا ئەوجا دەستم لێ کردەوە.»

«وسبە هەتیوە زۆڵە. تۆ سەری ئەوت شکاندووە. کار وا بڕوات هەموو دراوسێکانم لێ دەڕەنجێن.»

***

«مەینێرەوە بەرخوێندن، با کاسبی بکات.»

«نایینێرمەوە. بەدوو ساڵ پۆلێک دەبڕێ، مەردانە تەمەڵ!»

***

هەڵسە مەردان درەنگە. دەڵێی سەپانیت بۆ کردووین. هەڵسە نۆرە ئاومانە. پەڵە تەماتەکە وا خەریکە وشک دەبێ.»

«نەتانهێشت خەو بچێتە چاوم. هێشتا دنیا تاریکە، ئەم پەلەپەلەتان لە چییە؟»

***

پەنجەکانی پێی ڕاستت لێک دەترازێن و شی دەبنەوە، کاوەکاوی برین. بۆکڕووزی گۆشت و مووی پووزت تێکەڵ دەبن. هەر بەئاسمانەوە دەستت لە زارکی گوێنییەکە بەردەبێ. گوێنی و شەرواڵەکەت ونجڕونجڕ دەبن. جامانەکەت بەحەواوە ڕێ ڕێ دەبێ و لەنێو گێژەنی گەردەلوولەکەدا لوول دەخوات و بەچلۆسکی دارگوێژێکەوە دەگیرسێتەوە. وەک تەرازووی پەت پچڕاو لەنگەرت تێک دەچێت و زرم دەکەوێتەوە زەوی. دەنگی دڵت دێ... کەللەی فرامرز، بڕبڕاگە، لوولاق و پەراسووەکانی لە تۆ زیاتر بەئاسماندا دەچن. هەر پارچەیەک دەکەوێتە کەلەبەرێک و دەبێت بەئاردی ناو دڕک. لە دابەزیندا تۆپی سەری بەسەر مینێکی دیکەدا دەکەوێت. ئەویش کڵپە دەسێنێ. کاسەسەر جارێکی دی حەوا دەکەوێت. بەوردوخاشی بەئاسماندا بڵاودەبێتەوە، پاشان دەبێتە

تۆوی ئەو لاپاڵە. ئەم تەقینەوەیە سەرەوخوار تل بەتۆی کەلەلا دەدات... بەردە نووک تیژەکان، گلمتک، چیلکە، دڕک و دەوەنە سەرگڤنەکان دەتکوتن. دەچەقنە جەستەت. پارچەی مین و زیخ، سەدان وردە کونیان تێ کردووی. شوێن کونەکان شین هەڵدەگەڕێن. ڕوخسارت وەک بێژنگی لێ هاتووە. زار و لووتت پڕ خۆڵە سوورە بوون. کاسەی چاوت پڕ وردە بەرد و خۆڵ بووە و، چاوەکانت ئاوساون و خوێن دەدەڵێنن. ڕوخسارت بەجۆرێک شێواوە، زەندەقدار زەندەقی لێت دەچێ.

«ئیللان و بیللان کچە وەنەوشەیی یەکەم ویستووە و دەمەوێ. بۆ نەهێنن ئەو سەرهەڵگرتنەی سەرم هەڵگرت ئیدی چاوتان بەچاوم ناکەوێتەوە.»

***

«خەنجەر بەقەد، چەقۆ بەدەست، تفەنگ لە شان، با لە ماڵ بێنەدەر. ڕۆژێکە و ئەمڕۆ.»

«ئەوە لە مزگەوتەوە بانگەواز دەکەن... جەیران، کوا خەنجەرەکەی باپیرەم؟... ڕاپەڕین گەیشتە دووز!»

«با مەردان بچێتە ژوورێ و قسەی لەگەڵدا بکات.»

«خۆم تێی دەگەیێنم.»

«خۆت دەزانی چ قیامەتێک هەڵساوە! یان دوامان کەوە یان تفەنگەکانمان بدەیە، کوڕگەل لە دەرەوە چاوەڕوانی وەڵامن!»

«مەردان، نابینی وا خۆم کۆدەکەمەوە. لەگەڵتانم. با کوڕگەل بێنە ژوورێ.»

***

«لە هەوا و هەوەسی خۆت ناکەوی.»

«جەیران گیان ئاخر...»

«ماڵەکەت جوانە... هێلەکێک ئاردمان لە ماڵدا نییە. بزانە دەتوانی نانە وشکەکەمان بۆ پەیدا بکەی؟»

***

تل دەخۆی. بەسەر مینێکی دیکەدا دەکەوی. لە گرمە و ناڵەی ئەم ئەشکەوت بۆ ئەو ئەشکەوتی دەسەنێتەوە. ئێستا سێ گێژەڵووکەی سووری تێکەڵ بەدووکەڵ بەم لاپاڵەوە هەڵیان کردووە. لە دوورەوە دەبینرێن. کونجرە دەخزێتە بێخی قژە خۆڵاوییەکەت. تاڵەکانی قژە خۆڵاوییەکەت وەک دڕکی ژیشک ڕاساون. تیتۆڵی کراس و شەرواڵەکەت بەشەخەڵ و دڕکەزی و بنچکە گڤنەکانەوە عاسی دەبن. لە چاڵێکدا کفت جێ بەخۆت



بگرە ئێستا جەیرانیش بێتە سەرینت ناتناسێتەوە. بۆرە گورگێکی زەلام بستێک زمانە سوورەکەی دەرکێشاوە، لیکی لێ دەچۆڕێ. لێت زیت دەبێتەوە. چاوەڕوانە بەتەواوی سارد ببیتەوە و لمۆزت تێ بژەنێ. چەقەڵ و پشیلە کێوی بەماتەمات لێت دێنەپێش. تەنوورەی داڵ، بەقوبەی شینی ئاسمانی بان چیاوە چەرخەیانە. مایتەوە سەر لاشەیەکی بێ جووڵەی سارد. ملوانکەیەکی ستیلت لە گەردنە، قرص تۆزاوی. ئەی فرامرزی درویشی بزرگمهر، تیپی چواردەی زرێپۆشی اصفهان، B+.

ڕێبەندان/ 1995

(١) خەڵک ناوی تایبەتییان لە مینەکان ناوە. بە (VS - 50) دەڵێن: سەر ڕەشەکە. بە (V 69) دەڵێن: شاخدارەکە. بە (PMN) دەڵێن: دوو گوێچکە. بە کلایمۆر دەڵێن: تەلەفزیۆنەکە. بە (VAR - 40) دەڵێن: مەمکەمژە... هتد.

* ڕامان، ژمارە (١٣)، ١٩٩٧.

تەواو

## ناوەرۆک


ئەدیداس ........................ 5
هینۆکراسی ........................ 6
کارەسات ........................ 7
پیاوێکی گەنمڕەنگ ........................ 9
تەنەکەی خۆڵ ........................ 11
ئەنگوستیلە ........................ 13
حیزبی زستانە ........................ 16
هەواڵێکی گرنگ ........................ 20
ساڵح شایەر ........................ 26
ئەسپی پیرۆز ........................ 30
بێشکە........................ 35
قەلەڕەشەکان ........................ 40
دابەزین بەرەو لوتکە ........................ 46
تونێلە ڕووناکەکانی شەو ........................ 53
ڕاپۆرت ........................ 59
جوبرائیلی پێخاوس ........................ 65
بەفری سوور و تەقە لەبناری چیا ... 72
بەخۆدا شکانەوە ........................ 79
سلێمانی بە کەپیتاڵ ئێس ........................ 85
گەمەی گەمۆزەکان ........................ 93
شیلان و دەعباکان ........................ 101
ملوانکەی ستیل ........................ 115